کورد و سینەما

کەریمۆک

کتێب: کورد و سینەما
نووسەر: کەریمۆک
جۆری کتێب: بابەتی سینەمایی
وردبینی: دلۆڤان حسێن
تایپ و دیزاینی ناوەوە: نووسەر
دیزاینی بەرگ: فەهد شوانی
چاپ: بەڕێوەبەرایەتی
چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر
تیراژ: هەزار قل

پێشکەشە بە ئەوان
کە گریێم دەدەنەوە بە ژیان

# ئەنفال و سینەما
# لە کوێ دەبنە دوانە..
# لە کوێ جیا دەبنەوە..

بێگومان قسەکردن لەسەر ئەنفال جۆرێک لە پسپۆڕی و ئاگایی دەوێت، چونکە لەوە گوزەراوە ئێمە بتوانین بە گشتگیری قسە لەسەر جینۆساید و ئەنفال یا هەر بابەتێکیتر بکەین، بە تایبەت کە ئەنفال پرۆسەیەکی سەراپاگیر و فرە ڕەهەند بوو بۆ قڕکردن و لەناوبردن و سڕینەوەی میللەتێکی بندەست، کارەساتێکە لەناو ویژدانی ئێمە و لەناو ویژدانی مرۆڤایەتیدا زیندووە و نامرێت.

ئەمڕۆ ئەنفال بۆتە شوناس، هەم بۆ تویژینەوە لەمەڕ بەعسناسی و ئاستی ستەمکاری، هەم بۆ ناسینەوەی مێژووی چەوساندنەوە لەم ناوچەیەی پێی دەگوترێت عێراق.

کاری ئێمە قسەکردنە لەسەر ئەنفال کە چۆن و بە چ ئاستێک لەنێو ئەدەب و هونەری کوردی (بە تایبەتی سینەما) بەرجەستە بۆتەوە؟ یاخود لەناو کام کایەی هونەریدا زۆرتر بۆتە مایەی هەڵوەستەکردن، ئایا هونەر و ئەدەبی ئێمە کەی دەتوانێ لە ئاست گەورەیی ئەم کارەساتەدا شاکاری گەورە بخوڵقێنێ..؟! ئایا کارکردنی هەردوو کایەی ئەدەب و هونەر لەسەر پرسی ئەنفال لە ئاستی پێویست دایە؟ دەشێ بپرسین ئەنفال لە ڕێی زمانی هونەرەوە لە لۆکاڵ دەرچووە و گەیشتۆتە دەرەوەی خۆمان؟

شاراوەنییە لەو ساتەی پرۆسەی ئەنفال بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەستی پێکرد و بەعس دەسەڵاتی بەسەر هەموو کونجێکی ئەم ژیانەدا کێشابوو، لە هەمانکاتدا ئەگەر بە لاوازیی و پچڕ پچڕیش بووبێت، نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بەو تاوانانە داوە، لە نێو چامەی شیعری و تێکستە شانۆیەکاندا ئەوە بەرجەستە کراوە، ئەگەرچی ئەو ئاماژە پێدانە لە ڕێی بەکارهێنانی زمانی سیمبولەوە

بووه و ڕەنگە ئەمەش لە ئاستی گەورەیی ئەو کارەساتەو ناسینی کارەساتەکەدا نەبوو بێت، من پێموایە لەبەر فراوانی و قەبارەی کارەساتەکە تا پەنجا ساڵی تریش نەتوانین ئەنفال لەناو پرۆژەی هونەری و سینەمادا تەواو بەرجەستە بکەینەوە، چونکە خودی بزافی هونەری سینەما لە کوردستان هێشتا لە قۆناغی بەرکەماڵ و جێگیر بووندایە".

دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە تەمەنی سینەما لە دونیادا هێشتا سەد و هەژدە ساڵی تێپەڕ نەکردووە، لە کوردستانیش هێشتا ئەو هونەرە لە دەسپێکی هەنگاونانی دایە، هێشتا ئەو ڕەوتە ناجێگیرە و لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوام دایە، بە بەراورد بە لایەنەکانی ئەدەب و هونەر و مەعریفە، چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دونیا سینەما هونەرێکی زۆر تازەیە، بەڵام وەک دەبینین بەخێرایەکی سەرنجڕاکێش جێگەی خۆی کردەوە، ئەمەش بەهۆی فراوانی و ڕاستەوخۆیی ئەو کاریگەریەی کە لەسەر بینەر دروستی دەکات، بێ جیاوازی زمان و ڕەگەز و تێگەیشتنەوە، چونکە سینەما هونەری لاڵ و بێدەنگانە، هونەری هەموو گەلان و هەموو ئاستەکانە، تەنها ئەوەی بتوانێ ببینێ لێی تێدەگا، لە منداڵێکەوە تاوەکو مرۆڤێکی پێگەیشتوو، واتا سینەما هونەرێکە سروشتێکی جیهانی و گەردونگەرایی هەیە، کە بەداخەوە

ئەم هونەرە مەزنە لەناو ئێمەدا بەهای خۆی پێنەدراوە، چ لەناو ڕەوتی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی چ لەناو ڕەوتی سیاسی، تەواو نەناسراوە و جێکەوتە نەبووە، هێشتا بۆشایەکی گەورە هەیە لە نێوان خەڵک و سینەما، هێشتا نەبۆتە پرۆژەیەکی ژیاری و بەشێک لە کلتوری خەڵک، واتە هونەرێک لە بنەڕەتدا خۆی نەگرتبێت و نەیتوانی بێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، شۆڕ نەبووبێتەوە بۆ نێو فەرهەنگ و ڕەوشتی تاکەکان، هەڵبەتە چۆن دەتوانێ کێشە گەورەکانی کۆمەڵگە بە کێشەی ئەنفالیشەوە لەخۆ بگرێت؟! چۆن دەتوانێ لەئاست کارەسات و کێشە گەورەکان شاکاری گەورە بەرهەمبێنێ. سەرەتا دەبێت سینەما باڵا بکات و دەسەڵات تێبگەیەنین کە دیدێکی ڕۆشنی هەبێت بۆ سینەما و وەک ئامراز و کایەکی گرنگ سەیری بکات، ڕاستتر باوەڕی بە سینەما هەبێت کە خاوەنی گوزارشتیکی جیهانییە، ئەوسا سینەما ڕۆڵی خۆی لە سەرخانی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت و دەتوانین کێشە گەورەکانی خۆمانی پێدا هەڵواسین، ئەمەش مانای ڕەشبینی نییە، چونکە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ دروستکردنی فیلمی پایەبەرز و ئێستاش چەندین فیلمی گرنگی سینەمای هەیە کە شایانی ئاماژە پێدانن، بەداخەوە فیلمی کوردی لە ئاستی ناوخۆ کەس نای ناسێ، بەتوێژی ڕووناکبیران

و سیاسیەکانیشـەوە..!، بەڵام لە ئاسـتی دەرەوە خـاوەن سـەنگ و پـێگەی خـۆیەتی و سـاڵانە فیلمسـازان لە فێسـتیڤاڵە نێودەوڵەتیەکانـدا خەڵاتـی گرنـگ وەدەسـت دێـنن، ئەوە بـێجگە لە چەنـدین کـورتە فـیلم و فیلمـی دۆکیۆمێنتـاری کەلە مـاوەی ئەو چەنـد سـاڵەدا دروستکراون، بەڵام ئایا لەناو فیلمەکاندا تا چەند پرسـی ئەنفـال ئامـادەیی هەیە؟ کە ئەمە تەوەری سـەرەکی ئەم وتارەی ئێمەیە.

رەنگە لێرە و لەوێ ئەنفـال بـووبێتە بـابەتی فیلمسـازانی کورد و هەمیشە فیلمسازی کورد بیری لەوە کردبێتەوە کە لە ئاست گەورەیی ئەم تاوانەدا بێت، کە دەتوانین ئاماژە بە چەنـدین کـاری هـونەری بـدەین کە لەسـەر ئەنفـال و بەرەنجامەکانی دروست کراون، بەڵام ئێمە لێرەدا سەرنج لەسەر دوو فیلمی کـوردی خەست دەکەیـنەوە، ئەوانـیش فیلمـی بڵنـدی فیکشـنی "سـرتە لەگەڵ بـا"ی هونەرمەنـد (شـەهرام عەلیـدی)یە، کە لە ڕوانگەیەکـی شـاعیرانە و گێڕانەوەیەکـی هونەریـانەوە چیرۆکـی ئەنفـال بەیـان دەکـات، لەم فـیلمەدا نە قەتـرەیەک خـوێن دەڕژێ و نەشـۆفڵ و حەفـارەی تێـدا بەکارهـاتووە، بەڵام ئەنفـال دەبینـی..!، گونـدەکان دەبینـی کە چـۆن خـاپورکراون، هەسـت بە تاوانکـاریەکی گەورە دەکەی کە دەرهەق بەو میللەتە کراوە، لەنـاو ئەم فـیلمەدا ئەنفـال بەشێوەیەکی

هونەری باش بەرجەستە کراوە، دەرهێنەر بە پشتبەستن بەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانەی کە لەسەر ئەنفال هەیە خەیاڵی خۆی ئاراستە کردووە، هەر بۆیە توانی لە شەست و دووەمین خولی فێستیڤاڵی (کان) سێ خەڵاتی بەشی ڕەخنەگرانی ئەو فێستیڤاڵە بەدەست بێنێ، لەو فیلمەدا لەوە تێدەگەین کە دەبێت هونەرمەند کاتێک لەسەر مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگەکەی ئیش دەکات دەبێت چەند هەستیار بێت، هەم لە ئاستی کارەساتەکە کەم نەکاتەوە، هەم لایەنی هونەری و جوانکاری و خەیاڵ و ئەفراندن لە دەست نەدات.

فیلمی دووەم "هەموو دایکانی من"ی هونەرمەندان (ئیبراهیم سەعیدی و زەهاوی سنجاوی) کە فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە و باس لە ئەنفالی بارزانییەکان دەکات، ئەویش بە شێوەیەکی هونەری و ئومێدبەخش دروستکراوە، یەکێکە لەو فیلمە دۆکیۆمێنتاریانەی کە پێشتر نەخشە و پلانی بۆ داڕێژراوە و هەڕەمەکی کاری لەسەر نەکراوە، لەم فیلمەدا هەم ئەنفال دەبینین هەم هونەر، هەر بۆیەش بەیارمەتی بەرپرسان لە کۆشکی پەرلەمانی سوید و چەند شوێنێکی گرنگ هاتە نیشاندان و لە ناوخۆش بووە مایەی ڕەزامەندی، ئەگەرچی ئەم فیلمە دۆکیۆمێنتارییە، بەڵام دید و جیهانبینی دەرهێنەر و ویست و مەبەستی پڕۆژەکە بەسەر کارەکەوە دیارە.

لە تەک ئاماژەدان بەو دوو فیلمە و چەندین فیلمی تری وەک عەلی کیمیایی (جانۆ ڕۆژبەیانی) و هەزار و یەک سێوی (تەها کەریمی)، کە لەسەر پرسە هەمەجۆرەکانی ئەنفال دروست کراون.

لە بواری ئەدەبیشدا دەقی جوان بەرچاو دەکەوێت، کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەو پرسە گرنگەیان ڕوانیوە، لێرەدا دەپرسین ئایا سینەماکاران توانیویانە کار لەسەر ئەو ڕۆمان و چیرۆک و تێکستە ئەدەبیانە بکەن کە لەسەر ئەنفال نووسراون؟! بێگومان ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە زەخیرەیەکی گرنگە بۆ سینەما، دەتوانین بڵێین ئەدەب خۆراکی سینەمایە،بەڵام بەداخەوە زۆر کەم ئەو بابەتە ئەدەبیانەی لەسەر ئەنفال نووسراون بوونەتە سەرچاوە بۆ سینەما، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەنێو ئەو تێکستانەدا خەیاڵ باڵا دەست نییە و بە شێوەیەکی سادە کار لەسەر بابەتی ئەنفال کراوە و مەبەست زیاتر ختوکەدانی هەستی خوێنەر بووە، بەشێکیتریش لە تێکستەکان خاڵییە لە وێنەی هونەری و بواری کارکردن نادات بۆ سینەما کە دەشێ وەک ئەدەب دەقێکی باش بێت، تێکستی تریش هەیە وەک (گۆڕستانی چراکان)ی مامۆستا شێرکۆ بێکەس،خۆ لەقەرەدانی توانایی دەوێت، سەرەڕای ئەوەی ڕۆمان لە سینەما نزیکترە تا شیعر. لەم نێوەدا نابێت ڕووناکبیری دیاری

کورد (بەختیار عەلی)مان لە بیر بچێت کە لە بەشێک لە ڕۆمانەکانیدا کاری لەسەر ئەنفال کردووە، بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و پڕ لە ئەفسوون، پڕ توانستی خەیاڵ و وێنەی شیعری، بە شێوەیەک لەکاتی خوێندنەوە وێنەکان دەبینی، بەختیار تاکە ڕۆماننووسی کوردە نووسینەکانی تەواو لە سینەما نزیکە، وەک من بزانم زۆر لە سینەماکارانی کورد بیر لە ڕۆمانەکانی بەختیار دەکەنەوە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی بەشێک لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی کرا بە فیلم لەوەدەچێ ئەویش دڕدۆنگ بووبێت بەرامبەر فیلمسازانی کورد، چونکە فیلمەکە (شەوی حساب) لە دەرهێنانی حوسێن سێودین، نەک هەر حسابی بۆ ئەو هەستە پڕ فانتازیایەی ناو ڕۆمانەکە نەکرد بوو، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر ڕوکەشکارانە کاری لەسەر ئەو بەشەی ڕۆمانەکە کرد بوو، لە گەڵیشیدا پرۆسەی ئەنفالی بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین و کاریکاتێری خستبووەڕوو.

کارکردن لەسەر چیرۆکە کارەسات ئامێزەکانی ئەنفال و خستنەڕووی پرۆسەی کۆمەڵکوژی کورد لە ڕێگەی سینەماوە، ئاگایی و وریایەکی زۆری دەوێت، چونکە ئیشی سینەما کۆپیکردنی واقیع و دووبارە گێڕانەوەی واقیع نییە، هەروەها ئیشی سینەما دووبارە نووسینەوەی مێژووش نییە، بەڵکو کاری ئەو بە

بنەماگرتنی واقیع دروستکردنی واقیعێکی تازەیە لە ناو فیلمدا، کە سەرنجی بینەر ببات و تامەزرۆی بێت، هەروەها بۆ مێژووش هەمان شتە، سینەماکار مێژوو نانووسێتەوە بەڵکو میژوو دروست دەکات.

بەرجەستەکردنی خودی واقیع و خودی مێژوو وەک خۆی لە سینەمادا، کارێکە دوور دەبێت لەچێژی هونەری و بینین وەک ئەو هەوڵە شکستخواردووەی بەڕێز (جەلیل زەنگەنە) لە زنجیرە سێی گەردەلول هەنگاوی بۆنا، بە جۆرێک بەهای هەموو ئەو کەسایەتیە سیاسییە دیارانەی ناو بزافی ڕزگاریخوازی کورد کەوتە ژێر پرسیارەوە و ئەو وێنەیەی لە زهنی بینەر هەبوو بەرامبەر ئەو کەسایەتیانە تەواو ئاوەژوو بۆوە، چونکە کەسایەتی و ڕووداوەکان لە نێو فیلم و لە نێو واقیعدا تەواو جیاوازە، مەرج نییە ڕووداوە ڕاستەقینەکان لە نێو فیلمدا سەلیقە و چێژی بینەر بەلای خۆیاندا کێش بکەن، زۆرجار کۆپی کردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ڕۆژانە لە سینەمادا کاریکاتێری دەکەوێتەوە، بە جۆرێک دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی، بە پێچەوانەوەش زۆر ڕووداو هەن ئاوێتە بە خەیاڵی دەرهێنەر لە نێو پڕۆژەیەکی هونەری سەرکەوتوودا زاخاو بەخەیاڵ و جیهانبینی شێوە دەگرن و دەناسرێن.

واتە کە هونەرمەندێک فیلمێک لەسەر ئەنفال دروست دەکات، نابێت دووبارە کارەساتی ئەنفال بگێڕێتەوە و بە خستنەڕووی کارەساتەکە وەک خۆی ختوکەی هەستی بینەر بدات، کێ هەیە لە بەرامبەر جیاکردنەوەی منداڵێک لە دایکی و بێڕەحمانە فڕێدانە ناو ئیڤا دڵی نەیێتە لەرزین، سینەماکار فۆتۆگرافەر نییە، ژیان وەک خۆی بگوازێتەوە، شێرەژنێکی گەرمیانیش کە لەئەنفال دەربازی بووە دەتوانێ هەموومان بهێنێتە گریان، ئاسانە خەڵک بخەیتە گریان، بەڵام سەختە خەڵک بخەیتە بیرکردنەوە و ڕامان، سینەما دید و تێڕوانینە، پەیامە، جوانییە کە دەرهێنەر دەزانێ چۆن ئەو پەیام و جوانییە ئاڕاستە دەکات.

بۆ نموونە فیلمساز کاتێک بیەوێت فیلمێک لەسەر کارەساتی (داری خلە) دروست بکات، کە لەئەنجامی هەرەسی ئەشکەوتێکەوە، حەوت پێشمەرگە بۆ ماوەی چەند ڕۆژان بێ داد و فریاد لە ژێر ئەو ئەشکەوتە مانەوە تا یەک یەک هەموویان مردن، دەبێت لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە باس لەو ڕووداوە بکات، ڕەنگە بۆ بینەر لایەنی دەروونی ئەو حەوت پێشمەرگەیە گرنگ بێت، گرنگە بزانرێ باری دەروونی ئەو پێشمەرگانە چی بووە و لەو ساتەدا بیریان لەچی کردۆتەوە، ئەوان بەر لە مردن چۆن بیریان لە بەعس کردۆتەوە، چۆن بیریان لە کورد

کردۆتەوە، چۆن لە مەرگیان ڕوانیوە کە بەرەو پیریان دێت، واتە فیلمێک لە چرکەساتی بوونیان بەژێر خۆڵەوە هەتا چرکەساتی باوەشکردن بە مەرگ، ئەو ساتانە تەنها خەیاڵی هونەرمەند دەتوانێ پەی پێ ببات و لەناو ئەو کایە گرنگەدا ئیش بکات، هونەرمەند لەڕێی بۆچوون و خەیاڵەوە دەچێتە نێو ناخی ئەو حەوت پێشمەرگەیەوە کە لە واقیعدا هەر نەی بینیون.

هونەری سینەما دوو ڕەگی هەیە، یەکێکیان ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی، ئەویتریش واقیع و ژیان خۆی، کەدواجار ئەدەبیش سەرچاوەکەی واقیعە ئاوێتە بە خەیاڵی نووسەر، کە دەرهێنەرێک بیەوێت فیلمێک لەسەر پرسی ئەنفال دروست بکات، گرنگە چەند ڕۆمانێک یاخود چەند چیرۆکێکی لەبەر دەست دابێت، هەبوونی سەرچاوە و توێژینەوە، کۆکردنەوەی ئەرشیف و هەرچی شتێک کە پاشماوەی ئەنفالە و لە ئەنفال بەجێماون، کەلوپەل و گۆچان و سینی و مەمۆرە و هەرچی ماوەتەوە، ئەمانە سەرمایەی ئێمەن، هەموو ئەو نووسینانەی لەسەر ئەنفال نووسراون، هەموو ئەو چیرۆک و داستان و ڕۆمانانەی کەلەسەر ئەنفال هەن، تەنانەت نووسینێک لەگۆشەیەکی ڕۆژنامەیەکیش بن، هەموو ئەمانە لە شوێنێک لە بەردەستدا بێت و کۆبکرێنەوە و لە شوێنێکی تایبەت لە (مۆزەخانەیەک)دا بپارێزرێن، کە

هونەرمەندێک هاتە وڵاتی من و گوتی دەمەوێ چاوم بکەوێت بەو کەلوپەل و شتانەی لەسەر ئەنفال بە جێماون و دەمەوێت فیلمێک لەسەر ئەنفال دروست بکەم، دەبێ ئەوکاتە بیبەینە ئەو مۆزەخانەیە و دۆکیۆمێنتەکانی نیشان بدەین، بەڵی (مۆزەخانەی ئەنفال) کە دەبێتە باشترین بەڵگە بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆ هەموو هونەرمەندان و ڕۆشنبیران تا ئەنفال لە بیر نەچێتەوە و هەمیشە ئاگاییمان بەرامبەر ئەو پرسە بە خەبەر بێت.

هەروەها بوونی سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بە جینۆساید، یەکێکە لە پرۆژە هەرە گرنگەکان کە دەبوو چەند ساڵ پێش ئێستا دروست کرابا، هەموو ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەنفال دەنووسن و توێژینەوە دەکەن لەو سەنتەرە کار بکەن، بوونی ئەو سەنتەرە زۆر گرنگە، هونەرمەندێک کە ئەنفالی نەبینیوە، بەڵام بەڕۆح لەناو ئەنفالدایە و زانیاری سنوردارە لەسەر ئەنفال، دەبێ چەند کتێبێک بخوێنێتەوە و پرسیار و بەدواداچوون بکات بۆ دەسکەوتنی زانیاری لە سەر ئەنفال، بەڵام ئەگەر ئەو سەنتەرە هەبا ئەوکاتە ئەو بەڕێزانەی لەوێ کاردەکەن و پڕن لە زانیاری لەسەر ئەم پرسە، دەتوانن وەک ڕاوێژکار لەگەڵ ستافی فیلمەکاندا کار بکەن، وەک ڕاوێژکار لەگەڵ ڕۆماننووسەکاندا کار بکەن، لەگەڵ هەر کەسێکی بیانی کە هیچ لەسەر ئەنفال نازانێ و دەزانێ

**کارەساتێکی گەورە بەسەر گەلی کورددا هاتووە و دەیەوێ ڕاپۆرتێکی لەسەر دروست بکات، بەڵام ئەگەر ئەوانە نەبێت دوو ئەرک دەکەوێتە سەرشانی سینەماکار، ئەرکێک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر جینۆساید و لەسەر ئەو پرۆسە گەورەیە، تا چیرۆکێکی پڕ لە هەستی ئینسانی و ڕاستگۆ دارێژێ و دواتر هەوڵبدات ئەو چیرۆکە بە شێوەیەکی هونەری بگێڕێتەوە، لەڕێگەی زمانی سینەماوە بە شێوەیەکی هونەری بیخاتەڕوو، ئەمەش ڕەنگە کارەکە وەک پێویست و بێ کەموکوڕی بەڕێوە نەچێت..!**

**هەروەها کۆمەڵێک کەسوکاری ئەنفال لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال ڕزگاریان بووە کە ئێستا گەورەترین شایەتحاڵن، کەسێکی وەکو تەیمور کە ئەمینستی ئەنتەرناشناڵ چاوپێکەوتن و ڕاپۆرێکی درێژی لەسەر ئەنجامداوە، کە گەورەترین دۆکیۆمێنتە ئێستا مابێتەوە، دەیان کەسی تر لەناوچە جیاجیاکاندا هەن، ئەمانە چۆن دەبێ بە ئاسانی بمرن و تێپەڕن، مەرگی ئەوانە، مەرگی دۆکیۆمێنتە لەسەر ئەنفال، دەبێ ئەمانە دۆکیۆمێنت بکرێن، خەڵک هەیە لەئەنفال ڕزگاری بووە توانای گوزارشتکردنی نییە چۆن تۆ وای لێدەکەی گوزارشت بکات لەوەی کە بینویەتی، ئەمانە سەرچاوەی ڕاستەقینەن، سەرمایەکی گرنگی توێژەران و هونەرمەندانن لەسەر**

ئەنفـال، کە ئەرکـی ئەو سـەنتەرەیە ئەم ئەرکە پیـرۆزە بگـرێتە ئەسـتۆ جەخـار ئەگەر ئەم سـەنتەرە ئێسـتا ئامادەیی هەبا..!!

سیحری ئەمە چییە لەوسەری دونیـاوە جۆرنالیستەکان دێن و باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکەن، لەکوێی دونیا بڵێی من کوردم وێنەکەی عومەری خاوەر و چەندین وێنەی ئەو کارەساتە دەخەنە بەردەستت، واتە چەنـد وێنەیەکـی فۆتۆگرافی مێژووی هەڵەبجە دەگێڕنەوە، بەڵام بۆ ئەنفال بەداخەوە وێـنەی پێویسـت لەبەر دەسـتدا نیـیە، ئەگەر شـایەتحاڵێکی وەک تەیمـور و عـوزێر و واحیـد...و نەبوونایە زەحـمەت بـوو بـڕوا بە دەرەوەی خـۆت بێنـی، ئەگەرچـی قەبـارەی کارەسـاتی ئەنفـال زۆر لە هەڵەبـجە فروانترە.

سەرەڕای ئەمانە لە بواری هونەریشدا دەیان بەربەست و گرفت هەن، جارێ زۆر تێگەیشتن لەنـاو هـونەردا هەیە، شـۆڕ نەبـۆتەوە بـۆ نـاو کـۆمەڵگە و کـار لەسـەر ئەوە نەکراوە کە هونەر باش بناسرێ و بەنێو کلتوری خێزانـی کوردی شۆڕبێتەوە، بۆ نموونە تۆ دێیـت فیلمێک لەسـەر گەرمیان دروست دەکەی، تەواوی گەرمیان هۆڵێکیان نییە ئەو فیلمەی تێدا ببینن، هۆڵێک نییە کە لەچێژی سینەما بەهرەمەندیان بکات، چـۆن دەزانـین ئەو فـیلمەی لەسـەر ئەوان دروسـت کـراوە شـتێکی گـرنگە، زۆر جـاران

ڕووبەڕووی ئەو پرسـیارەت دەکەنەوە، کەی ئەو فـیلمە نیشـاندەدرێت، یـان دەگوترێـت فیلمسـازی کـورد هەر بـۆ فێستیڤاڵەکان کار دەکات.

گرفتێکیتر مەسەلەی ئـازادی هەڵبژاردنـی بـابەتە لەلایەن هونەرمەنـدەوە، بێگومـان هونەرمەنـد ئـازادە چـۆن لە دیـاردە و دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکـان دەڕوانـێ، هەروەهـا ئازادە چۆن کار لەسەر ئەنفال دەکـات و لە کـام گۆشـە و کـام دەریـچەوە دەچێـتە ژووری، بەڵام هەنـدێجار ئەم ئـازادی کـارکردنەی لـێ سـەندراوەتەوە، بە جـۆرێکیتر هەڵسەنگاندنی پێچەوانەی بۆ کراوە، وا لێکدراوەتەوە کە ئەو فیلمەی ئەو زیان بە دۆزی کەس و کـاری ئەنفالەکـان دەگەیەنـێ، ئەمەش سـەرەڕای سنورکێشـانە لەبەردەم گۆشە نیگـای هونەرمەنـد، لەلایەکیـترەوە خاوەنـداریەتی پرسـی ئەنفـال تەنهـا بـۆ کەس و کـاری ئەنفالەکـان دەهێڵێـتەوە، ئەمەش دیـدێکە دەبێـت وەلا بنرێـت، ڕاسـتە بـرینەکە لەجەسـتەی ئەوان دایە، بەڵام دواجـار برینـی جەسـتەی نەتەوەیەکە و هەمـوو تـاکێکی کوردسـتان بە پرسی خۆی دەزانێ.

ڕاگرتنـی درامـای (گەرمیـان و کوێسـتان) لە کەنـاڵی کوردسات، بەهەر پاساوێک بووبێت کارێکی خـراپ بـوو، دەبوایە لێگەڕابان تا کۆتایی، ئەوسا هەموو قسەی خۆی دەکـرد، ئەوسـا دەمـانزانی لە کـوێ پێویسـتە هەڵوەسـتە

بکەین و قسەمان هەبێت، ئاخر پێموانییە هیچ دەرهێنەر و هیچ تاکێکی کورد هەبێت بە مەبەست و بە ئەنقەست بیەوێ کار لەسەر ناشیرینکردنی پرسی ئەنفال بکات، خۆ ئەگەر کارەکەش واکەوتەوە ئەوسا قسەی لەسەر دەکرێت و کۆدەنگی دروست دەبێت، بەڵام ئێستا نازانین لە کوێ و چۆن پەخشی ئەم درامایە مایەی زیان بەخشین بوو..! هونەرمەند دەیەوێت کار لەو دیوە شاراوانەدا بکات، کە کەس سەرنجی لەسەریان نییە، دەیەوێت تیشک بخاتە سەر هەندێ لایەن کە کەس نایبینێ، بەڵام کە دەنگی نارەزایی لەلایەن چەند کەسێکەوە بەرز دەبێتەوە، کە پێیان وابێت پێویست نییە ئەو بابەتە بوروژێنرێت و بابەتی گرنگتر هەیە، پێویستە ئەو کەناڵە ئەو بۆچوونانە بە هەند وەربگرێ بەڵام نابێت ئەو بەرهەمە ڕابگرێ، سەرەتا پێویستە ئەم کارە دەیانجار خوێندنەوەی بۆ کرابێت، پێشتر بەر لەدەست پێکردن هەموو شتێک تاوتوێ کرابێت، ئەوسا بڕیاری کارکردن بدرێت، چونکە کارکردن لەسەر ئەنفال کارکردن لەسەر بابەتێکی ئاسایی نییە، دەبێت ئەم تێکستە باش بخوێنرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت، تەنانەت گۆشەیەکی کامێرا دەتوانێ چیرۆکەکە بەشێوەیەکی دیکە بگێڕێتەوە، خراپ بەکارهێنانی یەک دیالۆگ کاریگەری خۆی هەیە، واتە هەموو ئەوانە دەکرێ بەوردی ئیشی لەسەر بکرێت،

بەڵام ناکرێــت پەخشــی بــکەی و دواتــر دای بــخەی لەبەرئەوەی چەند کەسێک نارِازییە، دەبێ برِوا بەو چەند کەسە بهێنرێت، لەهەمانکاتدا دەبێت ئەوە بزانرێت سەدان کەس بە تاسوقەوە سەیری ئەو درامایە دەکەن، بێجگە لەوەش کەدرامایەک دروست دەکرێت لەسەر ئەنفالی گەرمیان یان بارزان، ئەم درامایە تەنها بۆ ئەو ناوچانە دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ هەموو بینەری کوردستانە".

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر بمانەوێت کار لەسەر ئەنفال بکەین، دەبێت سینەماکەمان بەهێز بکەین، کە توانای ئەوەی هەبێت کێشەی ئەنفال لەخۆ بگرێت، دەبێ دەسەڵاتی کوردی گرنگی زۆر بە سینەما بدات، دەبێت لەوە تێبگات کە سینەما خاوەن پەیامێکی گرنگ و زیندووە، وەزارەتی رِۆشنبیری و لاوان کە تاکە مەرجەعی حکومییە، بەرپرسیارێتی زۆری دەکەوێتە سەرشان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا خاوەن پلان و ستراتیژێکی دیاریکراو نییە بۆ بەرەوپێشبردنی سینەما، لە دونیادا سینەماکارێک کە لەڤیستیڤاڵێک بەشدار دەبێت و خەڵات بەدەست دێنێت و دەگەرِێتەوە وڵاتەکەی، لەلایەن سەرۆک و کاربەدەستان پێشوازی لێ دەکرێت، کەچی لە هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلانە بە ئاسانی تێدەپەرِێت و هەموو سەرنجێک لەسەر بارە سیاسیەکەیە و هێشتا دەسەڵات لە گرنگی ئەو هونەرە تێنەگەیشتووە.!.

ئەمریکیەکان کە هاتنە عێراقەوە دەیان تیمی فیلمسازیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، تا لەتەک پرۆسە سەربازیەکەدا سینەما کاری خۆی بکات، دەبێت ئەمریکا بەو هەموو دەسترۆیشتووەی خۆیەوە چ پێویستی بە سینەما هەبێت، ئەگەر لە گرنگی سینەما تێنەگەیشت بێت..! ئاخر لە پاڵ ئەو هەموو مارکێت و مۆڵە، ئەو هەموو باڵەخانەیەی بۆ ئاسمان ڕۆچووە لە هەولێری پایتەخت و شارەکانیتر چەند هۆڵی سینەما بەرچاو دەکەوێت؟!، بەداخەوە دەبوو لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سینەما بکرابایە چەکێک بۆ چارەسەرکردنی دەیان ئاریشە و دروستکردنی فەرهەنگێکی بەهێز تا تاکی کوردی خاوەن ئیرادەی خۆی بێت: تاکێکی کارا و کاریگەر، پڕ لە مەعریفە و هونەر، وەتەندۆست و نیشتمانپەروەر، لە کوردستانی پڕ فەڕ، سەر بڵند و بەختەوەر..!

# سینـەمای کوردی و جولەکە و ئیسلامی و ئەمریکا و کۆمۆنیست..!

دەشێ بەو پرسیارە دەست پێبکەین، کە ئایا پەیوەندی نێوان سینەما و سیاسەت پەیوەندیەکی تەواوکارییە یاخود یەکیان ئەویتر ئاڕاستە دەکات؟ سینەما بەو سروشتە ئینتەرناسیۆنالیەی کە هەیەتی، سنوری جوگرافیەکان دەبەزێنێ، هەروەها بەو زمانە گشتییەی کە زمانی وێنەیە، زمانی وێنەش جگە لەوەی زمانی سەرجەم نەتەوە و ئاینەکانە، زمانی لاڵ و نەخوێندەوارانیشە، بۆیە سینەما لەنێو کارنامەی دەوڵەتاندا حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت. خۆ ئەگەر کەمێکیش بۆ مێژووی ئەم هونەرە بگەڕێینەوە دواوە، ئەوە دەبینین کە چۆن لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی

١٩١٧دا (فلادیمێر لینین) بە گۆتە بەناوبانگەکەی دەربارەی سینەما ئەو گرنگییەی سەلماند کە گوتی: (لەناو هونەرەکاندا سینەما هونەرێکی مەزنە و دەبێت گرنگی تەواوی پێبدرێت)، هەروەاش بوو لەو کاتەدا چەندین کۆمپانیای فیلمسازی وەک موسفیلم هاتنە دروست بوون. سینەمای ڕوسی گەیشتە ئاستێکی باش و ئێستاش چەندین فیلمی گەورەی ڕوسی لە مێژووی سینەمادا ئامادەییان هەیە، گەورە دەرهێنەرێکی وەک (سێرجی ئەزنشتاین) کە توانی چەند فیلمێکی گەورە دروست بکات و گۆڕانکاریەکی گەورە لەو هونەرە بکات، بە تایبەتی هێنانەکایەوەی تیۆری مۆنتاژ، ئەگەرچی فیلمەکانی ئەزنشتاین ئایدیۆلۆژی بوون و بانگەشەیان بۆ سیستمی کۆمۆنیستی ئەو کاتەی دەکرد، بەڵام بەهای هونەری خۆیان لەدەست نەدا، هەر بۆیە مێژووی سینەما ناتوانێ فیلمی (زرێپۆشی پۆتمکن) لەبیر بکات، کە ئێستا لەنێوندی زانکۆکاندا وانەی لەسەر دەخوێندرێت.

ئیسرائیلیەکان بۆ بنیاتنانی قەوارەی جولەکە و بەرەو پێشبردنی دۆزەکەیان سوودێکی زۆریان لە هونەری سینەما بینی و چەندین دەرهێنەریان پێگەیاند و کەوتنە کار بۆ بانگەشەکردن بۆ ڕەوایەتی ئیسرائیل و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان، ئێستاش لەو هەوڵەیان بەردەوامن و لە ڕێی چەندین فیلمەوە کار بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان دەکەن.

هەروەها ئەگەر سەرنجێکی خێرای وڵاتێکی دراوسێی وەک ئێران بدەین، دەبینین کە گرنگییەکی زۆری بە سینەما داوە و هەر زوو سینەما بەو وڵاتە ئاشنا بوو، ئەمڕۆ مێژووی سینەمای ئێرانی زیاتر لە سەد ساڵی تەمەنی خۆی تێدەپەڕێنێ کە ئەگەر بەراوردی بکەی بە مێژووی سینەمای جیهانی دەبینین تەنها چەند ساڵێک لەدواوەن، ئەم گرنگیدانە وای کرد سینەمای ئێرانی ئاستێکی جیهانی بە دەست بهێنێت و خاوەن ستایل و مۆرکی تایبەت بەخۆی بێت و ساڵانە چەندین فیلمی باش بەرهەمبهێنرێ و لە فێستیڤاڵە جیهانیەکاندا خەڵات وەرگرن.

لەم سەردەمەشدا نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە سینەمای ئەمریکی چ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکا کە خۆی لە باڵادەستی و دەستکێشانی بەسەر دونیادا دەبینێ، تۆ بڵێی ئەمریکا بەو هێزە گەورەی کە هەیەتی پێویستی بە سینەما بێت..؟! کاتێک ئەمریکا هاتە عێراق و بە بڕیارێک داگیرکردنی ئەم وڵاتەی ڕاگەیاند، دەیان تیمی فیلمسازیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، کە ئێستا ڕۆژانە چەندین فیلم دەبینین لەسەر چۆنیەتی هاتنی ئەمریکا و بنبڕکردنی تیرۆر و ئازادکردنی عێراق دروستکراون، کە هەر هەموویان بانگەشەن بۆ ئەمریکا وەک هێزێکی فریادڕەس، ئایا ئەو کارەی ئەمریکیەکان مانای تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە نییە بۆ سینەما؟! کە سینەما لە توانای دایە وەک شمشێرێکی دووسەر ئاڕاستە بکرێت.

لەسەروبەندی هێنانەوەی ئەم نمونانەی سەرەوە پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە ئایا حکومەتی هەرێم لە ماوەی بیست ساڵی حوکمڕانی خۆیدا چۆن لەو هونەرە گەیشتووە و بەرنامە و پلانی چییە بۆ ئەوەی سینەما ڕۆڵی خۆی ببینێ؟!

بەداخەوە لەنێو کارنامەی حکومەتدا دیدێکی ڕۆشن نییە بۆ سینەما، هەر ئەوەشە وایکردووە کە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە نەبێت و پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستان سیستماتیک نەکرێت. تا سیستم و پلانرێژیش بۆ سینەما نەیەتە کایەوە مەحاڵە ئەو هونەرە ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی بگرێت، ئەگەر دەیان فیلمی درێژی تریش بەرهەمبهێنرێت.

# فیلمسازانی خۆرهەڵات لە باشور..!

لە بەهاری ١٩٩١وە کە باشوری کوردستان ڕەوشێکی تایبەتی بەخۆوەدی و پەراوێزێک لە ئازادی و ئارامی لە ناوچەکە هاتە ئاراوە، سینەما وەک باقی لایەنە ڕۆشنبیریەکانی تر جموجۆڵێکی بەرفراوانی بەخۆوە دیت، دەرگا بۆ فیلمسازە کوردەکانی خۆرهەڵات واڵا بوو بێن لە کوردستان ئەزمونی خۆیان تاقیبکەنەوە، لەم پێناوەشدا دەیان لاوی خۆرهەڵات بەتاسوق و حەزێکی زۆرەوە لەو دیوەوە هاتنە ئەم دیو و دەستیان دایە کار و دەیان کورتە فیلم و فیلمی درێژیان دروستکرد، کە هەندێک لەو فیلمانە چ لەنێو فێستیڤاڵەکانی ناوخۆ چ لە دەرەوە خەڵاتی باشیان بۆخۆ مسۆگەر کرد.

ئەوان کە لە خۆرهەڵاتەوە هاتبوون، لە پاشخانی سەد ساڵەی سینەمای ئێران بەهرەمەند بوون و خاوەن ئەزمونێکی باش بوون، بۆیە ئەو ئەزمونەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە و فیلمسازانی باشور کەتا ئەو دەمە دەرفەتی وایان بۆ نەڕەخسا بوو، هەر زوو باوەشیان بۆ کردنەوە و لەنێو کارەکانیاندا دەبوونە ستاف و ڕۆلی بەرچاویان دەگێڕا.

بێ ئەزمونی ئێمەی ئەوسا و بە ئەزمونی ئەوان لە هەندێک خاڵدا پۆزەتیڤانە و لە هەندێ خاڵیشدا نێگەتیڤانە شکایەوە.

لە دوتوێی ئەم نووسینەدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیەکانی کاری فیلمسازانی خۆرهەڵات لە باشور دەدەین. مەبەست لەو کارەش ڕووشاندنی هیچ کەس و لایەنێک نییە، چونکە ئەو هونەرمەندانە چەندەیان بێرە بەخشی، باشوریش دە ئەوەندەی بەوان بەخشی، ئەگەرچی لە ئاستی نەتەوەیەوە سەیری بکەین، ئەوانیش بەشێکن لەو خاکە و بۆ کەس نییە منەت بکات لە هاوکاریکردنیان، بەڵام ماوەیەکە لێرە و لەوێ بەرگوێمان دەکەوێ، کە تاکەی پشکی شێر بۆ کوردانی خۆرهەڵات بێت و لاوانی فیلمسازی ئێرەش لە چاوەڕوانی دەستگیرۆیی دابن؟!

نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە لە ڕابردوو ئەو سەرزەمینەی ئێمە خاڵی بووە لە باکگراوندێکی قوڵی سینەمایی، چونکە ئێمە بەدەسەڵاتی ناوەند پەیوەست کرابووین، ئاشکرایە ڕەوتی سینەمایی لە بەغدا و خواروو لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بوو، دەتوانین بڵێین هەر نەبووە، بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی بەعس جگە لە بەرهەمهێنانی چەند فیلمێکی ئاست نزم و بەشەڕ و بەعسدا هەڵگوتن چیدی

نەبووە، ئیدی ئێمەی فیلمسازانی باشور لەکوێ و لەکێوە فێرببواین..؟!

ئەم لاوازیەی بــواری فیلمســازی لە عێراقــدا ڕاســتەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەرێمی کوردسـتان، هەر بـۆیە ئــێمە هەتــا مــاوەیەک دوای ڕاپەڕینــیش خــاوەن هــیچ ئامــاژەیەکی ســینەمایی و فیلمــی ســینەمایی نە بــووین، تەنانەت ئەو هونەرمەندانەی توانیان جموجۆڵێک دەست پێ بکەن سالأنێکی زۆر لە ئێران ژیا بوون، لەوێ لە سینەمای نەوجەواناندا خوێندبوویان.

بەڵام ئەم ڕەوشە لە خۆرهەلأت سەد دەر سەد پـێچەوانەیە، سینەما لە وڵاتی ئێـران لە بەرەبەیـانی مێـژوووە هەرچەنـد ســاڵێک دوای لە دایکبــوونی ئــامێری (ســینەماتۆگراف) لە فرنسا لە لایەن لۆمێریەکان، لە ڕێگەی "مزەفەرەدین شا"وە گەیشــتە ئێــران، لەو ســاوە ســینەما پــێگەی لە ئێــران دامەزراند، ئێستا ناتوانین بڵێین سینەما نەبۆتە بەشێک لە کلتــور و ژیــاری دانیشــتوانی ئێــران، ئەمەش وایکــرد فیلمســازانی ڕۆژهەلأت بەر ئەو حــاڵەتە بــکەون و ســالأنە بەهەر نرخێک بێت لاوانـی کـورد لە دانیشگا هونەریەکـانی تاران بخوێنن، دیـارە ئەم بـارە کـاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر دروستکردنی باکگراوندێکی سینەمایی لای ئەو لاوانە، کە دواتر باشوری کوردستان باوەشی بـۆ کـردنەوە، بەهـرە و تواناکـانی خۆیـان تەقانـدەوە، چەنـدین فیلمســاز

توانیان بۆ یەکەمجار فیلمی درێژی خۆیان دروست بکەن کەتا ئەوکاتە تەنها چەند کورتە فیلمێکیان دروستکرد بوو، وەک هونەرمەندی لاو (شەهرام عەلیدی)، کەدوای سەرکەوتن لە کورتە فیلمی (سەرژمێری دواین ئاوایی)، یەکەم فیلمی بڵندی خۆی بەناوی (سرتە لەگەڵ با) لەسەر بوجەی هەرێمی کوردستان و لەسەر خاکی هەرێم بەپاڵپشتی هونەرمەندانی سینەمای هەولێر دروست کرد، کە توانی ڕەزامەندی بەشدار بوون لە شەست و دووەمین خولی فێستیڤاڵی کان بەدەست بێنێ و سێ خەلاتی بەشی ڕەخنەگرانی ئەو فێستیڤاڵە وەربگرێت.

هەروەها هونەرمەندی هەمیشە لە یاد (تەها کەریمی) بەدروستکردنی فیلمی (کوێستانی قەندیل) بووە خاوەنی یەکەم فیلمی بڵندی خۆی، کە لەسەر بوجەی هەرێم دروستکراو توانی بۆ یەکەمجار خەلاتی سیناریۆ لە فێستیڤاڵی ئۆرێنس لە ئیسپانیا بەدەست بێنێ، کە پێشتریش کورتە فیلمی (کوێستانی سپی) هەر لێرە و بە هاوکاری و پاڵپشتی ماددی هونەرمەندانی سلێمانی دروست کرد بوو. هەروەها فیلمی (ماندوو) لە دەرهێنانی برای سینەماکار (ئیبراهیم سەعیدی) ئەمیش فیلمێکی خاوەن سەبک و ستایلی خۆیەتی و بە یەکەم فیلمی بڵندی سینەمای ناوبراو دادەنرێت، کە لەسەر خاکی هەرێم و بە بوجەی حکومەتی هەرێم دروستکراوە و کە تا ئێستا چەندین خەلاتی جیهانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، ئەوە سەرەڕای

دروستکردنی چەند فیلمێکی بڵندی سەرکەوتوو لە لایەن دەرهێنەری دیاری کوردستان (بەهمەن قوبادی) کە لەسەر بوجەی هەرێم و بەپاڵپشتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دروستکران و توانیان چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەست بێنن، هەروەها نابێت ڕۆمانی (ژانی گەل)یش لەبیر بکەین، کە بەڕێز (جەمیل ڕۆستەمی)ی بە پاڵشتی ماددی و مەعنەوی هێرۆ خان و هونەرمەندانی سلێمانی هاتە دروستکردن. بەو واتایەی باشور بووە لانکەی ئەزمون و داهێنان بۆ لاوانی فیلمسازی خۆرهەڵات و لە دایکبوونی چەندین بەرهەمی ناوازە. ئەم کارانەی ئەوان گەرم و گوڕیەکی باشی بە ڕەوتی سینەمایی لە باشور بەخشی، بەڵام هێدی هێدی باری کلتوری لە باشوریش گۆڕا، چونکە حەزێکی زۆر هەبوو بۆ دروستکردنی فیلم و فێربوون و شارەزابوون لە کاری فیلمسازی.

فیلمسازانی باشور سەرەڕای تارمایی ئەو هەموو مەینەتیە و بوونی پاشماوەی وێرانەی ڕژێمی بەعس و شەڕی کاولکاری ناوخۆ، سەرەڕای نەبوونی کلتورێکی سینەمایی لە هەرێمدا، نەبوونی ڕۆژنامە، گۆڤار، تەنانەت هیچ سەرچاوەیەک بە زمانی کوردی، نەبوونی تەکنیکی پێویست و کادری پسپۆڕ، قۆڵیان لێ هەڵماڵی و توانیان چەندین کورتە فیلم و فیلمی درێژ دروست بکەن، تا گەیشتە ئەو ئاستە فیلمی فیلمسازانی باشور پێشبڕکێی فیلمی

فیلمسازانی خۆرهەڵات بکات، کە پێشتر نەدەتوانرا بەراورد بکرێت.

ئێستا لە باشور ڕەوتێکی پڕ لە هەژموون بەڕێوەیە، دەیان و سەدان لاو لە هونەرمەندانی فیلمساز سەرقاڵی دروستکردنی فیلمن، لەم نێوەشدا تێبینی و سەرنجی زۆر هەیە و پێموایە لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە خواستی ئێمەی فیلمساز زۆر لەوە زیاترە کە بۆی ئەنجامدراوە.

ئومێد دەکەین ئەم ڕەوتە زیاتر گەشەی پێبدرێت و نەوەستێت و خۆرهەڵاتیش وەک پارچەیەکی گرنگی کوردستان ڕۆژێ دابێ ببێتە خاوەن کیانی خۆی و فیلمسازانی باشور لەوێ وچانێک بدەن. ئەوسا پێکەوە ئەم ڕەوتەی سینەمای کوردی بگەیەنینە دوا مەنزڵ.

# خۆشخەیاڵی تا ئاستی نا ئاگایی!

هونەرمەنـــد هەیە لەو ســەری ژیـــانەوە بە پڕتـــاو دێــت و نــوقلانەی لە دایکبــوونی ســینەمای کــوردی ڕادەگەیەنـــێ و پێشـیوایە بەو هەڵوێسـتەی دڵسـۆزی بـۆ نەتەوە نوانـدوە، (ئەو) ئەم جموجۆڵەی لە بواری فیلمسازی لە کوردسـتان لە ئارادایە بە لەدایکبوونی سینەما ناوزەد دەکـات، لە کاتێکدا زۆربەی فیلمســازان پێیــانوایە ئەو کــارانە جــگە لەهەوڵ و هەنگاو بۆ سینەما و نزیکبوونەوە لەو هـونەرە مەزنە چیتـر نییە.

سینەمای کوردی بەچی لەدایکبـووە؟! کە تـا ئێسـتا خـاوەنی یەک کامێرامــانی ســینەمایی پرۆفیشــناڵ، یەک ســتۆدیۆ و یەک کۆمپانیای ڕاستەقینە و یەک دەزگـای سینەمایی نـین! ئەوە سەرەڕای کادری پسپۆڕی بـواری دەنـگ و ڕوونـاکی و مۆنتاژ و دیکۆر...!

ئێمە کاتێک دەتوانین بڵێین خاوەنی سینەماین، کە ساڵانە چەندین فیلمی (درێژ) بەتوانای تەکنیکی و سەرجەم پسپۆڕیەکانی ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت و کۆمپانیا و کەرتی تایبەت ئامادەیەکی تەواویان هەبێت لە مەیدانەکە، هەروەها کاتێک دەتوانین بڵێین سینەمامان هەیە کە فیلمەکانمان سنووری لۆکاڵیەتی ببڕن و وەک هەر فیلمێکی ئێرانی و ئەمریکی لەیەکەم (Shot)دا بناسرێنەوە. ئاخر سەرجەم ئەو فیلمانەی کەلەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایدا لە کوردستان دروستکراون ژمارەیان ئەوەندە زۆر نییە کە ببنە هۆکار بۆ خاسیەت و تایبەتمەندی تا سینەمای کوردی پێ بناسرێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەر دەرهێنەرە و بە ستایڵ و دیدێکی جیاوازەوە کاری کردووە و بەرهەمهێنان و کادرە پسپۆڕیەکانی پشتی کامێراش هی دەرەوە یان وڵاتانی دراوسێ بووە! کە ڕەنگە تەنها بە دیالۆگ و لوکێیشن ئەم فیلمانە کوردی بن!

خۆشخەیاڵیەکی گەورەیە تا ئاستی نا ئاگایی ئەگەر وابزانین سینەمای کوردی بەو چەند فیلمەی کە هەیە لەواری بەرکەماڵی دایە و لە دایکبووە! پێویستە لە جیاتی ئەو باڵۆرانە هاوکاربین و بە جدی کاربکەین تا سینەمایەکی تایبەتمەند و خاوەن شوناس و ئینسانی بخەینە سەر ڕێی خۆی!

# سینەما
# لە نێوان خەمی داهێنان و فرە کوێخوایی

ئەگەر سینەما هەڵگری پەیامی جوانی و مرۆدۆستی و لوتکەی چێژبەخشین بێت، چۆن ڕق و کینە لەنێو دڵی هونەرمەنددا جێی دەبێتەوە؟!

ئێمە کە تازە لە دەسپێک و گوڕوگاڵداین و هێشتا سینەما نەبۆتە بەشێک لە ژیار و ئاوێتەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیمان نەبووە، هێشتا کادری پسپۆڕ و تایبەتمەندی بواری سینەما لە کوردستان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات، لە کاتێکدا خاوەنی ژمارەیەک فیلمی (درێژ) نین، کەچی باڵای ڕق و کینە و ناتەبایی نێوان هونەرمەندان بە قەد کێوی بێستون بەرزە و هەریەکە و بۆخۆی دەژی و خۆی بە کوێخوای سینەمای کوردی دەزانێ و پێیوایە لەسەر دەستی ئەو نەبێت سینەما لە دایک نابێت..! ئەدی ئەوەنییە لەنێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ئەوەندەی لە هەوڵی شکانەوە و بچوک کردنەوەی یەکتر داین ئەوەندە لە پرۆژە و کاری جدی نادوێین و ڕووبەری ناشیرینکردنی یەکتر ڕۆژ بە ڕۆژ فراوان دەبێ و خەمی داهێنان و کاری جدیش لە پەراوێزدایە!!

ئەفسوس هەر یەکە و بۆخۆی و بەجیا پرۆژە و پێشنیازی هەیە بۆ گەشەکردنی سینەما و لە دەرەوەی خۆی نەکەسی قبوڵە و نەکەس دەخوێنتەوە، کە دەیدوێنی و گوێشی لێ دەگری بەمجۆرە دەست پێدەکات: (من وابووم و من وامکردووە و من وادەکەم و من و.. من..)! لە کاتێکدا پرۆسەی دروستکردنی فیلم و هەر پرۆژەیەکی سینەمایی کاری تەنها (من)ێک نییە و هەموو (من)ەکان پێکەوە دەتوانن کارێکی جوان و داهێنەرانە بخوڵقێنن، ئەو سەرەتایەی کە سینەمای کوردیش پێیدا گوزەر دەکات پێویستی بەهەماهەنگی و بەیەکەوە کارکردن و خۆشەویستی هەیە، بێ ئەمە مەحاڵە بتوانین ببین بە خاوەنی سینەمایەکی سەقامگیر و ئینسانی.

تەنها بە پسپۆری و تایبەتمەندی دەتوانین دەزگایەکی بەرهەمهێنەری سینەمایی ئەوتۆ دروست بکەین کە لەسایەیدا بزافی فیلمسازی بکەوێتە سەر ڕێچکە ڕاستەقینەکەی خۆی و گەشە بکات، تایبەتمەندی و پسپۆڕیش بە ئالوێری زانیاری و پراکتیک کردنی ئەزمون و پێکەوە کارکردن دێتەکایەوە، نەک بەدوورە پەرێزی و فرە کوێخوایی و کەس نەخوێندنەوە!

# ئەدیسۆن لە هەولێرە..!

کە ئەدیسۆن گەیشتە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەست و گوتی: (زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی ئێستا سینەما لە وڵاتی ئێوەدا لەوپەڕی گەشەکردن دایە و لە شارۆچکەیەکی چەند هەزار کەسی سەدان هۆڵی مۆدێرن جمەیان دێت لە بینەران و دەیان کۆمپانیا و کەرتی تایبەتی فیلمسازی لە ئاردان و ساڵانە چەندین فیلمی بلندی جیهانی دروست دەکرێن. بەختەوەریشم بەوەی لە هەولێری (پایتەخت)دا تەنها بە موناسەباتی جێژەنی نەورۆز بۆ یەک خولەک کارەبا دەکوژێتەوە، دەستان خۆش کاربەدەستانی دەوڵەت لە گرنگی و پەیامی سینەما تێگەیشتوون! بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کۆمەک و هاوکاریەی بۆ هونەرمەندە کوردەکانی دەرەوەی هەرێم دەیکەن تۆزێکیش ئاوڕ لە هونەرمەندانی ناوخۆ بدەنەوە).

هەروەهـــا سەرســـامی خۆشـــی دەربـــڕی بەو هاوکـــاری و تەبابییەی لەنێوان هونەرمەنداندا هەیە لەو بـارەیەوە گـوتی بەڕاســـتی ڕەنـــج بەخەســـار نەبـــووم!!. ســـەبارەت بەو فێســـــتیڤاڵانەی ســـــازدەکرێن ئەدیســــــۆن لە وەڵامـــــی ڕۆژنـامەنووسێکدا گـوتـی: (دەستی ماندووبونتان دەگوشـم بـۆ سازدانی ئەو فێستیڤاڵانەی بـۆ کـورتە فـیلم سـازی دەکەن، بەڵام توخـــوا بـــابەس بێـــت، لە بەخشـــینی خەڵاتەکانـــدا دادپەروەربـــن و دەســـتەگەری و خـــزم خـــزمێنە دوورخەنەوە لەسینەما!!).

لە کۆتـایدا (ئەدیسۆن) گوتی: زۆر سوپاس بۆ ئەو پیرێژنەی لە فاکسێکدا بۆی نووسی بووم: (ڕەبـی ئەدیسۆن گـۆڕەکەت پڕ نور بێت وەکی دونیات پڕ نور کرد).

# سینەما و
# کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان

لەبەرئەوەی سینەما پارەیەکی زۆری گەرەکە و فیلم بە پاڵپشتی سامانێکی زۆر دروست دەکرێت، بۆیە سینەما خاسیەتێکی بازرگانی وەرگرتووە، پڕ فرۆشی تیکتی هەر فیلمێک توانای ماددی ئەو ستافە دەباتە سەرەوە و قاپییەکان دەخاتە سەرپشت بۆ بەردەوامی کارکردن، لەم نێوەشدا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم ڕۆڵێکی شایستە دەگێڕن لە گەشەکردنی پیشەسازی سینەما و بەرهەمهێنانی فیلم، ئەوە کۆمپانیاکانی هۆلیۆد و بۆلیۆدن دەرهێنەران ئاراستە دەکەن و ساڵانە دەیان فیلم بەرهەم دەهێنن کە لەناویاندا فیلمی ئاست بەرز هەیە و لەتەک بەرزکردنەوەی ناوی وڵاتەکەیان و سەرمایەگوزاری، بژێوی ژیانی ئەو هونەرمەندانەش دابین دەکات کە تەنها پیشەیان سینەمایە. بەڵام بەداخەوە لە کوردستان پرۆسەی فیلمسازی ناتوانێ لەسەر کار و پڕۆژەکانی درێژە بەخۆی بدات، چونکە لە کوردستان تیکتفرۆشی تازە لە سەرەتادایە و کردنەوەی ئەو چەند هۆڵەی سینەما لە شارەکان دڵخۆشکەرە کە دەریچەیەک بێت بۆ ئەوەی سینەما پێگەی خۆی بەهێز بکات و کەرتی تایبەت کە بنەمای پێشکەوتنی سینەمای هەر وڵاتێکە بێتەکایەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا، هەوڵدراوە بۆ دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەکی سینەمایی، بەڵام نەیانتوانیوە ڕۆڵی تەواو

بگێـڕن، بـۆیە زیـاتر لەڕواڵەت و لە نـاودا کۆبـونەتەوە نەک کۆمپانیـــای ڕاســتەقینەی فیلمســـازی، ئەگەرچـــی بـــوونی ئەم کۆمپانیایـــانە کـــارێکی باشـــە بـــۆ ئەوەی لە ئاینـــدەدا لەتەک بەرەوپێشـبردنی سـینەما ئەوانـیش پـێش بـکەون، پێشـکەوتنی کۆمپانیاکانی فیلمسازیش بەندە بە گەشەکردنی سینەما لە وڵاتدا و بـوون بە پێویسـتییەکی ژیـاری لای تـاکی کـورد، شـتێکی بەڵگەنەویسـتە دواجـار کۆمپانیاکـان پـێگەی سـینەما دروسـت دەکەن، چونکە حکومەت تاسـەر نـاتوانێ پـارە خەرج بکـات بـێ ئەوەی چـاوەڕێی هـیچ داهـاتێکی ئەو فیلمـانە بکـات، ئەگەرچـی حکـــومەت ئەرکە و لەســـەریەتی لەم قۆنـــاغەدا هەتـــا ســـینەما دەکەوێتە سـەر ڕاسـتەڕێی خـۆی دەسـتگیرۆی فیلمسـازان بکـات، چونکە لە دەسپێکی بزاوتی سینەمای هەر وڵاتێکدا ئەمە پەیـڕەو کـــراوە، بەڵام دواتـــر ســـینەما خـــۆی دەبێـــتە بـــزنس و ســـەرمایەدارەکان خۆیـان لە سـینەما نزیـک دەبـنەوە، ئیـدی هونەرمەند چالاکـانەتر سـەرقاڵی کـاری خـۆی دەبێت و سـینەما دەبێتە پیشـەی ڕاسـتەقینەی و ئەو بـوارە بە تەواوی بـۆ خـودی فیلمسازەکان فەراهەم دەبێت، ئەوسا هونەرمەند بە هونەرەکەی خۆی دەژی و چاوەڕێی دەستی حیزب و حکومەت ناکات..!

هەتا ئەو ڕەوشە بۆ فیلمسازان دەستبەر نەبێت و کەرتی تایبەت و کۆمپانیـــای ســـینەمایی دروســـت نەبێـــت، پێویســـتە لەســـەر حکومەت پـلان و بەرنـامەی هەبێـت تـا ئەم هـونەرە لەسـەر پێـی خۆی بوەستێت، هونەرمەند ژیانی خۆی لەسەر پڕۆژەکانی فـیلم دابـین بکـات و هیچیتـر لە فەرمانگەکانـدا بـێ ڕۆڵ و کـاریگەر ڕۆژەکانی بەڕی نەکات..!!

# ژن و فێستیڤاڵ

بەر لە ڕاپەڕین سالآنە چەند دانەیەکی فێستیڤاڵ بۆ چەند بوارێکی هونەری سازدەکرا، کە هەمووی بە شان و شکۆدا هەڵگوتن بوو بۆ ئەو (قائیدە زەرورەی) کە خەریک بوو ڕشک و ئەسپێ لە کونە مشکدا حەپەلووشی کەن، دوای ئازاری ئازادیش هێندە فێستیڤاڵ لێرە و لەوێ سازکرا لە تام دەرچوو..!

ساڵی ١٩٩٩ کە هێشتا خوێنی ڕژاوی براکان هالآوی گەرمی لێ هەڵدەستا، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە سلێمانی جارێ یەکەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمیدا، دواتر چەند دانە فێستیڤاڵێکی تریشی بەدوادا هات، خەرمان بەرەکەت.

ساڵی (٢٠٠٤)یش دوای ئەوەی پەیکەری پیاوە عەزیمەکە ڕووخا و تەمی خەفەتمان نەختێ ڕەویەوە، میهرەجانی ئالآی زێڕین و دواتریش فێستیڤاڵی دژە تیرۆر لە هەولێر سازدرا.

دوابەدوای ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر لەساڵی (٢٠٠٦) میهرەگانی نێودەوڵەتی بۆ کورتە فیلم ساز کرد.

لە شاری سلێمانییش بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی، چوار خولی فێستیڤاڵی سلێمانی فیلمی کوردی یەک بەدوای یەک و لە کات و ساتی خۆیدا سازکردووە، کە تاکە فێستیڤاڵە لە کاتی خۆیدا دووبارە ببێتەوە.

هەروەها لەشاری دهۆکیش دوو خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سازکراوە، ئیدی پێ بەپێ لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان فێستیڤاڵ بۆ فیلمی کوردی سازکراوە و دەکرێ.

سەرەڕای چوار خولی "فێستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی"ی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر، یەکێتی ژنانی کوردستانیش دوو خولی فێستیڤاڵی تەواری بۆ تەوارە بەرزەفڕەکان لە شاری سلێمانی بۆ خستنەڕووی گرفت و مەینەتییەکانی مێینە لەرێگەی فیلمەوە سازداوە، ئاخر ژن و سینەما لەسەر ڕێگەی (جوانی)دا بەیەک دەگەن!

دەست بردن بۆ سینەما وەک شێوازێکی نوێی دەربڕین، بیرکردنەوەیەکی تەواو تەندروست و بەرکەماڵە، چونکە ئەمڕۆ سینەما پڕ خواسترین هونەرە لە جیهاندا، سازکردنی فێستیڤاڵێکی تایبەتیش بۆ خستنەڕووی کێشەکانی ئافرەت هەڵبژاردنی دید و شێوازێکی تازەی کارکردنە و مایەی دەستخۆشییە، بۆیە دەڵێین:

**ئاخیری میهر و خێربێ**

**فێستیڤاڵ و میهرەگان و میهرەجان**

**لەم وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون بێ**

**سەدان هۆڵ دروست بکرێ و جمەیان بێ**

**فیلمسازی کورد لە پشت کامێرا**

**هەرئەکشنی بێ..!**

# سینـەمای کوردی
## (مێـژوو، ئەزمون، تەکـنـیك)

ئەو سـەرەتاییەی سینەمای کـوردی پێیـدا گـوزەر دەکـات، سەرەتایەکە (بێ مێژوو، بێ ئەزمون، بێ تەکنیک) چونکە:

یەکەم: (مێـژوو): خـودی تەمەنـی سـینەما لە یەکەم کـورتە فیلمی برایـانی لـۆمێر (لـوئی و ئۆگست) "چـوونە دەرەوەی کرێکاران لەکارگە" تا ئەمڕۆ (١١٨) سـاڵ تێـپەڕ ناکـات، ئەم مێژووەش بە بەراورد لەگەڵ سـەرجەم بـوارە مەعریفییەکـان ئێجگار کەمە! دەبێ ئـێمەی فیلمسـازانی کورد لە کوێی ئەم مێـژووەدا وەسـتا بـین؟! بە جـۆرێکی دی ئایـا ئـێمە هێشـتا دەسـتمان پێکـردووە و خاڵێکمـان دانـاوە بەنـاوی خـاڵی دەستپێکی سینەمای کوردی!!

دووەم: (ئەزمـون): سـینەما بە جیـا لەگەڵ بوارەکـانی تـری هـونەری، بە قـودرەتی قـادر دروست نابێـت، پێویسـتی بە ئەزمونێکی بەردەوام هەیە، ئێمە لەو بوارەدا جگە لە چەنـد ئەزمونێکی دیاریکراو هەر لە (یەڵمـاز گونەی)وە تـا ئەمـڕۆ چیترمان هەیە؟! واتە خاوەن پاشخانێکی فراوانی سینەمایی نین، ئەمە لەسەر ئاستی پراکتیک.

هەروەهــا لەســەر ئاســتی (هوشــیاری ســینەمایی یــان ئەدەبیاتی سینەمایی) ئەفسوس تا هەنووکە تەنـانەت یەک بڵاوکـراوەی تـایبەت بە سینەما لە کوردسـتان دەرناچێت، کەواتە هەی لەخۆمان بێ مێژوو و بێ ئەزمونێ!

ســێیەم: (تەکنیــک): ئەگەر ســێ کــۆڵەگەی ســینەما (ســەرمایەگوزاری و مەعــریفە) دووان بێــت، بێگومــان سێیەمیان تەکنـیکە. لەم بوارەشدا جگە لەوەی هەژاریـن، کڵۆڵیشــین! بەوەی ئەگەر بەیــانی تــازەترین تەکنیکــی هاوچەرخی سینەما هێنرایە کوردستان، کوا کـادری پسپۆڕ بۆ کارپێکردنی؟! جەخار تا ئێستا کادری تایبەتمەندی پشت کامێرامان نییە و دەبێت بەمشتێک (پوڵ) و بە هەزار تکا و ڕجا لەوێ و لەوێندەر کادر بخوازین!

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم دیدگایەی من مـایەی ڕەشبینی نییە و نووکە جموجۆڵێکی سینەمایی لێوان لە عیشق، ئەگەرچی پڕ گرفت و بێ ئەزمون و بێ تەکنیکیش بێــت دەســتی پێکــردووە، خۆشــبەختانە ســەرقافڵەی ئەم کاروانەش لاوەکانن.

# ساوار و سینەما

خەیاڵـــت نەخلیســـکێ، پەیوەنـــدییەکە هەر ئەوە نیـــیە هەردووکیان بە (س) دەست پێدەکەن.

برادەرێـک گۆشـەیەکی گاڵتەئـامێزی نووسـی بـوو بە نـاوی (شۆڕش بە ساوار دەستی پێکرد و بە برنجی گوڵدان کۆتـایی هات) لەوە گەڕێ. گروپێکی سینەماکارانی کورد لە ئێـران لە دوای کارکردنیاندا هەموو نیـوەڕۆیەک دەچـون (کوبیـدە)یان دەخوارد تـا وای لێهات ناویـان لەو خـواردنە نـا کوبیـدەی سـینەما، دیسـان خەیاڵـت پەرت نەبێـت، ڕاسـتە ئـێمە لە ساواردا داهێـنەرین بەڵام ئێسـتاش گەر کەسێک لە کەسێک توڕەبێت پەنـجەی بـۆ ڕادەوەشـێنێ و پێیـدەڵێ: (وەڵـڵا دەت کەم بەسینەما) سـەیرەکە لەوەدایە ئـێمەی فیلمسـاز مانـدوو

دەبین و تێدەکۆشین، ئـارەق دەڕێـژین و شـەکەت دەبـین تـا ببـین بەسـینەما، کەچـی داخەکەم کەمجـار هەیە ببـین بە سینەما..!

مێژوونووسـێک کە سـاوار خـۆرێکی عەجـایبە گوتبـوی: (ساوار بە دیرۆکی ئـێمەدا ڕۆچـوە و نـاتوانین ڕۆڵـی سـاوار لەکوردایەتیدا فەرامۆش بکەین).

لە سەردەمی شاخیشـدا پێشـمەرگە ناویـان لە سـاوار نـابوو (کـۆداک فەوری)، ئێسـتا خەریـکە دەگەیـنە سـەرەداوێک، ئەوەی شـتێک لە مێـژوی سـینەما بزانـێ دەزانـی وشـەی (Kodak) لەچیەوە و بۆچی هاتووە.

بەهەرحاڵ پەیوەندییەکانی سینەما و سـاوار هەر ئەوەنیـیە و با سەرتـان نەیەشێنم،داواکارم لە بەڕێوەبەر و کـارگێڕانی فێسـتیڤاڵەکان لە جێـی بـرنج و قـۆزی ژەمێـک بـۆ میـوان و هونەرمەندە بەشدارەکان بکەن شلەساوار.

# خەڵات و
# ترپەی دڵی دەرهێنەر

لەزۆربەی فێستیڤاڵەکانی لای خۆمان، ڕۆژانە پرۆگرامەکان ئاسایی دەگوزەرێ، تا ڕۆژی خەڵات بەخشین بەزمەکە لەوێ دەست پێدەکات، چەند چرکەیەک پێش خوێندنەوەی براوەکانی فێستیڤاڵ ڕیتمی ترپەی دڵی دەرهێنەرەکان دەفڕێ..!

ئەو دەرهێنەرەی کە تادوێنێ دەیگوت: من بۆ خەڵات کار ناکەم و ئەسڵەن هەر بڕوام بە خەڵات نییە، لە هەمووان زیاتر دەشڵەژێ و حەجمانی نامینێ!

هی واهەیە بەوپەڕی لوتبەرزییەوە دەیگوت: خەڵات وەرگرتن لەو فێستیڤاڵە ناوخۆیانە چ مانایەکی هەیە، من لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەشداریم کردووە، کەچی کە ناوی براوەکان خوێندرایەوە و ئەوی تێدا نەبوو، ئۆقرەی لەبەر بڕا و هاواری لێ هەستا: ئەوە کەی

فێستیڤاڵە..! خزمایەتی بوو، حیزبایەتی بوو، برادەرایەتی و هەموو شتێک بوو بەس فێستیڤاڵ نەبوو!

خۆ هەش بوو لەپێش خەڵاتەکان سەد و یەک ڕەخنەی لەفیستیڤاڵ هەبوو، بەڵام کە خەڵاتی باشترین فیلمی پێ بەخشرا، بوو بە ماستی مەیو و پڕ بە گەرووی دەتریقایەوە و دەیگوت: بەڕاستی شازی فێستیڤاڵ بوو!

سەیر و سەمەرەکانی ئان و ساتی خەڵات بەخشین زۆرن کە دواجار دەبنە مایەی یادەوەریەکی خۆش و تاماوەیەکی دوای فێستیڤاڵیش مەفعولی خۆیان دەبێ.

بەبڕوای من خەڵاتەکان لەو فێستیڤاڵانەی ساز دەکرێن هەر چۆنێک ببەخشرێن لەگرنگی و بایەخی فێستیڤاڵ کەم ناکەنەوە کە لەماوەی چەند ڕۆژێک دیدگای بینەر و هونەرمەندان شاد دەبێت بە چەند ئەزمونێکی فیلمسازانی کورد، بەڵام...! بەڵام ئەگەر هەموو شتێک شیاو و لەبار بەڕێوە بچێت باشتر نییە؟!.

# خەڵك و سینەما

بۆشایی نێوانی خەڵک و سینەما لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئاستێکی بێ شومارادایە و پێوانە ناکرێت، نەک هەر خەڵک خواستی فیلم بینین و سەروسۆراخی سینەمایان نییە، بەڵکو سینەما لە وڵاتی ئێمەدا وەک وێنەیەکی ناشیرین لە زهنی تاکەکاندا جێکەوتە بووە، لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕۆژانەی وەک (بووم بە فلیم، وەڵا دەتکەم بە سینەما، فلیمت دەسوتێنم، خوێڕی بەردەم سینەماکان...) ئەو دیدە سەقەتە تەواو بەرجەستە دەبێت، ئەم تەرزە تێڕوانینەش بێ بنەما نییە و فاکتەرەکانی خولقاندنی نزم سەیرکردن بۆ سینەما مێژوویەکی درێژی هەیە، کە تاهەنووکەش بەردەوامی هەیە و نەتوانراوە ئەم وێناکردنە لێلە فۆکس بکرێت.

چۆن دەتوانین ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی لە ماوەی ڕابردوو لەسەر سینەما دروست بووە بیگۆڕین بە تێگەیشتنێکی

تەندروست، تێگەیشتنێک سینەما وەک هونەرێکی باڵا و مەزن سەیر بکات، وەک ئامرازێک کە توانای گۆڕانکاری و جوانکردنی ژیانی هەیە، بێ گومان بە ناسینی ئەو هونەرە و ئاشتکردنەوەی بینەر بە هۆڵەکانی سینەما، ئەمەش لە ڕێی پرۆژەی هونەری دامەزراو و بڵاوکردنەوەی مەعریفەی سینەمایی و بە دروستکردنی کلتوری فیلم بینین و چێژی سینەمایی دەبێت لەنێو کۆمەڵگەدا.

لەو سۆنگەیەوە هەر فیلمێک کە لەناو خۆی وڵاتدا بەرهەم دەهێنرێت ئەگەر زۆرترین خواست و فرۆشی لەسەر نەبێت، نابێتە هۆی پەرەپێدانی سینەما، خودی فیلمسازیش ئەو کاتە بەرەوپێش دەچێت کە توانی لەسەر قاچەکانی خۆی بووەستێ، چونکە خواستی بینەر بۆ بینینی فیلم هێزی پێشەڤەچوون و گەشەکردن بە هونەرمەند و ڕەوتی فیلمسازی دەبەخشێ.

واتە سینەما دەبێت ببێت بە بەشێک لە فەرهەنگی تاکەکان و تێکەڵ بە ژیاری کۆمەڵایەتی بێت، وەک بابەتێکی گرنگی ژیان سەیری بکرێت و تەماشاکردنی فیلم بچێتە نێو پرۆگرامی ڕۆژانەی خێزانەکانەوە، ئەوسا دید و ڕوانین بۆ سینەما تەندروست دەبێ و لە ئاست باڵای ئەو هونەرەدا دەبین!!

# سینەما و پیاوسالاری

گرفت هی کێ بێت، ژن یان پیاو، بۆ کۆمەڵگە مایەی دەردە، ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە کێشە و گرفتی ئافرەتان تەنها پەیوەستە بە خۆیانەوە، لەوە تێناگەن کە پەراوێزخستنی ئافرەت چەندە مایەی بێ ڕۆڵی مێینەیە وەک لایەنێکی گرنگی ژیان، سەد هێندە ئەرکی پیاو سەخت تر دەکات، ڕاستە ئەم تاک دەسەڵاتییە ئیمتیازاتی زۆری بە پیاو بەخشیوە، بەڵام کۆمەڵگەی لەباری دواکەوتویی و نا هاوسەنگی هێشتۆتەوە، ئەم دەستڕۆیشتووی و کەڵەگایەی پیاوان لە هەموو بوارەکانی ژیان جێگەی شانازی نییە، بەڵکو مایەی نەنگییە..!

فیلمسازان گرنگە لەوە تێبگەن کە کارکردن لەسەر کێشەی ژنان کارکردنە لەسەر خودی ژیان خۆی، فیلمساز، نێر بێت یان مێ پێویستە بێ ڕۆڵی ئافرەت وەک گرفت سەیر بکات، خستنەڕووی هەر دیدێکیش بۆ بەرقەراربوون و هاوشانبوونی نێر و مێ لە فیلمەکاندا ئەرکێکی مرۆییانەیە و دواجار کۆمەڵگە لە ژێر سایەی سیستمێکی تەندروست و هاوسەنگ دەتوانێت لە گەشەسەندن بەردەوام بێت. ئەگەرچی کلتوری وڵاتە دواکەوتووەکان پڕیەتی لە نابەرابەری و پایەکانی لەسەر هێزی پیاوسالاری هەڵچنراوە، ئەم تەرەزە بیرکردنەوەیەش ڕەنگدانەوەی لە نێو فەرهەنگ و وشیاری تاکەکاندا دروست کردووە، بەڵام بۆ فیلمساز گرنگە کە ڕوانگەیەکی تایبەتی و هاوئاستی سەردەم و لۆژیک لە نێو فیلمەکاندا پەیڕەو بکات، دووکەوێتەوە لە دروشمی بەکاربراو

و بێ ناوەڕۆک، ڕوانینی بۆ ژن دیدێکی هیۆمانیستی و پڕاوپڕ لە هەستی ئینسانی بێت و پێکەوە کێشەی ژن بە کێشەی کۆمەڵگە بزانین. بێگومان بەرجەستەکردنی ئەم کێشە و گرفتانەی ئافرەتان لە دوتوێی فیلم و سینەمادا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەلایەک سینەما وەک هونەرێکی سەردەم توانای گەورەترین گوزارشتکردنی هەیە و ئەم هونەرە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر هەست و هزری بینەر دروست دەکات بە بێ جیاوازی زمان و ئاستی هوشیاری تاکەکان، لە لایەکی تر ڕەوشی نالەباری ژنان بۆتە دیاردە و گرفتێکی جیهانی و ئەرکی هەر مرۆڤدۆستێکە لە هەرکوێی دونیا بێت ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببتەوە و کار بۆ دابینکردنی ئەرک و مافی یەکسان بکات، سینەماش هەڵگری پەیامێکی گەورەی مرۆڤانەیە و سنور و تەلبەندی دروستکراوی نێوان مرۆڤەکان دەبڕێ و هەماهەنگی و لێکنزیک بوونەوە و خۆشەویستی ئامانجیەتی. لەگەڵ ئەوەی هەوڵی جوان و بۆچوونی جوان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هێشتا هوشیاری فیلمسازی کورد لە ئاست ئەو هەموو بێ ڕێزی و بێ حورمەتییە دانییە کە بەرامبەر (دایک و کچ و خێزان و خوشک)ەکانمان دەکرێت بە دەستی پیاوانی دواکەوتووی ئەم کۆمەڵگەیە..!!

بۆیە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو چەسپاندنی پایەکانی (ڕێز) لە مرۆڤدا بە گشتی و فراوانکردنی ئاستی هوشیاری و دونیابینییەکی ئینسانی بۆ ژن و بۆ ژیان ئەرکی هەمیشەیی فیلمسازانە.

# من لەگەڵ ڕووخانی هۆڵەکانی سینەمادام..!

لەهەمبەر ڕووخانی هۆڵە کۆنەکانی سینەما لە هەولێر و سلێمانی، شین و شەپۆڕێکی زۆر کرا، وەک ئەوەی ڕووخانی ئەو هۆڵانە دارمانی کۆشکی هیوا و ئاواتەکان بێت..!

دەپرسم ئەم هەموو پەژارەیە بۆ ڕووخاندنی ئەم هۆڵانە بۆ؟ لە کاتێکدا بەخواست و ڕەزامەندی خاوەنەکانی خۆیان بووە نەک بەزۆر!. ئەوانەی لە بەرامبەر تێکدانی ئەم هۆڵانە هاواریان لێ هەڵساوە لە خۆیان پرسیوە بوونی ئەم هۆڵانە لە سالانی ڕابردوو چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟ هەروەها مانەوەیان لەداهاتوودا چ ڕۆڵێکی دەبێت!؟

ئەم هۆڵانە بەهۆی کۆنی و نەشیاوییان لەلایەک و شێواندنی چێژی بینەر بە هۆی فیلمە بێ ئەرزشەکانیانەوە لەلایەکی تر، دەمێکە ڕۆلیان کۆتایی پێهاتووە! دەمێک ساڵە بینەر لەو هۆڵانە تۆراوە، ڕاستر بڵێین دەمێکە ئەم هۆڵانە بینەریان لە سینەما تەرە کرد و سینەمایان لەبەرچاوی بینەر ڕەش کرد، سەردەمانێک لەنێو ئەو هۆڵانەی ئێمە شینی بۆ

دەکەین، گەنج و هەرزەکاری ئێمە بە نیشاندانی گرتەی ڕووت و نیمچە ڕووت کە دەئاخنرایە نێو فیلمە نیشاندراوەکان سەرگەرم دەکران، لێرەوە بۆشایی نێوان خەڵک و سینەما ڕۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبوو، تا ئەو ئاستەی چوونە سینەما شورەیی بێت و وەک کانگای فەساد سەیر بکرێت.

با لەجیاتی شینگێڕان بۆ ئەم هۆڵانە لە خەمی دروستکردنی هۆڵی شایستە و مۆدێرندا بین، با قسە لەسەر دروستکردنی هۆڵێک بکەین کە لە ئاست پێشکەوتنە سینەمایەکانی ئەمڕۆی دونیا بێت، هۆڵێک بۆ ئێستا، ئێستایەک سەد جار جیاوازتر لە جاران..!!

با قسە لەسەر ئەوە بکەین کەی لە هەولێری پایتەخت لەگەڵ کردنەوەی ئەو چەند هۆڵەی نێو مۆڵەکان چەندین هۆڵی شایستە لە شوێنی شیاودا دەکرێنەوە..؟! دەڵێین هۆڵی شایستە نەک ئەو هۆڵە نامۆیانەی نێو مارکێتەکان، ئەی کەی شارەکانیتری کوردستان دەیان هۆڵی تێدا دەکرێتەوە..؟! دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین چۆن بینەری کورد بە سینەما ئاشت کەینەوە، چۆن خێزانی کورد وای لێبێت بینینی فیلم و چوونە سینەما بەشتێکی ئاسایی و حەیاتی بزانێ!

# لوقمەی سینەما

ئەگەر کۆک بین لەسەر ئەوەی سینەما لە یەک کاتدا (هونەر و پیشەسازی و بازرگانی و سیاسەتە) ئەوە لەڕووی (هونەری)یەوە پێشینەیەکمان هەیە و بەسوود وەرگرتن لەهونەرەکانی تر، بە تایبەتی شانۆ، تا ڕادەیەک بەهرەمەندین، بەڵام لە بواری پیشەسازیدا گەلەک هەژارین، چونکە ئەم بوارە پەیوەستە بە ئامێر و تەکنیک و پسپۆری. بۆ سیاسەتەکەش جارێ دەسەڵاتی کوردی لە مەزنی پەیامی سینەما نەگەیشتووە چجای بە خزمەتی مەسەلە سیاسییەکان ئاڕاستەی بکات..!. بازرگانیەکەش کە مەبەستی ئێمەیە، تا ئێستاش زۆر کەس وای تێدەگەن کڕین و فرۆشتنەکەی (شێخ اللە یان ژێر پردەکەی سلێمانیە)..!!

برادەرێک پێیەکی لەناو کەسابەت بوو، پێیەکی لەناو هونەر بوو، نە دەیتوانی واز لەپیشەکەی بێنێ و نە لە هونەرەکەی..! ڕۆژگار هات و ڕۆیی، پشتی لە ئیشەکەی کرد و بە یەکجاری ڕووی کردە فیلمسازی، جا کە بۆ بەرهەمهێنانی کورتە فیلمێک بۆ فێستیڤاڵ بڕێک پارەی لەلایەن وەزارەتەوە پێبەخشرا و یەک دوو ژەمی چەوری خوارد..! لێیان پرسی کاکە بۆ وازت لە پیشەکەی خۆت هێنا خۆ خێری باش بوو! گوتی بابە ئێوە نازانن، لوقمەی سینەما چەورە..! وەڵڵا بابە ڕاست دەکات، ئەدی سینەما بازرگانیش ناگرێتەوە..!

لوقمەی سینەما چەورە، وەلێ ئەگەر باش هەزم نەکرێت، دەبێتە مایەی نەگبەتی و گەدە دوچاری دەردەسەری دەکات..! بۆیە قوڕبەسەر ئەو کەسانەی بە چاوی گەدەوە دەڕواننە سینەما، نەک بەچاوی مەعریفە و ژیریی..!!

# ڕۆشنبیریی سینەمایی
# ڕەشبینی تا ئاستی نائومێدی

لەو ساتەیدا کە باس لە سینەما دەکەین و لەسەر سینەما دەنووسین نا ئومێدییەک تا ئاستی ڕەشبینی بەرۆکمان دەگرێت، ڕەشبینی لەوەی کە تاهەنووکە تاقە یەک بڵاوکراوەی تایبەت بەسینەما (گۆڤار، ڕۆژنامە) لەگۆڕەپانەکەدا ئامادەیی نییە! ڕەشبینی لەوەی هیچ دامەزراوە و پرۆژەیەک سەبارەت بە سینەما لە کارنامەی حکومەتدا نابینرێت و ئاسۆی گەشەکردنی سینەما لێڵ و ناڕۆشنە!.

بەچی دەبینە خاوەن فەرهەنگێکی سینەمایی؟! بەچی سینەما بە خەڵک ئاشنا دەکەین و بەچی کایە کۆمەڵایەتیەکان بە سینەما دەناسێنین؟! لە کاتێکدا لەنێو کتێبخانەی کوردیدا خاوەنی زیاتر لە دە کتێبی تایبەت بە سینەما نین! هەژاریمان لە بورای ڕۆشنبیریی سینەمایدا لە ئاستێکی بەرزدایە و نەبوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەتمەند بەو بوارە بۆشیەکی گەورە و بەرچاوە.

دەبێ ئەوە بزانین هەموو هەنگاوێکی پراکتیکی بێ ناسین و ڕاڤەکردنی تیۆرەکان ناکامڵە و پێگەی سینەماش ئەو کاتە

دامەزراو و بەهێــــز دەبێـــــت کە لە زانســـــتی ســـــینەما بەهرەمەنـدبین و لەتەک هەنگاونـان بـۆ دروسـتکردنی فـیلم بایەخ بە بڵاوکردنەوەی زمان و فەرهەنگی سینەما بـدەین، چونکە ئەدەبیاتی سینەمایی هاوشـانی کـاری فیلمسـازییە و بێ بوونی ڕۆشنبیرییەکی تۆکمە سەبارەت بە سینەما ڕەوتی فیلمسازیش بەرەو پێش ناچێت.

بە لەبەرچـاوگرتنی ئەم ڕاسـتیانە ئەو بـزافە سـینەمایەی ئێسـتا لە کوردسـتان خەریکـی هەنگاونـانە ئەگەر پایەکـانی لەسەر مەعریفەیەکی دەوڵەمەندی سینەمایی هەڵنەچنرێت، ناگـات بە مەنـزڵ و نـابین بە خـاوەنی سـتایڵ و مـۆرکێکی سینەمایەکی دیاریکراو.

تــۆ ســەیرکە وڵاتێکــی دراوســێی وەک ئێــران کە خـــاوەنی ستایڵێکی ناسراوی سینەمان و سـاڵانە لەنێـو فێسـتیڤاڵ و چـالاکییە سـینەماییەکاندا ئامـادەییەکی بەرچاویـان هەیە، ڕۆژانە دەیان گۆڤار و ڕۆژنـامەی تایبەتمەنـد بە بوارەکـانی سینەما لەسەر خیابانەکانیان بەرچاو دەکەوێت.

دەبا ئێمەش فراوانتر لە سینەما بڕوانین و لەوە بگەیـن ئەو هـونەرە مەزنە توانـای ئاڕاسـتەکردن و خسـتنەڕووی دۆزی سیاسی و سەرجەم کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی هەیە، بەڵکو هەنــدێ جــار ئەوەی بە ســینەما دەکرێــت زۆر کــاریگەر و جێکەوتە ترە..!!

# تەکنیك و پسپۆڕیی

ئەوەی کە سینەما لە وڵاتێک دەخاتە سەر شاڕێی خۆی بوونی تەکنیکە بە هەموو پێداویستییەکانی دروستکردنی فیلم لەلایەک و بوونی کارپێکەری ئەو تەکنیک و ئامێرانەیە لە لایەکی تر، واتە پسپۆڕی و پرۆفیشناڵ بوون لە شێواز و چۆنیەتی کارکردندا، بە مانایەکی دی ئامادەیی کادری سینەماییە.

لە ڕووی تەکنیکەوە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ دەرگاکانی واڵا دەبێت بە ڕووی جیهان و ئاڵوویری ئابووریش لە هەڵکشاندایە، ئەمەش فاکتەرێکی بە هێزی هاتنە ناوەوەی ئامێر و کەرەستەی سینەماییە، هەر ئێستا ئەگەر بە خێرایی نیگا بکەین، دەبینین هێدی هێدی بەشێک لەو ئامێر و پێداویستیانە ئەگەر زۆر کەمیش بن بوونیان هەیە.

هەروەهـا لێـرە و لەوێ هەوڵـی بەردەوامـیش هەیە بـۆ هێنـانی ئـامێری پێشـکەوتووتر و باشـتر، کە مەزەنـدە دەکرێـت لە مـاوەی چەنـد سـاڵی داهـاتوودا بە هـۆی فراوانبوونی بـازاڕی دیجیتـاڵی و سـاغبوونەوەی کاڵاکـان بەشـێکی زۆر لەو پێداویسـتییە سـینەمایانە بـگەنە کوردستان، کەواتە ئەوەی جێی ئەفسووس و نیگەرانییە نەبوونی کادری پسپۆڕی پشتی کـامێرایە، کـادری پسپۆڕ بۆ هەموو پێکهاتە و بوارەکـانی فیلمسـازی، چ لەبـواری کـامێرا و دەنـگ و ڕوونـاکی و دۆڵـی و کـرێن تـا دەگـاتە مۆنتاژ یاخود تاقیگە و چـاپ و شوشـتنەوەی فـیلم ئەگەر سیسـتمی فیلمـی ٣٥ ملیمـی بـوو، هەروەهـا ڕیکـلام و پەخشـکردنی فـیلم لە تەواوی دونیـادا کەلایەنێکـی هەرە گـرنگە و پێویسـتی بە دامەزراوە و کەسـانی تایبەتمەنـد هەیە.

نەبـوونی بەشـێکی زۆر لەم پسـپۆڕیانە لە ئێسـتادا ئاسـتەنگ و تەنگژەیەکـی دیـاری بـواری فیلمسـازییە لە کوردسـتان، هەتـا کـروە پسـپۆڕییەکانی فیلمسـازیش دروست نەبێت، پێگەی سینەما لە کوردستان پـتەو نابێـت و ئەو هونەرە ناگات بە مەنزەڵی سەقامگیری و داهێنان.

ئەگەرچی جێگەی دڵخۆشییە لەم ماوەیەی پێشـوودا یەک دوو فیلم لە کوردستان بەتوانا و پسپۆڕی نـاوخۆ بەرهەم

هـــاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا چەنـــدین فیلمـــی تـــر کروەکانیان بێگانە بوون..!

دروستکردنی کادری پسپۆڕ هەوڵێکـی هەمەلایەنە و کـار و پرۆژەی درێژخایەنی دەوێت لە هەمـوو ئاستەکاندا، هەر بە تەنها ئیشی دەزگایەک نییە، پێویستە هەم وەزارەتـی رۆشـــنبیری لە رێـــی بەرێوەبەرایەتییەکـــانی هـــونەری سـینەماوە، سـاڵانە چەنـدین خـولی پسـپۆڕی لە ژێـر سەرپەرشـتی مامۆسـتای بیـانی و بەئاسـتی بەرز بـۆ هونەرمەنـدانی فیلمسـاز بکـاتەوە، هەم بە بەرنـامەیەکی پلان بـۆ داڕێـژراو کۆمەڵێـک لە لاوانـی فیلمسـاز بنێـرینە دەرەوە تـا لە دەزگـا و ناوەنـدە سینەماییەکان بەشداری خولی جۆراوجۆر بکەن.

لەم نێـوەدا نابێـت ڕۆڵ و بـایەخی بەشـەکانی کـۆلێژی هونەرەجوانەکـان لە بـواری پێگەیانـدنی کـادردا نادیـدە بگـــرین، ئەگەر لەو کێشـــانەی کە ڕووبەڕووی بـــۆتەوە ڕزگار بکرێت و پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێـت و بەشـە هونەریەکـانی فیلمسازیشـی تێـدا بکـرێتەوە و مامۆسـتای بەتوانـــا و پســـپۆڕی بـــۆ دابـــین بکرێـــت، ئەگەر ئەو پێشکەوتنە ڕوونەدات، تەنها وەک ناو دەمێنێتەوە..!

جگە لەمانەش پێویستە چەنـد پەیمانگـایەکی سینەمایی لە شـارەکانی کوردسـتان بڕیـاری کردنەوەیـان بـدرێت و

مامۆستایان بۆ دابین بکرێت. ئەو بۆچوونانەی من دوور نین لە واقیع ئەگەر حکومەت بە بایەخەوە لەو هونەرە بڕوانێ و لە ناو کارنامەی خۆیدا بی چەسپێنێ، خۆ ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە دەیان نموونەی بەرجەستە هەیە کە بە پلان و زەمینەسازی حکومەت توانراوە سینەما بخرێتە سەر ڕێچکە ڕاستەقینەکەی خۆی.

ئەمانە و دەیان ڕێگە و شوێن و پێشنیازی تر هەن بۆ دروستکردنی کادری پسپۆڕی سینەمایی، ئەگەر بە ڕاستی خەم لە سینەما دەخۆین، دەبێت جدی تر بیر لەو هونەرە مەزنە بکەینەوە و چیتر نەهێڵین سینەما لە پەراوێز دابێت، ئەمەش تەنها بەوە دەبێت سەرجەم کاروباری سینەما بسپێرین بە خودی فیلمسازان..!

# یەڵماز گونەی:
# هەمیشە بوێری، هەمیشە نەمری

هێشتا سینەما لە کوردستان ڕەوتەڕێ نەبووە، هێشتا سینەما نەبۆتە بەشێک لە ژیار و لەنێو کایەی ڕۆشنبیری ئێمەدا دیدێکی ڕۆشن بەرامبەر سینەما ئامادەیی نییە، هێشتا هەر باس باسی خراپ بەکارهێنانی سەرمایەی دەوڵەتە، هێشتا هەر خەریکی قسە و قسەڵۆک و یەکتر شکاندنین، بەڵام هێشتا یەڵماز گونەی لە دووندی نەمریدایە و بەتاسوقەوە سەیری دەکەین و ناوەکەیمان وەک ناوی خۆمان لەبەرە..!!

هەموو تەمەنی یەڵماز چل و حەفت ساڵ بوو، دە ساڵ منداڵی و چاردە ساڵیشی لە زینداندا بردەسەر، ئەرێ کەی کاتی کارکردنی هەبوو؟! چۆن توانی بیست و چار فیلمی درێژ دەربهێنێت و لە زیاتر لە ١٢٠ فیلم ڕۆڵبگێڕێت و پێنج ڕۆمان و دەیان چیرۆک و دەیان وتاری ئەدەبی و سیاسی بنووسێت..؟! بە پێداچوونەوە بە ژیان و کارەکانی "یەڵماز گونەی"دا مرۆ تووشی شۆک دەبێت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەرێ بەڕاستی ئەویش وەک ئێمە لە خوێن و گۆشت و ئێسقان پێکهاتبوو، ئەرێ بەڕاستی ئەویش وەک ئێمە کورد بوو..!! وەک ئێمە ئازاد بوو لە هەڵبژاردنی بابەتی فیلمەکانی و بەکارهێنانی زمانی دایک..!؟ یەڵماز.. یەڵماز هونەرمەندێک پڕ پڕ لە دید و خولیا، پڕ پڕ لەشۆڕشگێڕی و یاخی بوون، هەر لە پێناوی

ئەو دیدە شۆڕشگێڕیەی خۆیدا هەمیشە بەندیخانە ماڵی یەکەمی بوو، ئەو کە هەر لە بەندیخانەشەوە سیناریۆی فیلمی (ڕێگا)ی نووسی و دواتر ڕایکرد و لەفرنسا گیرسایەوە و خەڵاتی (کان)ی وەرگرت، سەرەتای ڕێگەیەکی تازە و درێژی بە ئێمە نیشاندا، ئەو ڕێگەیەی ئێمە دەباتەوە سەر ئازایەتی و دادپەروەری، دەمانباتەوە سەر هەمیشە کارکردن هەمیشە تێکۆشان، ڕێگەیەک دەسپێکی مێژوویەکی بەخوێن نووسراو کەتا هەنوکەش درێژەی هەیە و بووە بنەماو شوناسێک، کە تا ئەمڕۆش ئەم شێواز و شوناسە بەسەر فیلمە کوردیەکانەوە دیارە و ڕەوتی فیلمسازی لە کوردستان نەیتوانیوە ئەو تێپەڕێنێ، بۆیە گومان هەڵناگرێت کە (گونەی) بە دەسپێک و مێژوو بۆ سینەمای کوردی ناوزەد بکەین، مێژوویەک کە نەک هەر جێی شانازییە، بەڵکە ڕێڕەوی کارکردنمان بەرەو دونیابینیەکی مرۆدۆستانە ئاڕاستە دەکات و پێگە و پێنگاڤە بۆ داهاتووی ئەم هونەرە.

کە گوزەرێ بەنێو پڕۆفایلی ئەم هونەرمەندەدا دەکەیت، تێدەگەیت ئێمە قسە لەسەر کێ دەکەین..!! تێدەگەیت قسەکردنی ئێمە، وەسف و گوزارشتی ئێمە بەرامبەر ئەو هونەرمەندە نەک هەر لە ئاست بەرخودانی ئەودا نییە، بەڵکە مرۆ تووشی دردۆنگیش دەبێت، چونکە لەوە حاڵی دەبین کە دوای چەندین ساڵ لە مەرگی یەڵماز گونەی، گەورەیی ئەو هونەرمەندە لە کوێ و ڕەوشی نا ئارام و پەرتەوازەی سینەمای ئێمە لە کوێ..؟

# بەهمەن قوبادی؛
# هەمیشە بەردەوامی و لێوان لە سەرنج

فیلمسازی لە کوردستاندا پانتایەکی سنورداری هەیە و هێشتا ئەوانەی بە جدی سەرقاڵی ئەم کارەن، ژمارەیان کەمە، هەروەها چەندین ئاستەنگ و تێنەگەیشتنی هەمەلایەنە ئامادەییان هەیە، بەڵام فیلمی کوردی پێوانەیەکی باشی تۆمار کردووە، لەسەر ئاستی دەرەوە خاوەنی سەروەرییە و لە هەوڵی بە دەستهێنانی شوناس و خۆ نواندن دایە، ئەم کاروانە پلان و ستراتیژیەکی تۆکمەی گەرەگە تا دەگاتە مەنزڵگەی خۆی، ئەمەش پێویستی بە دەستگیرۆی و پاڵپشتیکردنێکی جدی هەیە لەلایەن حکومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، پێویستە حکومەت ستراتیژێکی ڕۆشنی هەبێت و لە ئاستێکی باڵاوە مامەڵە لە تەک سینەمادا بکات..!! پێویستە دامەزراوەکانی سینەما بە سیستەم بکرێن و دەزگای تازەتر بکرێنەوە..!!

یەکێک لەو فیلمسازە دیارانەی نێو ڕەوتی فیلمسازی کوردی (بەهەمەن قوبادی)یە، قوبادی زوو هات و زوو دەرکەوت و ناسرا، فیلمەکانی وەک خاوەن مۆرک و تایبەتمەندی چ لە ناوخۆ چ لەدەرەوە پێشوازییان لێکرا.

ئەو هونەرمەندە کوردە، ڕەنگە تاکە دەرهێنەر بێت، کە چەندین بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر هەبێت. هەیە پێیوایە ئەو دەرهێنەرە مامەڵە بە نەهامەتییەکانی ئەم نەتەوەیەوە دەکات و شەل و کوێر و گۆج و سەقت وەک هۆکاری گەیشتن بە فێستیڤاڵەکان و ختوکەدانی هەستی بینەر لە فیلمەکانیدا بەکاردەهێنێ، هەشە بە پێچەوانەوە قوبادی بە هونەرمەندی گەورەی کورد، گەورە تا ئاستی ئەفسانە دەبینێ، ئەو گروپە پێیوایە بەهەمەن ڕابەر و پێشەنگی سینەمایە لە کوردستان و هەر ئەو توانیویەتی لە ڕێگەی فیلمەکانیەوە شانازییەکی گەورە بۆ خۆی و نەتەوەکەی تۆمار بکات.

تەندروستترین بۆچوون ئەوەیە کە بەهمەن قوبادی یەکێکە لە فیلمسازەکانی کوردستان و دەرفەت و هەلی کارکردن لەلایەک و شەونخونی و ئازار و ڕەنجکێشی خۆی لەلایەکی ترەوە ئەوی کردە ئەو هونەرمەندەی کە ئێستا پەنجەی بۆ ڕابکێشین.

چی دەگوترێ و ناگوترێ، ئەو دەرهێنەرە بەردەوام لە کاردایە، کە ئێستا ئێمە لێرەوە قسەی لەسەر دەکەین، ئەو

لەنێو سەختییەکانی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی و لەپشت کامێراوە خەمی تۆمارکردنی جوانترین دیمەنی خۆیەتی و جگە لە دەنگ و سەدای ئەکشنی خۆی هیچی تر نابیسێ، ڕەنگە هەر ئەو بەردەوامی کارکردنەش بێت ئەو فیلمسازەی گەیاندبێتە ئاستێک کە چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی و کامێرای زێڕینی (کان) بەدەست بێنێ.

ئەو کورتە نووسینەی من لەسەر قوبادی لەو سۆنگەیەوەیە کە نابێت سینەماکەشمان بێدەنگ و بێ هەڵوەستەکردن و شیکردنەوە بگوزەرێ و بسڵەمینەوە لەوەی هەمانە بەرامبەر یەکتر، بەڵام گرنگە نیەتی جوانکردن و باش ئاڕاستەکردنی یەکترمان هەبێ، چونکە هەر فرێمێکی جوان خشتی ئەو تەلارەیە کە لە هزری هەر هونەرمەندێکی ڕاستەقینەدا بوونی هەیە.

# ژن و سینەما..!

ژن و سینەما لە یەک دەچن، هەر کتومت دەڵێی یەک شتن، ژن بەو هەموو ناسکیەوە لە سینەما دەچێ، سینەما بەو هەموو شاعیرییەوە لە ژن دەچێ.

سەیرە هەردووکیان پڕن لە جوانی، پڕن لە هەستی ئینسانی.

ئەم لێکچونە، ئەم لێک نزیکی و یەک بوونە، لەنێوان ئەم دوو بوونەوەرە، بەڕاستی زۆر سەر سوڕهێنەرە.

ژن مرۆڤێک لێوان لە میهرەبانی، سینەما هونەرێک پڕ لە جوانی، من و تۆ بڕوا بکەین یان نا، یەک دەگرنەوە لە ڕاستە شەقامی نیانی.

بوونی ژن لەم ژینگە پڕ چەرمەسەرییەدا هونەرە، سینەما کە کەس نای ناسێ فرە کەسەرە.

ژن لەناو سینەمادا بوونەوەرێکی زیندووە، سینەما بە بێ ژن هونەرێکی مردووە، ئیدی هەر کتومت لەیەک دەچن ئەم دوانە، گەر ئاوێتەی یەکتربن بەڕاستی ژیانە.

ئەو لە پاکی لە بەفر دەچێ، ئەم لە ڕیتمی هەلفڕێنی پەپولە هەر کتومت لە فڕین خۆی دەچێ، ئەو لە بێدەنگیدا لە باران و لە توڕەیشدا لە هەور دەچێ، هەردوو ستەمکاریان هەیە، سەرچاوەیان یەک خامەیە، ژن کۆیلەی کۆمەڵگەیە، سینەما لە ناو کۆمەڵگە بێ بەهایە.

تۆ ئەی کوردی چەوساوە، هەموو شتێ بخەلاوە، گەر دەوڵەتی کوردیت دەوێ، دەبێت ژن و سینەما سەرکەوێ..!!

# سینەما و میدیای کوردی

لەبەرئەوەی کلتوری سینەمایی لەنێو ئێمەدا هێشتا نەبۆتە بەشێک لەژیار و کۆمەڵگەی ئێمە دەتوانێت بێ سینەما و بینینی فیلم بگوزەرێنێ، بەهەمان شێوە میدیای ئێمە لەبەرامبەر سینەمادا میدیایەکی هەژارە، بەدیویێکیدی هێشتا جۆرنالیستی سینەمایی تایبەت بەبواری فیلمسازی بوونی نییە..! بۆیە سەرجەم ئەو ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنانەی لەسەر سینەما و لەگەڵ هونەرمەندانی بواری فیلمسازی ئەنجام دەدرێن، نائاگایی و ناهۆشیاریەکی تەواوی پێوە دیارە، جار هەیە کورتە فیلمێک کە کەسێک وەک ئەزمون و وەک هەنگاوی یەکەم دروستی کردووە، سەد هێندەی فیلمێکی بڵندی هونەری بایەخی پێدەدرێت..!

لەخودی ئەو پرسیارانەوە کە ئاڕاستەی ئەو فیلمسازانە دەکرێن، تێدەگەین هێشتا شتێک نییە بەناوی جۆرنالیستی سینەماییەوە، ئەم ڕەوشەش گرفتی زۆری هێناوەتە ئاراوە، خوێنەر و بینەری ئێمەی سەرلێشواو کردووە، نازانێ کام دەرهێنەر و کام فیلم ئاستی باشی هەیە و پێویستە ببینرێن و کامەشیان دەبێتە چەواشەکردنی زەوقی بینەر..!

هەر لەبەر هەژاری و کەمدەستی میدیای کوردییە، هەر ئەوەندە فیلمسازێک لەدەرەوەی کوردستان خەڵاتێکی وەرگرت، ئیدی ڕاگەیاندنکاران بەلێشاو ڕووی تێدەکەن و بە

شـــان و باڵیـــدا هەڵـــدەدەن، بـــۆ ئەوەی بـــزانن ئاســـتی فێسـتیڤاڵەکە و بەهـای ئەو خەڵاتەی وەریگرتـووە چیـیە..! بەپێچەوانەوەش لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا فیلمسـازانی کـورد زۆر خەڵاتـی گرنگیـان بە دەسـت هێنـاوە، کەچـی لای میدیای ئێمە نەبۆتە جێگەی بایەخ و لە پەراوێزەوە ئاماژەی پێدراوە..!

بەشێک لە ڕۆژنامەکـانی ئـێمە ئەوەنـدەی هەڵـوەدای زانینـی بـڕی بـوجەی دیـاریکراوی فیلمـێکن و بە مانشـێتی گەورە بنوسـن فـلانە فـیلم ئەوەنـدە ملیـۆن دینـاری بـۆ سـەرفکرا، ئەوەندە بەدوای ئاستی هونەری و پەیامی فیلمەکەوە نین..!

خراپـی یـان لە ئاسـت پێویسـت نەبـوونی میـدیای کـوردی بەرامــبەر ســینەما بــۆ زۆر هۆکــار دەگەڕێــتەوە، ڕەنــگە دیارترینیان ئەو نامۆی و نائاشـنابیە بێـت لە نێـوان تـاکی کــورد و ســینەما بەتــوێژی ڕۆشنبیرانیشــەوە، هێشــتا ڕوونـاکبیری ئـێمە، سیاسـەتمەداری ئـێمە، وەرزشـەوان و سەرنووســەران و بــاقی چینەکــانیتر لەخۆشــاو و چێــژ و سیحری فیلم بینیندا بەهرەمەند نین، هێشـتا دۆخـی زەوق و چێــژ و بینــین بــۆ ســینەما لای تــاکی کــورد نۆرمــاڵ و تەندروسـت نـیـە..! هێشـتا چـوونە سـینەما نەچـۆتە نێـو پرۆگرامـی ڕۆژانەی هەر تـاکێکەوە ئامـادەیی نـیـە، هێشـتا هەمووومــان دەتــوانین بــۆ بینینــی فــیلم ڕۆژەکانمــان بگوزەرێنین..!

# سینەما و ڕۆمان
# ڕۆماننووس و فیلمسازانی کورد..!

ڕۆمان لە ڕێگەی وشەوە، وێنەیەک لە هزری خوێنەر دەخولقێنێ، وێنەیەکی نابەرجەستە، واتە خەیاڵی هەر خوێنەرێک ئەو وێنانە بەجۆرێک بەرجەستەی دەکات و شێوەی پێ دەبەخشێت، ئەمەش فرە ڕوانین و فرە چوارچێوەی جیاواز بۆ کارەکتەرەکان و فەزای گشتی ڕۆمانەکە دەهێنێتە ئاراوە.

گۆتەیەک لە سەر ڕۆمانی (زۆربا)ی ڕۆماننووسی ناوداری یۆنانی (نیکۆس کازنتزاکی) هەیە دەڵێ، پێشتر خوێنەران زیاتر لە وێنەیەکیان لەسەر کارەکتەری زۆربا دروستکرد بوو، بەڵام کە ئێستا فیلمەکە دەبینن یەک وێنە و یەک کارەکتەر لە زهنیان جێگیرە، ئەویش (ئەنتۆنی کوین)ە، لە کوێ باسی زۆربای یۆنانی بکەین کوین ئامادەیە، زەحمەتە ئەو وێنە بەرجەستە و داتاشراوەی زۆربا بە ئاسانی بگۆڕێت.

دەتوانین هەمان لێکدانەوە بۆ فیلمی (عومەر موختار) بکەین،کە بەهەمان شێوە ئەنتۆنی کوین ڕۆڵەکەی دەگێڕێ، موختار لە کەسایەتیەکی نێو لاپەڕەکانی مێژوو بوەتە کەسایەتیەکی بەرجەستەکراو، هەرکە باسی ئەم پیاوە دەکرێت کە چۆن بەربەرەکانی ئیتاڵیەکانی کردووە بۆ ڕزگاری لیبیا، ئەنتۆنی کوین بە کڵاو و بەرگ و پۆشاک و ڕیشێکی سپیەوە ئامادەیە، هەڵبەتە بۆ ئەوانەی فیلمەکەیان بینیوە. بەو مانایە لە سینەمادا کارەکتەرەکان بەرجەستە دەبنەوە، سیما و ئەدگاری تایبەت وەردەگرن، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی گشتگیر نییە و بەسەر تەواوی کارەکتەری نێو دەقە ئەدەبیەکاندا جێبەجێ نابێت، بۆ نموونە (هاملێت)ی شێکسپیر لە سینەمادا بە چەندین شێوە دەبینین، هەر دەرهێنەرە و بە پێی لێکدانەوەی خۆی ئەم کارەکتەرە دادەڕێژێتەوە. بەڵام بە گشتی سینەما فرەیی خوێندنەوە و ناسین و شێوەی کارەکتەرەکان بەرتەسک دەکاتەوە و کارەکتەری ناو هەندێ ڕۆمان کە لەلای خوێنەر نەیتوانیوە بناسرێت و لە بیر نەچێتەوە، ئەوە لە ڕێگەی سینەماوە تەواو لای بینەر دەناسرێ و جێگیر دەبێت.

بنەمای دروستکردنی وێنە لە ڕێی وشەوە لە خەیاڵ و فانتازیایەکی قوڵی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو خوڵقێنەری ئەو جیهانە فراوانەیە کە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا دروستی کردووە، دید و جیهانبینی نووسەریش

هەرچەند ڕەگ و قوڵایی لە نێو خەیاڵدا بێت، بەدەرنییە لە کاریگەرییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر.

بەڵام پرۆسەی دروستکردنی وێنە لە سینەمادا تەواو جیاوازە، چونکە لێرەوە هەوڵ دەدرێت وشە و دێڕە نووسراوەکان بکرێن بە وێنەیەکی ڕاستەقینە، وێنەیەک لە منداڵێکەوە، تا نەخوێندەوارێک، تا هەموو کەس دەتوانێ ببینێ و سەیری بکات و لێی حاڵی بێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە قوڵایی و خەیاڵ لە پشت ئەو وێنانەوە ئامادەییان نەبێت، بەکورتی ڕەنگە جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان وێنە لە سینەمادا و وێنە لەنێو ڕۆماندا ئەوەبێت، کە وێنەی سینەمایی هەست پێکراو و بینراوە و وێنەیەکە ڕاستەوخۆ و ڕووت دەگوازرێتەوە و بینەر بە جیاوازی ڕەگەز و پێکهاتەی تێی دەگات، بەڵام وێنە لە ڕێگەی وشەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زمان و مۆسیقای وشەش پەیوەندارە بە زمانی ئەو خوێنەرانەی قسەی پێدەکەن.

رەنگە ڕۆمان گرنگترین ژانری ئەدەبی بێت کە سینەمای جیهانی سوودی لێ بینیووە، تا ئێستا چەندین فیلمی ناوداری جیهانی لە ڕۆمانە بەناوبانگەکان دروست کراون.

رۆمان و سینەما وەک دوو ژانر زادە و دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی مۆدێرنن و ئاستی کاریگەریان هەروەها قوڵایی و دونیابینیان لە پلەیەکی بەرزدایە، فانتازی و بنەماکانی کارکردنیان وەک باڵادەستی گێڕانەوە و فراوانی ڕووداو و پڕ

بـــوون لە ســـیحر و ئەفســـون زۆر لە یەکتـــرەوە نـــزیکن، ئەگەرچـی مێـژووی ڕۆمـان زۆر کـۆنە و سـینەما هـونەرێکی تازەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ڕۆمان و سینەمادا هەیە بـاوەڕ نـاکەم لەنێـوان هـیچ ژانرێکیتـری ئەدەبیـدا هەبێت.

لەســەر ئەم پەیوەنــدییە دیــد و بۆچــوونی جیــاواز هەیە، بەرەیەک پێیوایە سینەما قەت ناتوانێ ئەو قوڵاییەی لە نێو ڕۆمانــدا هەیە بگــوازێتەوە بــۆ ســەر پەردەی ســینەما، بە جـــۆرێکیتر ئەوەی لە خوێنـــدنەوەی ڕۆمانێـــک دەســـتت دەکەوێــت، قەت ئەو فــیلمەی لەو ڕۆمــانەوە دروســتکراوە ئەوەت پێنابەخشــی..! لە بەرامبەریشــدا بۆچــوونی جیــاواز هەیە، کە پێیوایە ڕاستە ئەدەبیـاتی جیهـانی خـاوەن دەیـان ڕۆمانی شاکارە، بەڵام سینەما بەو تەمەنە کەمەی هەیەتـی لە چـــاو ڕۆمانـــدا، تـــوانی پێشـــڕەوی بکـــات لە ڕووی بەدەستهێنانی بینەرێکـی زۆر و لـە دەسـتەبژێرێکی خەڵـکەوە ببێــتە پێداویســتییەکی گشــتی جەمــاوەری، چــونکە زمــانی وێــنە، زمــانێکی نێــونەتەوەییە و هــونەرێکە چوارچێــوەی زمانی وشە و نیشتمانی بڕیوە، هەروەها لەگەڵ پێشکەوتنە هەمە لایەنەکـــانی تەکنەلۆژیـــا، مرۆڤـــی ئەم ســـەردەمە کەمتـــرین کـــاتی هەیە، بەوە ســـینەما گـــرەوی لە ڕۆمـــان بردۆتەوە، چـونکە ئەگەر بـۆ خوێنـدنەوەی ڕۆمانێـک چەنـد ڕۆژێکت پێویست بێت ئەوە بە چەنـد کاژێرێـک لە سینەمادا ئەو ڕۆمـانە دەبینــی. بیــر و بۆچوونەکـان هەر چۆنێـک بـن

لەسەر پەیوەندی ئەو دوو بوارە گرنگەی مرۆڤایەتی، ڕۆمانووس و فیلمسازانی جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ لە خولقاندنی پرۆژەی گەورەی هاوبەش بەردەوامن، پرسیارەکە ئەوەیە پەیوەندی نێوان ئەم بوارانە (ڕۆمان و سینەما) لە کوردستان چۆنە، ئاشنایەتی لە نێوان فیلمسازان و ڕۆماننووسان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەرهەمی باشی لێبکەوێتەوە؟!

بەسەرنجدان و بەدواداچوونی ئێمە سەبارەت بەو دوو کایە گرنگەی ڕۆشنبیری لە کوردستان پەیوەندییەکان لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، جگە لە چەند هەوڵێکی بچووک هیچیتر بەرچاو ناکەوێت، بەداخەوە نووسەران و ئەدیبانی ئێمە بە دەگمەن نەبێت سەیری فیلم ناکەن و لە چێژی بینینی فیلمدا بەهرەمەندنین، لە بەرامبەریشدا بە دەگمەن فیلمسازێک دەبینی ڕۆمان بخوێنێتەوە و ئاگاداری ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕۆمانی کوردی بێت.

نزمی ئاستی ئەم پەیوەندییانە و دوورەپەرێزی ئەو دوو بوارە گرنگە لە یەکتر، بۆ هەردوولا مایەی هەڵوەستەکردنە، بەپێچەوانەوە ئەو دوو بوارە بەیەکەوە بەرکەماڵ دەبن و وەک پاڵپشتێکی بەهێز دەتوانن هاوکاری یەک بکەن، چ سینەما و فیلمی کوردی لە قۆناغی گەشەکردنیدا پێویستی بە ئەدیبانی کوردە پشتی بگرن و وزەی پێ ببەخشن، چ ڕۆمانی کوردی پێویستە لە جوغزی

نوخبە و توێژی خوێنەران بێتە نێو فەزای گشتی کۆمەڵ و هەموو خەڵک لە ڕێی شاشەوە بە تێز و ئەندێشەکانی نووسەر شادبن.

لە میانەی قسەکردنمان لەسەر پەیوەندی ئەدیب و نووسەرانی کورد بە فیلمسازان دەبێت ئاماژە بە چەند هەوڵێک بدەین، کە لەم دوو کایە گرنگە هاتۆتە کایەوە، یەکێک لەو فیلمانەی ئەگەرچی تێڕوانینی جیاوازی لەسەرە و تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە بە فیلمی کورد لەقەڵەم بدرێت یان نا، بەڵام چیرۆکی ئەم فیلمە (نێرگز بووکی کوردستان) چیرۆکنووسی کورد بەڕێز (حەمە فەریق حەسەن) نووسی بووی، لۆکەیشن و سەرجەم ئەکتەر و جلوبەرگی فیلمەکەش کوردی بوون، کە دەتوانین ئەمە وەک سەرەتایەکی کارکردنی ئەو دوو بوارە لە کوردستان ناوزەد بکەین.

هەروەها چیرۆکی گەلەگورگی مامۆستا (حسێن عارف) لە لایەن تەیفور پەتایی و لە نواندنی هونەرمەند مەهدی ئومێد و بە کامێرای سینەمایی و لە لۆکەیشنێک نزیک لە کوردستان کاری تێداکراوە، هەمان چیرۆک لە گۆشەنیگایەکی ترەوە هونەرمەند (جەلیل زەنگەنە) بە ناوی (کەژاوەی مەرگ) و لە نواندنی (جیهاد دڵپاک) وەک فیلمێکی نیوە بڵند کاری تێدا کردووە، ئەگەرچی هەردوو دەرهێنەر لە خستنەڕووی پەیامی فیلمەکە لەگەڵ نووسەر ناکۆک وەستاونەتەوە، تەیفور پەتایی یاخیبوونی بارامی

قارەمانی چیرۆکەکەی لە کۆمەڵگە بە مەسەلەی بەعس و جینۆسایدی کورد بەستۆتەوە، هەر لەم پێناوەشدا گورگان خواردو دەبێت، جەلیل زەنگەنەش ئاوێتە بە خەون و خەیاڵ و لە ڕێی خەون بینینەوە لە یاخی بوون پەشیمان دەبێتەوە و لە ناو سروشت و گورگە چوار پێکاندا بارام دەگەڕێنێتەوە ناو گورگە دوو پێکانی ئاوایی، واتە هەڵوێستی پاڵەوان لە نیوان دیار و نادیار بە هەڵواسراوەی دەمێنێتەوە. پەیامی چیرۆکی گەلەگورگ لە کۆتاییدا بەرجەستە دەبێت، حسێن عارف پەیامێکی ڕوونی هەیە کە باس لە بێهودەیی یاخیبوون دەکات و بە خوێنەر دەڵێ مرۆڤ ناتوانێ دوور لە کۆمەڵگە بژی، هەر چەندە بەهێز بێت دواجار دەبێت بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵ، وەک لە کۆتاییدا بارام بە خێزانەکەی دەڵێ: "جلوبەرگی منداڵەکان و خۆم و خۆت، بپێچەرەوە و ئامادەبن. دەچینەوە ناو کۆمەڵگای گورگی دووپێ!".

لەم چەند ساڵەی دوایشیدا ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ڕووناکبیری گەورەی کورد ئیبراهیم ئەحمەد، لەلایەن هونەرمەند (جەمیل ڕۆستەمی) و بە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی هێرۆخان وەک فیلمێکی سینەمایی کلاسیکی هاتە دروستکردن، کە دەرهێنەر تەواو خۆی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەستۆتەوە و یەکێکە لە فیلمە جوانەکان کە بینەر بە تاسوقەوە دەتوانێ سەیری بکات تا کۆتایی، ئەگەرچی دەرهێنەر هەموو هەوڵێکی بۆ دروستکردنی ئەم فیلمە بە

بنەماگرتنی ڕۆمانەکە بووە، واتە خۆبەستنەوە بە ناوڕۆکی ڕۆمانەکە و گواستنەوەی بۆ سەر شاشە، بەڵام لە گێڕانەوە و هەڵبژاردنی ئەکتەر و لوکەیشن جێ دەستی دیارە، واتە هەوڵی داوە لە ڕێگەی زمانی سینەماوە کە زمانی وێنەیە، هەروەها لە ڕێی ڕیتم و گۆشەنیگای کامێراوە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە و نەهێڵێت بینەر دابڕێت.

سەرەڕای ئەو هەوڵانەی ئاماژەم پێدا، دەبێت لە ئاست بەڕێز (شێرزاد حەسەن) هەڵوەستەیەکی جدی بکەین، ئەگەرچی ئەو تەنها چیرۆکی گەڕەکی داهۆڵەکانی لەلایەن هونەرمەند حەسەن عەلی کراوەتە فیلم، بەڵام ئەو کەسێکی بە ئاگا و نزیک لە سینەما و چالاکی فیلمسازیە و لە چەندین فێستیڤاڵدا وەک لیژنەی سیناریۆ کاری کردووە، هەروەها لەگەڵ هونەرمەند سەربەست ڕەسوڵ سەرقاڵی بوون کە نۆڤلێتی "تەمی سەر خەرەند" بکەن بە فیلمێکی سینەمایی، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بە نیوەچڵی مایەوە و نازانم بۆ بەئەنجام نەگەیشت؟! لە گەڕەکی داهۆڵەکاندا ئەوەی کە بۆ من مایەی سەرنجە، کارکردنە لەسەر داهۆڵ وەک سیمبول بۆ پەککەوتەیی مرۆڤ، کاتێک بێ ڕۆڵ و کاریگەر، وەک بوونەوەرێکی مردوو دەیگوزەرێنێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ڕۆژێک دێت داهۆڵەکانیش دێنەگۆ و زوڵم و زۆرداری تاسەر نابێت، من وای دەبینم کارکردن لەسەر چیرۆکەکانی مامۆستا شێرزاد حەسەن و گواستنەوەیان بۆ سەر شاشە گەلێک سەختە، چونکە ئەو هێندە ڕۆدەچێتە

نــاو نــاخی کارەکتەرەکــان و حــاڵەتەکە دەروونیەکــان بەشـێوەیەک دادەڕێژێـت زەحـمەتە فیلمسـازی کـورد بتـوانێ ئەمە لەچوارچێـوەی وێـنەدا بەرجەسـتە بکـات، ئەگەرچـی کارەکتەرەکـانی شـێرزاد خـاوەن بـیچم و فـۆرمی خۆیـانن، بەڵام ئەو خوێنەرەکـانی دەبـاتە ژوورەوە و  نــاو هەنــاوی کارەکتەرەکانی پـێ دەگێـڕێ، بە جۆرێـک فـۆرم هەر لە بیـر دەکرێـت، بـۆ نمـوونە لە چیرۆکـی ڕەنگـاڵەدا، (حەسـەن)ی پـاڵەوانی چیـرۆکەکە دەبینـین کە هەمـوو گیـانی بە بـۆیەی ڕەنگـاوڕەنگە و لـە شـێوەی ڕەنگـاڵەدایە، بەڵام شـپرزەیی و شـێواوی بـاری دەروونــی حەسـەن و کێشمەکێشـم لە نێـوان عەشق و شانۆ و هەژاری و کارکردندا زیـاتر ڕەنـگەڵەیەکەی نــاخی حەســەن دەبینــین نەک دیــوی دەرەوەی، بێگومــان ئەمەش بـــۆ فیلمســـاز خەیـــاڵێکی زۆری گەرەکە تـــا ئەم هەســـتانەی نـــاوەوەی پـــاڵەوان بکـــاتە وێنەیەکـــی بەرجەستەکراو.

سەرەڕای ئەوانەی باسمان کردن، نابێت هەوڵە جوانەکـانی بەڕێز (جەمـال جەبـار غەریـب) لە بیـر بکەیـن، کە ئەویـش وەک ڕۆماننووسـێک بە تەنـگ مەسـەلەی سینەما و نزیـک بوونەوەی ئەو دوو بوارەیە، مامۆسـتا جەبـار لە نووسـینی دیالۆگ بۆ فیلمی سینەمایی (سرتە لەگەڵ بـا)ی هونەرمەنـد (شەهرام عەلیدی)دا ئەو هەستەی لای ئـێمە دروست کـرد کە دەبێت سینەما و ڕۆمانی کـوردی لە تەک یەکدا و هاوشـانی

یەک ئەو ڕێگەیە ببڕن کە دەمانباتەوە سەر ڕاستە شەقامی خولْقاندنی بەرهەمی جوان.

لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە ڕەشبینیمان نیشاندا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ڕۆمان و سینەما لە کوردستاندا، بەڵام ئەو هەوڵانەی لێرەوە تیشکی خرایەسەر و چەندین ئەزموون و کارکردنیتریش ئەنجامدراوە، کار لەسەر چیرۆکی هەر یەک لە بەڕێزان: (ڕەوف بێگەرد، ئازاد ئەرگوشی، ئاکۆ کەریم، ..هتد) کراوە.

ئەم هەوڵ و هەنگاوانەش ئەگەر بە پچڕپچڕیش بووبێت وەک دەسپێک مایەی گەشبینیە و ئەگەر ئەم گفتووگۆیانەش بۆ بەهێزکردنی ئەم دوو بوارە پەرە پێ بدەین دڵنیام لە ئایندەدا سینەماکەمان لە ڕێی کۆمەکی نووسەران و ئەدیبانی کوردەوە ئاستێکیتر بە خۆوە دەگرێت و ڕۆمانی کوردی لە دووتوێی فیلمدا بە دیدی بینەرانی شاد دەبێت.

# سیناریۆ:
# ڕەگی لە نێو ژیاندا و باڵای لەنێو خەیاڵدا

بێگومان سەرچاوەی هەر بیرۆکەیەک بۆ نووسینی سیناریۆ خودی واقیع خۆیەتی، واتە بنەما و بنچینەی هەر بیرۆکەیەک کە دەبێتە خاڵی دەسپێک بۆ نووسینی سیناریۆ کرۆکی ژیان خۆیەتی. لەهەر کوێوە دەست پێ بکەین و لەهەر ژانرێکی ئەدەبی و کەناڵێکەوە سود وەرگرین بۆ نووسینی سیناریۆ سەرچاوەکەی هەر واقیعە، واقیعی کۆمەڵایەتی بە ئاست و ئاڕاستە جیاوازەکانەوە، مادەی هەر بیرۆکەیەک و دواجار هەر سیناریۆیەکن، بەڵام ئەوە دەربڕینێکی گشتگیرە، چونکە دواجار بۆ نووسینی سیناریۆ چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لەبەر دەستدان، هەریەک لەو سەرچاوانە دەشێ بۆ نووسینی سیناریۆ بکرێنە بنەما.

لەنێو قۆناغەکانی سینەمای جیهانیشدا هەر هەموو سەرچاوەکان ئەزمون کراون و چەندین فیلمی پایە بڵند وەک نموونە لەبەر دەستدان.

ژیانی سەرجەم کۆمەڵگاکانی جیهانیش، لەوپەڕی پێشکەوتووەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی دواکەوتوویی و داخران، فیلمێکی بێ کۆتایە، سەرجەم بنەما دراماییەکان لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا ئامادەییان هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەدوو خاڵی گرنگ کە (ململانێ و گۆڕانکارییە).

ململانێ و گۆڕان دوو خاسیەتی هەرە گرنگی ژیانن، هیچ کۆمەڵگەیەک نییە لەنێو تۆڕێک لە ململانێی سیاسی و سایکۆلۆژی نەناڵێنێ، هەر لە ململانێ چینایەتییەکانەوە تادەگاتە کێشمەکێشمی سیاسی و کوشتوبڕ، دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە ململانێ (conflict) یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە گرنگەکانی دراما، بێ ململانێ سیناریۆی هیچ فیلمێک ناگاتە ترۆپک و ئامانجی خۆی ناپێکێت، ئەمەش دیسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیان خۆی ململانێیەکی نەبڕاوەی بەردەوامە، بۆیە دەشێ ڕووداوەکانی دەوروبەر باشترین و ڕاستگۆترین بیرۆکەبن بۆ هەڵچنینی سیناریۆی فیلم، جا ئەم ڕووداوانە دەشێت لەنێو ژیانی

خۆمـان و خانەوادەکانمـان یـان دراوسـێ و گەڕەک و کۆمەڵگە هەڵهێنجرابن، بێگومان لەنێو ڕووداوەکانیشدا جیـاوازی هەیە، ڕووداوی نـاوازە و قـوڵ و پـڕ لە ئەفسـون و تەلیسم هەیە، کە ئەمەیـان مـرۆ دەخـاتە بەردەم ڕامـان و بیرکـردنەوە، واتە شـتێکی تـازە بە بەرامبەر دەبەخشێ کە دووبـارە و بیسـتراو و وەڕسکەر نییە، ڕووداوێک جێگەی سەرنجە و لە هیچ ڕووداوێکی تـر ناچێـت، واتە خـاوەن تایبەتمەنـدییە، لە بەرامبەریشـدا ڕووداوی سـواو و بـێ ڕەهەنـد هەیە کە چەند بارە و سەد بارەن، بینەر بە ڕوودانیان ڕاهـاتووە و بـووەتە شـتێکی ئاسـایی، لەو جـۆرە ڕووداوانە بیـرۆکەی بـاش دروست نابێـت و ناتوانرێـت بـڕوا بە بینەر بهێنرێت ئەوەی دەیبینێ شتێکی تازەیە..!

هەوڵی سەرجەم سیناریست و دەرهێنەرانی دونیاش بـۆ ئەوەیە شـتێکی تـازە نیشـانی بیـنەر بـدەن، بیـنەریش هەمیشە لە چاوەڕوانی شتێکی تازەدایە بۆ ئاودێرکردنی ڕۆح و یەکلاکـردنەوەی کێشـە ناوەکییەکـانی خـۆی و وەڵامـدانەوەی بەشـێک لەو پرسـیارانەی هەراسـانی دەکەن.

ڕەنگە ڕووداوی گەلێک ناوازە و سەرنجڕاکێش هەبێت، کە ببێـتە بنەمـای دروسـتکردنی فیلمـی بـاش، لەلای

خۆشمان ڕۆژانە گوێبیستی دەیان چیرۆک و ڕووداوی سەرنجبەر دەبین، هەر لە چیرۆکی جیاجیای سوتانی ژنان تا دەگاتە دەیان ڕووداوی ناوازە و سەرسوڕهێنەر، کە دەشێ هەڵوەستە لە ئاستیاندا بکەین و ببنە کەرەستەی دروستکردنی سیناریۆ، نمونەی جیهانییش لەبەر دەستدایە کە دەیان فیلم لە ڕووداوی ڕۆژانەوە وەرگیراون.

چیرۆک و کورتە چیرۆک، نۆڤلێت و ڕۆمان، تێکستی ئەدەبی، شانۆنامە، وتاری ئەدەبی، یاداشت و بیرەوەری، ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە کەناڵێکی گرنگ بووە بۆ دروستکردنی فیلم، چونکە ئەدەب مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە و پەنجەرەیەکی گرنگ بووە بەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا تا دەگاتە گرفتەکانی تاک و گەڕان بەدوای پرسیارە گەردوونیەکان و شەڕە بەردەوامەکانی ناخی مرۆڤ. لەم نێوەشدا چەندین قوتابخانەی ئەدەبی بۆ گوزارشت و دەربڕین هاتوونەتە ئاراوە، بۆیە سینەما هەر لە یەکەم هەنگاونانیدا سوودێکی گەورەی لەو سەرمایە دەوڵەمەندەی بیری مرۆڤ بینی و لەم نێوەشدا چەندین شاکاری گەورەی جیهانی کراونەتە فیلم، چ لە شانۆنامەکانی ولیەم شێیکسپیر و ڕۆمانە بەرزەکانی

دونیـــا، تـــا دەگـــاتە بیـــرەوەری و ژیاننـــامەی گەورە نووســـەران. ئەم کـــارکردنە لەســـەر ئەدەب بەردەوامـــی هەیە و بەجۆرێـــک بەشـــێک لە نووســـەران بە تەواوی کـاتی خۆیـان بـۆ نووسـینی سـیناریۆ لەسـەر تێکسـتە ئەدەبیەکـان تەرخـان کـردوە، دیـارە تـا ئێسـتا و بـۆ ئایـندەش کـارکردن لەسـەر دەقـی ئەدەبـی بەتـایبەتی ڕۆمـان شـێوازی جیاجیـای بە خـۆوە بینیـوە، کەمجـار ڕێـــک کەوتـــووە سینارســـت و دەرهێـــنەر دەقـــاودەق پابەنـــدبن بە گواســـتنەوەی ڕۆمـــانەکە، چـــونکە دروسـتکردنی وێـنە بە وشـە تەواو جیـاوازە لەگەڵ ئەو وێنە ڕاستەقینەیەی بینەر لە سینەمادا بەری دەکەوێت.

ڕووداو و بەســـــــــەرهاتە مێژووییەکـــــــــانیش وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسـینی سـیناریۆ دەتـوانرێ سـوودیان لـێ ببینـرێ، لەم نێوەشـدا چەنـدین فیلمـی گەورەی جیهـــانی لەبەردەســـت دان، کە بابەتەکانیـــان داستانە مێژووییەکانە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، دەست بردن بـۆ ئەم بـابەتە مێژووییـانە دووبـارە نووسـینەوەی مێـژوو نیـیە، بەڵکـو ئەو بەسـەرهاتە مێژوویـانە بەشـێوەیەک کارییـان لەسـەر دەکرێـت کە قسەیەک بێت بۆ ئەمڕۆ، جـا وەک پەنـد وەرگـرتن بێـت لە ڕابردوو یان ڕاڤەی واقیعی ئێسـتای لەئەسـتۆ بێـت،

هونەرمەنـــد مێژوونــوس نیـــیە، بەڵکـــو مێـــژووە بە باکگراونـــــد و بیرکـــــردنەوەی ســــــەردەمی ئێســــتاوە دەخـــاتەڕوو، بە دیـــوێکی دی دروســتکەری مێـــژووە لە فۆڕمێکی هونەری و زاخاو بە جیهانبینی خۆی.

زۆرجاریش دەوڵەتـان پـارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییـانە بکـرێنە فـیلم، ئەمەش هەر بە ئایـدیا و دیـدێکی ئامانجـدارەوە، کە مەبەسـت شـــــکۆدارکردنی ســــــەروەری ڕابـــــردووە بەســـــەر سـەروەرییەکانی بەرامـبەردا، واتە لێرەشـدا مێـژوو بـۆ مێـــژوو نیـــیە، بەڵکـــو بـــۆ ئامـــانجێکی دیـــاریکراوە لە ئێسـتادا. بە هەمـان پێـوەر کـارکردن لە ئەفسـانەکان و زینـدووکردنەوەیان لەنێـو کـاری سینەمادا بـێ ئامـانج نییە، دەرهێنەر دێت لە پشت ئەو خەیاڵ و فانتازیایەی لە ئەفســانەدا هەیە دیـدی خـۆی تێـدا جێـدەکاتەوە، بەجۆرێـک کە زەوق و سـەرنجی بیـنەر ڕابکێشـێ و لەو پەنایەوە قسەی خۆی بکات، ڕەنـگە هەنـدێکجار ئەوەی لەنێـــو ئەفســـانەدا هەیە زۆر نزیـــک بێـــت لە خەیـــاڵی سینەمایی و جۆرێک لە ئازادی کارکردن بە هونەرمەنـد بـــدات تـــا داهێنـــانی خـــۆی تێـــدا بخـــاتەڕوو، چـــونکە پایەکانی ئەفسانە لەسەر خەیاڵ هەڵچنراوە، بێگومـان خەیاڵیش سنوری نییە و هونەرمەند خۆی چوارچێوەی

بۆ دادەتاشێ و مانای پێ دەبەخشێ و دواتر لە واقیعدا بەرجەستە دەبێتەوە.

بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی باش مەرج نییە سیناریست ڕاستەوخۆ بەر بیرۆکەیەک بکەوێت، بەڵکو زۆر کەناڵی پەیوەندیدار بەواقیعەوە هەیە، دەشێ وەک سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە پشتی پێ ببەسترێت، ئەویش ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانن، ڕۆژنامەکان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بە بوونی ئاست و هۆشیاری جیاوازەوە دەشێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ تەماشا بکرێن بۆ ئاشنا بوون بە کێشە و ململانێکانی نێو کۆمەڵگە، ئەگەرچی ئاستی ڕۆژنامەگەری هەر ناوچەیەک لە خستنەڕووی ژیانی کۆمەڵگەکەی جیاوازی هەیە، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی گشتی و بەشێوە ستانداردەکەی باسی دەکەین کە دەبێت ڕۆژنامە ئاوێنەی چالاکی و بزاوتە کۆمەڵاتییەکان بێت، بۆیە دەشێ لەنێو ڕۆژنامەکاندا هەواڵ و ڕیپۆرتاژی جۆراوجۆر هەبن، کە بیرۆکەی باشییان لێ دروست بکرێت.

بابەتی نێو ڕۆژنامەکان لە دوو لاوە سەرچاوەی گرنگن بۆ دروستکردنی بیرۆکەی باش، لەلایەک ڕۆژنامەنووس وەک فیلمساز هەوڵی بابەتی ناوازە و

تازە دەدات تا ڕاپۆر یان بەدواداچوونی لەبارەوە بکات بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرەکانی، بۆیە گرنگییەکی زۆر دەدات بەئەکت و گرێی درامی بەسەرهات و بابەتەکان، لەلایەکی تر بوونی ئۆرژینالی ئەو ڕووداوانەیە کە تاڕادەیەکی باش لە ژیان و گوزەرانی خەڵک نزیکن، ئەمەش دووبارە وادەکات بیرۆکەکە زۆر لەڕاستییەوە نزیک بێت و تایبەتمەندی هەبێت.

بێ گومان لەگەڵ ئەوەی باسکرا، چەندین سەرچاوەی تر هەن، کە سیناریست دەتوانێ وەک سەرچاوەیەک بۆ نووسینی سیناریۆ سوودی لێ ببینێت، دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت سیناریست بێ سنوور ئازادە چۆن سوود لە سەرجەم دیاردە و دەرکەوتەکانی ژیان وەردەگرێت بۆ نووسینی سیناریۆیەکی سەرکەوتوو.

# وێنە بۆ وێنەی جوڵاو
# بنەما و پێکهێنەری سینەما

وێنە دایکی سینەمایە و سینەما لەوێنەوە سەری هەڵداوە، بۆیە بە باشی دەزانین بگەڕێین بە دوای ئەو سەرچاوانەی کە دەستنیشانی پەیدابوونی یەکەمین وێنەی فۆتۆگرافی دەکەن.

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، وێنەی سەر ئەشکەوتەکان یەکەمین گوزارشتی مرۆڤ و یەکەمین زمانپژانی مرۆڤ بوون، هەروەها یەکەمین ئاخاوتنی مرۆڤ بووە لەگەڵ یەکتر، بەڵام ئێمە باس لەو وێنەیە دەکەین کە مرۆڤ بەدەست نەی کێشاوە، بەڵکو بەو ئامێرە کێشاویەتی کە

بەرهەمــی ئەقڵــی خــۆیەتی، ئەم وێــنەیەش ســەرەتا لە بیرۆکەیەکــی ســادەوە ســەری هەڵــداوە و دواتــر پێبەپــێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا ئەو ئاستەی ببێتە هونەرێکی مەزن و ڕەگەزێکی بنچینەیی ڕۆژنــامەوانی و تۆمــارکردنی مێــژوو و ڕووداوەکــان تــا دەگــاتە ئەوەی ببێــتە بەردی بنــاغەی هاتنەکــایەوەی هــونەری حەوتەم (ســینەما) کە وێنەی جوڵاوە.

لێرەدا هەوڵــدەدەین باســی ئەو هەوڵ و هەنگــاوانە بکەیــن کە لەلایەن چەند زانایەکەوە نراون بۆ بەدیهێنانی وێــنەی جێگر و وێنەی جوڵاو.

ساڵی ١٨٢٤ (پیتەر مارک ڕوگێت) تیــۆری خــۆی خستەڕوو ســــەبارەت بە بینینــــی ئەو شـــــتانەی بەردەوام لەبەر چاوماندا لە جوڵاندان، ئەمەش بووە بنەمایەک و گەشەی کــرد بــۆ ئاســتی نیشــاندانی وێــنە). ئیــدی لەدوای ئەو تاقیکردنەوەیەی ڕوگێت زانایان لەهەندێ شوێنی ئەوروپا ئەو بابەتەیــــان بە جـــــدی وەرگـــــرت و چەنـــــدین تاقیکردنەوەیــــان لەســــەری ئەنجامــــدا، کە زیــــاتر لە گەمەیەکــی منــدالانە دەچــوو، وەک دروســتکردنی وێــنە لەسەر لاپەڕەی دەفتەر و هەڵدانەوەی بە شێوەیەکی خێرا و لە دوای یەک، ئەم یارییە بە ئاسانی گوزەری نەکــرد، بەڵکــو ئەم بیــرۆکەکەی ڕوگێــت زیــاتر جەختــی لەســەر کرایەوە، بەوەی تایبەتمەندییەکی سەیر لە چاوی مرۆڤدا

هەیە ئەویش مانەوەی بەشێکی ئەو وێنە بینراوەیە لەسەر تۆڕی چاودا، وەک ڕوگێت دەڵێ: (ئەو وێنەیەی بە بەرچاوماندا تێدەپەڕێ، بە خێرایی لە چاو ون نابێت بەڵکو بۆ ماوەیەک لە چاوماندا دەمێنێتەوە)، هەر خودی ئەم بیرۆکەیە بوو لە ساڵانی دواتردا سینەمای لەسەر بنیاتنرا..! چونکە وەک دەزانین سینەما لە چەندین وێنەی وەستاوی یەک لە دوای یەک پێکهاتووە، کە بەخێرایی و بەدوای یەکدا دەخولێنەوە و جوڵە دروست دەکەن، ئەو شریتەی وێنەکانی لەسەرە لە ماددەی (سلیولیود) پێکهاتوە و پانیەکەشی ٣٥ملم یاخوود ١٦ملمەترە، کە لە یەک چرکەدا ١٦ وێنەیە لە سەردەمی سینەمای بێدەنگ و ٢٤ وێنەش لە چرکەیەکدا لە سەردەمی فیلمی دەنگداردا.

دەتوانین بڵێین یەکەمین وێنەی ڕاستەقینەی فۆتۆگرافی لە ساڵی ١٨٢٦ لەلایەن (جۆزیف نیسفۆر نیپس)ی زانای فرنسی هاتەکایەوە کە ماوەی هەشت کاتژمێری خایاند، نیپس بە شێوەیەکی وردتر گرنگی بەو بابەتەدا و لە کۆتایدا توانی سەر بکەوێت، ئەگەرچی وێنەکە زۆر جوان نەبوو، بەڵام بە ڕووداوێکی مێژوویی دەژمێردرێت، هەروەها ناوبراو لەهەوڵەکانیدا بۆ جێگیرکردنی وێنەیەکی فۆتۆگرافی تەواو هەڵکۆڵینی داهێنا کە لە چاپکردندا زۆر بەکاردەهات، بە جۆرێک ئەو شوێنانەی

چاڵ دەبوون پڕ دەکرا لە مەرەکەب بەمشێوەیە نووسین و نەخشەکان لەسەر کاغەز چاپ دەبوون، ئەم داهێنانەش ناوی (هیلۆگرافەر) بوو.

دواتر زانای ناوداری فرنسی (لوئەی داگیر) پشتیوانی لەو هەوڵ و هەنگاوانە کرد کە نیپس هاویشتی، ئەوەبوو بەیەکەوە لەساڵی ١٨٣٩دا تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ بەدەستهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی کەلە کۆتاییدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئیدی ئەمان لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون، هەوڵەکەی (داگیر)یش دواتر بە (daguerreotype) ناسرا، تا ئەو کاتەی (جۆرج ئیستمان لەساڵی ١٨٨٩دا کارگەیەکی بەناوی (کۆداک) دروست کرد کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلمی خام بوو بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی لولدراوی بچوکراوە لە نیتراتی سیلیولوز، دواتر لە ساڵی ١٨٩٠ یەکەمین کامێرای هەر بەو ناوە ڕاگەیاند، کە ناوبراو سەبارەت بەو کامێرایە گوتی: (تۆ تەنها دەست بنێ بە دوگمەکەی و ئەویدی لەسەر خۆمان) بێگومان کۆداک تا ئێستا ناوێکی درەوشاوەی نێوەندی پیشەسازی سینەمایە و ئێستاش بەرهەمە هونەریەکانی چ لە کامێرای فۆتۆ و دیجیتاڵ و فیلم و لێنز و چەندین ئامێری تر لەبازاردا لە برەودایە، ئەم پیشەسازییە دواتر لە ئەڵمانیاوە پەلی هاویشت بۆ ژاپۆنیش.

ئیدی پێبەپێ لەلایەن چەندین زانای ترەوە هەوڵەکان بۆ جێگیرکردنی وێنەی فۆتۆگرافی لە کاردا بوون، تا کار گەیشتە ئەوەی ئەو خەونەی مرۆڤ هاتەدی.

بەڵام دیارە مرۆڤ بوونەوەرێکی خەونئامێزە و قەت لە خەون بینین ناکەوێت، بۆیە داهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی خەونی جوڵانەوەی ئەو وێنانەشی هێنا پێشەوە، ئیدی لێرەوە باس لە بەدیهێنانی ئەو خەونە و چۆنیەتی داهێنانی وێنەی جوڵاو دەکەین کە بنەمای هاتنەکایەوەی هونەری سینەما بوو.

## (کینەتۆسکۆپ)ەکەی تۆماس ئەدیسۆن

(تۆماس ئەدیسۆن*) داهێنەری ئەمریکی لە ١١-٢-١٨٤٧ لەمیلان ویلایەتی ئۆهای لە ئەمریکا لە باوکێکی هۆڵەندی و دایکێکی کەنەدی هاتۆتە دونیاوە. لەسەرەتای ژیانیدا سەرقاڵی ڕۆژنامەفرۆشی بووە، دواتر هەر خۆی لەساڵی ١٨٦٢ بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی دەرکردووە بەناوی (Grand Trunk Herald). ئەدیسۆن تەنها سێ مانگ لەقوتابخانە خوێندویەتی دواتر بەهۆی بێزاری لەمامۆستاکانی و سیستمی خوێندن وازی هێناوە.

ئەوەی بۆ ئەم باسەی ئێمە پێویستە ئەو بەشداریە گەورەیەی ئەدیسۆنە لەبونیاتنانی سینەمادا، کەلەو هەوڵانەدا خۆی دەبینیەوە کە بۆ هێنانەکایەوەی وێنەی جوڵاو دای، یاخود هێنانەکایەی یەکەمین ئامێری وێنەگرتن، کە بەیەکەمین هەنگاو و یەکەمین کامێرای سینەمایی دادەنرێت. ئەم کارەی ئەدیسۆن بووە هۆی ڕەوینەوەی ئەو تەمەی بوونی هونەرێکی وەک سینەما ئەستەم نەبێت و لە خەونەوە ببێتە ڕاستی.

ئەگەرچی مێژووی سینەما لە ئەدیسۆنەوە دەست پێناکات، مێژوونووسان و سینەماناسان ڕۆژی سینەمای جیهانیان لەوەوە ناوزەد نەکردوە، بەڵام بێگومان مێژووی سینەما بێ باسکردنی ئەدیسۆن ناتەواو دەبێت، بەشداری ئەدیسۆن لە هەڵچنینی پایە سەرەتایەکانی سینەماوە لە دروستکردنی ئامێری وێنەگرتنی (کینەتۆسکۆپkinetoscope)وە دەست پێدەکات، ئەم ئامێرە توانای نیشاندانی فیلمی هەبوو بۆ بینەران و ئەو فیلمانەی نیشانیش دەدران ماوەکەی لە یەک خولەک تێپەڕی نەدەکرد، واتە درێژی فیلمەکان تەنها پەنجا پێ دەبوو، دەبێت ئەوە بزانین سەرجەم ئەو فیلمانەی کەلەدەرەوە وێنە دەگیران لە ستۆدیۆی (BLACKMARIA) دەشۆرانەوە و چاپ دەکران، کە بەیەکەمین ستۆدیۆ دادەنرێت لەمێژووی سینەمادا کە

ئەدیسۆن لە ساڵی ١٨٩٣ لەنزیک کارگەکانی ویست ئۆرانجی ویلایەتی نیوجرسی دروستی کرد بوو.

لەڕووی شێوەوە کینەتۆسکۆپ لەئامێری پیانۆ دەچوو، بەڵام لەڕووی کێشەوە زۆر قورس بوو، بەهێزی چەندین نەفەر نەبا نەدەجوڵا، ئەم ئامێرە دوو کاری ئەنجام دەدا، لەلایەک فیلمی پێ وێنە دەگیرا، لەلایەکی دی فیلمی نیشاندەدا، یەکەمین فیلمیش کە ئەدیسۆن وێنەی گرت ماوەکەی نیو خولەک بوو، نیشاندانی یەکێک لە کرێکاران بوو لە کاتی ئیشکردندا، دواتر گرفتێک لە ئامێرەکە پەیدا بوو، ئەویش خێرایی نیشاندانی فیلمەکە بوو، بەڵام ئەدیسۆن بە حەکیمی خۆی ئەوەشی چارەسەر کرد، ئەویش بە کون کون کردنی هەردوو لای فیلمەکە بۆ ئەوەی لەسەر ددانەکانی ناو کینەتۆسکۆپەکە بووەستێ و بە ئاسانی کۆنترۆڵی خێرایەکەی بکرێت، وەک دەبینین ئێستاش فیلمی سینەمای هەردوو لای کون کونە. دوای کونکردنی هەردوو لای فیلمەکە بۆ تاقیکردنەوە فیلمێکیان نیشاندا کە ئەدیسۆن سەرقاڵی قسە کردنە، هەر خوودی دەنگی ئەو قسەکردنانەش بە ئامێرێک لێ دەدرا کە ئەدیسۆن خۆی دروستی کرد بوو، کینەتۆسکۆپ هەر تەنها لەسنووری یەک شار نەمایەوە، بەڵکو بە ماوەیەکی کورت هەموو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای

گرتەوەوە و تەنـانەت گەیشـتە ئەوروپـاش، هەروەهـا لـە لایەن (رۆبرت بۆل)ەوە گوازرایەوە ئینگلترا.

ئەم ئـامێرە جگـە لەوەی بە یەکەمـین کـامێرای وێنەگـرتن دەژمێردرێـت، بەڵام لەچـاو ئەو ئـامێرانەی دوای خـۆی هەنـدێ لایەنـی خراپـی هەبـوو، کە ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی بە باشی گەشـە نەکـا و بـڵاو نەبێـتەوە، لە ڕووی کێشـەوە، سـەنگایەکی زۆری هەبـوو بـۆ گواسـتنەوەی لـە شوێنێکەوە بۆ شوێنەکەوە زۆر زەحمەت بـوو بە چەنـدین نەفەر نەبا نەدەگوازرایەوە، هەروەهـا لەیەک کاتـدا یەک کەس دەیتوانی فیلمەکە ببینێ، ئەمەش بە سەیرکردنی لە کونێکی بچووکەوە، کینەتۆسکۆپ بەپاتری کـاری دەکـرد، هەر خوودی پاتریەکەش لەداهێنانی ئەدیسۆن بوو، بەڵام ئەمەش زەحمەت بـوو، چـونکە کامێراکـانی تـر میکـانیکی بوون، پێویستیان بەوزەی کارەبا نەبوو.

ئەگەرچی تۆماس ئەدیسۆن توانی هەنگاوێکی بـاش بەرەو بنیاتنـانی هـونەری سـینەما بنێـت، کە یەکەم کەس بـوو تـوانی لە یەک کاتـدا هەردوو ئـامێری وێنەگـرتن و نیشاندان دروست بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتـوانی فیلمی سینەمایی بە مانای فیلم کە مەرجەکانی فیلمی تێدا بێت بهێنێتە بەرهەم)، لەبەرئەوە بۆ مـاوەیەک تووشـی وەسـتان و دووره پەرێـزی هـات. بەڵام لە دوایـدا بـۆ

دریــژەدان بە داهێنــانەکەی (ولــیەم کەنەدی دیکســۆن)ی هاوڕێ و یاریدەری ڕاسپارد تا درێژە بەو بوارە بدات.

دیکسۆن هەوڵێکی باشیدا تا لە مامۆستاکەی باشتر بێت، ئەو هەوڵەشی گەڕان بە دوای بابەتی ڕاستەقینە و واقیعی بــوو، گــرتەی گەورەی بەکارهێنــا تــا تەواوی جەســتەی مرۆڤ نیشان بدات و سەرنجی خەڵـک بـۆ لای دیمەنەکـان ڕابکێشـێت. هەروەهــا زیــاتر وێــنەی شــوێنە گشــتیەکانی دەگرت، بۆ نمونە سەماکاران و گەمەی مشتەکۆڵە و یاری زۆرانبازی..

دیکسۆن گرنگی زۆری بە ئەتمۆسفێری دیمەنەکان دەدا، بە تـایبەتی لـە فیلمی (رزگارکردن بەهۆی ئـاگر کـوژانەوە) کە دیکۆرێکی جوانی تێدا هەبوو.

لەساڵی ١٨٩٤ دوو گەنج بەنـاوی (ئوتـاوی و گێری لاسـام) بە سـەردانێک هـاتنە ئەمریکـا و لـەگەڵ دیکسـۆن پـێکەوە (کۆمپانیــای نیشــاندانی کینەتۆسـکۆپ)یان دامەزرانــد بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر، هەر لـەو ساڵەشـدا هــۆڵێکی نیشــاندانیان لـە نیویــۆرک کــردەوە، هەر بەو بــۆنەیەوە فیلمــی مشــتەکۆڵەی نێــوان (مایکــل و جــاک کوشـینگ)یان نیشـانی جەمـاوەردا، بەم هـۆیەوە تـوانرا ماوەی نیشاندان زیاد بکەن لە (١٥ بۆ ٤٥)مەتر، هەروەهـا دواتر توانیان کینەتۆسکۆپ باشـتر بـکەن و ئەو یـاریەی

مشتەکۆڵە جاریکیتر لە شەش گێمدا وێنە بگرنەوە و درێژی فیلمەکەش بگاتە (٢٨٥)مەتر کە بەدرێژترین فیلم دادەنرێت، تا ئەو کاتەی سینەما بە تەواوی دروست بوو، بەڵام بەداخەوە هەر نەدەتوانرا لەسەر شاشەی گەورە بۆ هەموو بینەران نیشان بدرێت.

## (سینەماتۆگراف) و دیاریکردنی ڕۆژی سینەما

کینەتۆسکۆپەکەی ئەدیسۆن سنووری وڵاتانی بڕی و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبویەوە، لە ماوەیەکی کورتدا سەدان دانەی لێ بەرهەمهات، بەڵام هێشتا مابوو حەزو ویستی خوازیارانی وێنەی جوڵاو تێر بکات و ئەو هونەرە بگاتە ترۆپکی داهێنانی خۆی، بۆیە هەرکە (لوئی و ئۆگست) کوڕانی ئەنتوان لۆمێری فۆتۆگرافەری ناوداری فرنسی کە بە برایانی لۆمێر ناسراون دانەیەکیان لەو ئامێرە کڕی، هەر زوو کەوتنەخۆ بۆ تەواوکردنی داهێنانەکەی خۆیان، ئەوە بوو ساڵێک دواتر (سینەماتۆگراف) (Cinematograph) یان داهێنا. بەدروستکردنی سینەماتۆگراف وێنەی جوڵاو چووە قۆناغێکی باڵاوە، بە جۆرێک دەتوانین بە مێژووی زێڕینی وەرچەرخانی وێنەی جوڵاو ناوزەدی بکەین، یاخود بەژانی لەدایکبوونی هونەری حەوتەم ناوی ببەین.

ئەگەرچی کینەتۆسکۆپەکەی ئەدیسۆن، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، بەڵام سینەماتۆگراف بە تەواوی جیاواز بوو، ئەو ئامێرە قورساییەکەی تەنها پێنج کیلۆگرام بوو، بەئاسانی دەتوانرا بگوازرێتەوە و بەدەست کاری پێبکرێت، بەگوتەی نووسەری بە ناوبانگی مێژووی سینەما "جۆرج سادۆل" ئەو ئامێرە بەقەد یەک پایەی کینەتۆسکۆپەکەی ئەدیسۆن قورسایی هەبوو، هەروەها سینەماتۆگراف پێویستی بەوزەی کارەباش نەبوو، لەسندوقێکی بچووک لەدرەختی ماهون دروستکرابوو، ئەگەرچی دەزگایەکی سادە بوو، بەڵام سێ کاری گرنگی پی ئەنجام دەدرا:

١-وەک کامێرا وێنەی فیلمەکانی پێ دەگیرا، لێرەدا تایبەتمەندی هەرە گرنگی ئەوە بوو دەتوانرا ببرێتە دەرەوە، واتە تەنها لە چوارچێوەی ژوورێکدا نەمایەوە و لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان وێنەی پێ دەگیرا، چونکە بۆ گواستنەوەو کارپێکردن ئاسان بوو، ئەمەش هۆکاری زوو بڵاوبونەوەی بوو، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر.

٢-لەگەڵ ئەوەی وەک کامێرا کاری دەکرد، هەروەها ئەرکی شتنەوە و چاپکردنی فیلمیشی ئەنجام دەدا، جگە لەوەی دەتوانرا چەند دانەیەک لەو فیلمانەی پی کۆپی بکرێ کە برایانی لۆمێر وێنەیان گرتبوو.

٣-وەک سینەماڤیژن (پرۆجکتۆر)یش فیلمەکانی پێ نمایش دەکرا، ئەمەش هەنگاوێکی فرە مەزن بوو، چونکە تا ئەو کات نەتوانرا بوو بینەران پێکڕا سەیری فیلم بکەن، لەوە بە دوا بینەران دەیانتوانی بە یەکەوە سەیری فیلمەکان بکەن.

(لە ٢٨-١٢- ١٨٩٥ برایانی لۆمێر یەکەمین فیلمی خۆیان بەناوی "گەیشتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگە" لە قاوەخانەی گراند کافێ لە پاریس نیشانی بینەراندا)، بە جۆرێک تەواوی بینەران بە بینینی فیلمەکە سەرسام بوون، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە کاتی هاتنی شەمەندەفەرەکە بەرەو ڕووی کامێرا هەندێک لە بینەران بپەشۆکێن و ڕابکەن.

لەم فیلمە و فیلمەکانی دواتر ڕۆڵی لوئی لومێر وەک وێنەگر و دەرهێنەرێکی بە توانا دەرکەوت، وەک جۆرج (سادۆل)ی مێژوونووسی گەورەی سینەما دەڵێ: وێنەگرێکی فۆتۆگرافی گەورە توانی هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ داهێنانی سینەما).

نیشاندانی ئەم فیلمە لە تەواوی جیهاندا بە ڕۆژی سینەما ناسرا و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا سینەماکاران یادی دەکەنەوە، گرنگی ئەو ڕۆژە هەر لە نیشاندانی فیلمەکە دەرناکەوێت، بەڵکو بە یەکەم تیکت فرۆشتن لە

مێـژووی سـینەما دادەنرێـت، تیکتـی چـوونە ژوورەوەی فیلمی گەیشتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگە بە یەک فرەنک بووە و ژمارەی بینەرانیش ٣٥ کەس دەبـوون، کە دواتـر ئەو ژمـــارەیە ســـەد بەرابەر زیـــادی کـــرد، ئەمەش هانـدەرێکی بـاش بـوو تـا لۆمێریەکـان گرنگـی زیـاتر بەکارەکەیان بـدەن، کە خـوودی سینـەما و گەشـەکردنی لەو ڕۆژەوە تـــا ئەمـــڕۆ لەســـەر فرۆشـــی پلیتەکـــانی وەستاوە، هەر فیلمێک چەند پـڕ فرۆشـی هەبێت هێنـدە ئەو دەرهێنەر و کۆمپانیایە دەرگاکـانی لەبەردەم ئـاوالا دەبێت.

نـاو و ناوبـانگی ئـامێری سینەماتۆگراف بە خێرایـی لە هەموو جیهان بڵاوبوویەوە و لە هەموو لایەکەوە باوەشی بۆ کرایەوە، تا کـار گەیشـتە ئەوەی پاشـای بەریتانیـا و قەیســەری ڕووس و ئیمپڕاتــۆری نەمســاش پێیبــزانن و سەرسام بن.

هەروەهـــا لۆمێرییەکـــان چەنـــدین دانە لەو ئامێرەیـــان دروستکرد و ڕەوانەی وڵاتـانیان کرد تا لەوێ فیلم نیشانی خەڵک بدەن، بەمەش پارەیەکی زۆریان کۆکردەوە، (وەک گوتمان لەیەکەم نمایشدا ٣٥ پلیـت فرۆشـران، بەڵام دوای سێ هەفتە ئەم داهـاتە گەیشـتە (١٠٠٠) فرەنـک..!) ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش بـوو، کە دەیـان لەو ئـامێرە ئامـادە بکەن و لەسەر شـەقامەکان وێـنەی خەڵـک و ڕووداوەکـان

بگرن، بۆ ئەوەی خواستی خەڵک بۆ بینینی فیلمەکان زیاد بکات.

لە کۆنگرەی فۆتۆگرافەراندا، برایانی لۆمێر کارێکی سەرسوڕهێنەریان ئەنجامدا، توانیان وێنەی ئەو ئەندامانە بگرن کە لە کەشتی دادەبەزین، دوای چەند کاتژمێرێک فیلمەکەیان ئامادە کرد و لەناو هۆڵی کۆنگرەدا بۆ ئامادەبوانیان نمایش کرد، بەمەش پەرجویەکی گەورەیان خوڵقاند و ئامادەبوانیان سەرسام کرد.

هەندێ لەو فیلمانەی برایانی لۆمێر لەو ماوەیەدا بەرهەمیان هێنا بریتی بوون لە (گەیشتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگە، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ، دەرچونی کرێکاران لە کارگە، ڕاوکەری ماسی سوور، باخەوان، ئاسنگەر، مەیدانی بۆرسە لە لیۆن..هتد).

دەبێت ئەوە بزانین ناونانی ئەو هونەرە مەزنەی ئەمڕۆ ئێمە بە شانازییەوە باسی دەکەین (سینەما)، کە من پێموایە خودی وشەکە لە ناوی (سینەماتۆگراف)ەوە وەرگیراوە و بە تەواوی لە هەموو جیهان جێکەوتە بوو، هەروەها یەکەمین (پۆستەر)ی فیلمیش هەر لەلایەن برایانی لۆمێرەوە دروستکراوە، سەرجەم ئەمانەش دەچنە سەر سەروەریەکانی تری برایانی لۆمێر.

ئیدی هەنگاو بە هەنگاو کامێرای سینەمایی گەشـەی کـرد تا ئەو ئاستەی پێشبڕکێ بۆ هێنانەکایەوەی جۆری باشتر و کـوالێتی بەرزتـر پەیـدا بـوو، لـە دەرەنجامـدا دەیـان و سەدان جۆری کامێرا کەوتنە بەردەستی فیلمسازان.

## تۆماس ئەدیسۆن:

* بە پێی چەند سەرچاوەیەک ژمارەی داهێنانەکانی تۆمـاس ئەدیسـۆن دەگاتە ١٢٥٠ دانە، کە هەریەکیـان خزمەتێکـی گەورەی بەبیـرو هەسـتی مرۆڤایەتی کردووە. سـەرەتا ئـامێری تەلـەگرافـی دروسـت کـرد، دواتـر یەکەمـین ئـامێری فۆنـۆگرافی بـۆ تۆمـارکردنی دەنـگ داهێنـاوە، بەڵام دیـارترین داهێنـانی ئەدیسـۆن کەکـاری کـردە سـەر تەواوی جیهـان، دروسـتکردنی (گڵـۆپی کارەبـایی) بـوو، کەتـائەمڕۆش مرۆڤـایەتی بەرهەمـی ئەو داهێنـانەی ئەو دەخـوات، ئەگەر تەنهـا ڕۆژێـک کارەبـا نەبێت چ ڕەوشێکی خراپ دروست دەبێت و چۆن سەراپای ژیان لەجوڵە دەکەوێت. هەروەها لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەرهەمهێنانی بەنزین و بەرهەمەکانی لە ڕووەکدا دۆزییەوە. هەر لەو ماوەیەدا بووە ڕاوێژکاری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەوسای ئەمریکا. مـاوەتەوە بڵێـین ئەو بلیمەتەی جیهان قەرزاریەتی لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣١ لەویست ئۆرنج لەو دونیایەی خۆی ڕووناکی کردەوە بۆ دونیـای هەتاهەتـایی تاریکی کۆچی کرد.

## سەرچاوە:

-تەها لەتیف حەسەن، وێنەگری و کامێراکانی وێنەگرتن، سلێمانی، چاپخانەی داناز، ٢٠٠١، ل٨.

-هاوار مستەفا خان، سینەماتوگراف، سلێمانی، چاپخانەی بەدرخان، ٢٠٠٢، ل١٥

-اریک بارنو، تاریخ سینمای مستند، ت: احمد ضابطی جهرمی، تهران، انتشارت صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، ٢٠٠١، ص٢٠

# کامێرای سینەمایی و سەرەتاکانی گۆڕانکاری

هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی هاتنەکایەوەی ئامێری وێنەگرتنەوە هەتا ئەمڕۆ، واتە هەر لە کینەتۆسکۆپەکەی تۆماس ئەدیسۆن، دواتریش سینەماتۆگرافەکەی برایانی لۆمێرەوە تا دەگاتە پێشکەوتووترین کامێرای دیجیتاڵی، کامێرای سینەمایی بەردەوام لەگۆڕانکاری دابووە، چونکە کامێرا گرنگترین ئامێری بواری فیلمسازیە و پەیدابوونی سینەماش بەداهێنانی کامێراوە بەند بوو، واتە لەدایکبوونی سینەما هاوکاتە لەگەڵ لە دایکبوونی ئامێری وێنەگرتن (کامێرا).

هەر بــۆیەش بەرەوپێشــچوونی ســینەما بە تەکنیــک و گەشــەکردنی کــامێراوە بەنــدە. ئەگەرچــی هەنــدێک لە هونەرمەندان و لێکۆڵیارانی سینەما لە جیهانـدا پێیـانوایە هاتنی دیجیتـاڵ نەیتوانیـوە گۆڕانکـاری ڕیشـەیی لە کـامێرا بەتایبەتی و لە پێداویستیەکانی سینەما بە گشتی دروست بکات و تا ئێستاش بەتوندی بەرگری لەمـانەوەی سیسـتمی ٣٥ملـیم و چـاپ و شـتنەوەی فـیلم دەکەن، بەڵام کـامێرای سـینەمایی پێبەپــێ لەگەڵ پێشـکەوتنەکانی تەکنەلۆژیـا و زانست بەرەو پێشەوە چـووە. ئەم پێشـڕەویەی تەکنەلۆژیـا سەرجەم بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و سینەماش بە هەمـوو پێکهاتەکــانیەوە لەژێــر ئەو هەژمــوونەی تەکنەلۆژیــادا لەگەشەکردندا بووە.

(لەکۆتایی سەدەی بیستی ڕابردوودا وێنەگـرتن بە کـامێرای سـینەمایی گـۆڕانی گەورەی بەخـۆوە دی، کە لە(١٦) وێـنە لەچرکەیەکـدا، گـۆڕا بـۆ (٢٤) وێـنە لە چرکەیەکـدا) بەمەش گۆڕانکـاری لەسـەر خێرایـی دەنـگ و زەمەن هـاتە کـایەوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنە هەروا نەمایەوە، لەسییەکانی سـاڵانی ڕابردووشــدا کە فــیلم لە بێــدەنگییەوە بــۆ دەنگــدار هــاتە کایەوە، کامێرا ڕۆڵ و کاریگەری چووە ئاستێکی بـاڵاترەوە، تۆمارکردنی دەنگ و وێنە لەیەک کاتدا گۆڕانێکی گرنگ بـوو لەپێکهاتەی سینەما، دەشـێ هـاتنی دەنـگ بـۆ نـاو سینەما بەگۆڕان و بەرەوپێشـچونێکی گەورەی تـری سینەما نـاوزەد بکەین، بە جۆرێک هەنگاوی گرنـگ بـوو بـۆ سـەربەخۆیی و

تایبەتمەنــدی هــونەری حەوتەم، وەک ژانرێکــی گرنگــی هونەری.

ئیــدی کــامێرا پێبەپــێ لەگەڵ گەشــەی زانســت بەرەوپێشــەوەچووە و چەنـدین پـارچە بـۆ کـامێرا زیـادکرا کەبووە هۆی کارئاسانی زیـاتر و زیـادکردنی خاسیەتەکانی و تـوانی زیـاتر بـۆ دەستەبەرکردنی خەیـاڵی هـونەرمەدان. (سـەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی لەمـاددەی سلیۆلیود-ی نێـو کاسێتەکاندا هاتەکـایەوە) ئەمەش بەرەوپێشـچوون بـوو بـۆ پێشکەشـکردنی وێنەیەکـی جـوان و ڕوون و مـانەوەی بـۆ کاتێکی درێژ خایەن تر.

هەروەها گۆڕینی فیلم لە ڕەش و سپیەوە بـۆ ڕەنگاورەنـگ دەشــێ بە گــۆڕان و ئەفرانــدنێکی دی لەبــواری ســینەما و شـریتی وێنەگـرتن نـاوزەدی بکەیـن، هـاتنی ڕەنـگ بـۆ نێو وێنەکانی فیلم گەلێ مەسەلەی تری بەدوای خۆیدا هێنا، لە پێشەوەی هەمویانەوە بەرزی ئاستی کوالیتی و زمانی ڕەنگ و بەرجەسـتەکردنی ماناکـانی ڕەنـگ وەک سـیمبول لە نێـو فیلمەکاندا، بە گشتی هاتنی ڕەنـگ سینەمای بە تەواوی لە ژیان نزیک کردەوە.

لێـرەوە تێـدەگەین کە ئەو گۆڕانکاریـانەی بەسـەر کـامێرادا هــاتن، بـونە هۆکارێـک بـۆ گەشـەکردنی سـینەما، لەگەڵ ئەمانەشدا تا ماوەیەکی درەنگ کامێرای سینەمایی هەر ئەو کـامێرایە بـوو کە لەسـەرەتاوە کاسـێتەکانی دەخـولایەوە و

شریتەکانی درێژن و لەتاقیگە دەشۆرێنەوە و چاپ دەکرێن، واتە سیستمی چاپ و شتنەوە لە لابراتۆردا وەک خۆی مایەوە و بەردەوامی هەبوو.

بەڵام گۆڕانکاریەکانی دواتر و بیرکردنەوە لەبەرەو پێشبردنی کامێرا وایکرد کە کامێرای ئەلکترۆنی یان دیجیتاڵی بێتەکایەوە، هەم بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا هاوشان بێت، هەم بۆ بەخێرایی ئەنجامدانی کاری وێنەگرتن و کەمکردنەوەی تێچووی فیلمەکان. ئەوەتا دەبینین ڕۆژانە سەدان کەناڵی تیڤی ئاسمانی بەهۆی سیستمی دیجتاڵەوە فیلمی سینەمایی نیشاندەدەن و بازاڕەکانی بڵاوبوونەوەی DVD لەوپەڕی برەو دایە، کەواتە دیجیتاڵ و چەمکی سینەمای دیجیتاڵی بەرەو ئاڕاستەیەکی سەپاو هەنگاو دەنێ، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتە هەژارانەی کە تازە خەریکە بەسینەما ئاشنا دەبن و لەڕووی پسپۆڕیەوە لە ئاستێکی لاوازدان.

لەم ماوەیەشدا گەورە هونەرمەندی سینەماکاری جیهانی (میل گیبسن) فیلمی (ئەپوکالیپتۆ)ی بە کامێرای دیجیتاڵ وێنەگرت، دەبێت چی وای لە گیپسن کردبێت کە دوای بەرهەمهێنانی ئەو هەموو فیلمە بەکامێرای ٣٥ملم، بێت و بەسیستمی دیجیتاڵ کاربکات، بێگومان هەم مایەی تێڕامانە و هەم بەڵگەیەکیشە بۆ ئەو قسەیەی کە دەڵێ ئایندە بۆ دیجیتاڵە..!! ئەگەر ئایندە بۆ دیجیتاڵ بێت و کامێرای

دیجیتاڵی ببێتە تاکە ئەڵتەرناتیف بۆ وێنەگرتنی فیلم، دەشێ بپرسین سینەمای دیجیتاڵی یاخود کامێرای دیجیتاڵی چییە..؟

بەشێوەیەکی سادە سینەمای دیجیتاڵی پێکهاتووە لەتەکنیکی نوێ و بەکاربردنی ئەو تەکنیکە لە هەر سێ قۆناغی بەرهەمهێنانی فیلمدا:

(pre–production, production, post–production)

بەتایبەتی لە تۆمارکردن و نیشاندانددا زیاتر خۆی بەرجەستە کرد، لەمامەڵەکردنی لەگەڵ وێنەدا لەسەر بنەمای ژمارەی سفر و یەک (bit and byte) خۆی دەنوێنێت، بەو پێیەی کە نیشانەی ژمارەی دوانەی ئەلەکترۆنین "digit").

ئەم کارەش جێگەی چاپ و شوشتنەوەی وێنە لەسەر کاغەز دەگرێتەوە. (واتە شریتی فیلمەکە کەپێشتر بەشێوازی فرێمی (Frame) یەک لەدوای یەک وێنەی لەسەر تۆمار دەکرا و لە تاقیگەی تایبەتی کیمیایدا دەشۆرایەوە و چاپ دەکرا، چیتر لە دیجیتاڵدا کاری پێناکرێ و دەگۆڕێت بۆ ژمارە و داتای دیجیتاڵی).

کامێرای دیجیتاڵ بەهەمان شێوەی کامێرای ٣٥ملم وێنە دەگرێت بەڵام ئەو بەپێچەوانەوە زانیارییەکان لەعەقڵە ئەلکترۆنیەکەی خۆیدا بەشێنەیی تۆمار دەکات، بەبێ ژاوەژاوی کاسێتەکە و دەنگی تۆمارکردن، واتە لەتێکڕای

پرۆسەکەدا دەتوانرێت کاسێت وەلابنرێت. بێگومان کاتێک ئەم سیستمە گۆڕا، پرۆسەی مۆنتاژیش لەئامێر و تاقیگەیەکی گەورەی تایبەت دەگۆڕێت بۆ ئامێرێکی کۆمپیوتەری سادە، کە گواستنەوە و کارپێکردنی ئاسانە، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر تێچوونی پارە و تێچوونی کات، کە هەم کار لە بوجەی فیلمەکە دەکات، هەم کارەکە بەکاتی کەمتر دەخرێتە بەر دیدی بینەران.

بەڵام فیلمی نێگاتیڤ ماددەیەکی بەرجەستەیە و پاش شووشتنەوە دەتوانرێ وێنەی ئەو دیمەنانە ببینرێت کەلەسەری تۆمار کراوە. بەڵام لەسیستمی دیجیتاڵدا دیمەنە وێنەگیراوەکان و خودی فیلمەکەش بەرجەستە نییە، واتە گۆڕاون بۆ شەپۆلی ئەلکترۆنی موگناتیسی و لەناو میمۆریدا تۆمار و جێگر بووە، واتە لەکاتی وێنەگرتن دەتوانرێ بە ئاسانی سەیر بکرێتەوە، ئەمەش بەخاڵێکی پۆزەتیڤی سیستمی دیجیتاڵ ئەژمار دەکرێت.

## کامێرای دیجیتاڵی و ئاڕاستەکانی گۆڕان

لەم ساڵانەی دواییدا مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر لەبارەی چەمکی (دیجیتاڵ) (Digital) کراوە، بەوەی گۆڕانێکی گەورەی لەمێژووی تەکنیکی سینەمایی هێنایە ئاراوە، ئەو گۆڕانەش سەرەتا لەکامێراوە دەستی پێکرد و دواتر لەیەکە پێکهێنەرەکانی تری فیلمسازی بە تایبەتی (ڕووناکی،

دەنــگ، مۆنتــاژ) ڕەنگیــدایەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیــش زیــاتر شـوێنپێی خـۆی قـایم دەکـات، تـا دەگـاتە ئەو ئاسـتەی کە ببێـتە ئەمری واقیـع و پێشـبینیش دەکرێت هەر لەو ئاسـتە نەمێنێــتەوە و زیــاتریش گەشــە بکــات. ئەمــڕۆ کــامێرای دیجیتــاڵی بەردەوام لە نوێبــوونەوە و بەرەوپێشــچوونێکی خێرادایە بەجۆرێک لەنێو جانتـای هەر تاکێـک کـامێرایەک ئامادەیی هەیە و ساڵانەش چەنـدین جـۆر و شـێوەی تـازەی کــامێرا بە کــوالێتی بەرز و تەکنیکــی تــازەوە دەخــرێنە بازاڕەکــانی جیهــان و بەرهەمهێــنەران و دەرهێــنەران بەخــۆیەوە ســەرقاڵ دەکــات و خوازیــاری بەدەســتهێنان و کارپێکردنین، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە گۆڕانکاری تەکنەلــۆژی پرۆســەیەکی بەردەوامە و لەشــوێنێکدا چەق نابەسـتێت، کـامێراش وەک یەکە هەرە گـرنگەکەی سـینەما وەک ئــامێرێکی تەکنیکــی نە ئەمــڕۆ و نەبەیــانی لەگــۆڕان ناکەوێ، بۆیە ساڵ بە ساڵ هەواڵی داهێنانی کـامێرای تـازە دەبیسـتین کە لەڕووی توانـای وێنەگـرتنەوە لە کامێراکـانی پێش خۆی پێشکەوتووترە.

ئەم گۆڕانکــاریە بەردەوامەی تەکنیــک، تــوانی ســینەما لەمۆنۆپــۆلکردنی چەنــد کۆمپانیــایەکەوە ڕزگــار بکــات و بیکاتە موڵکی گشتی و هەموو کەس بەئاسـانی دەسـتی پێـڕا بگـات، هەنـدێک لە شیکەرەوە و ڕەخنەگرانـی سینەما ئەم بازدانەی سینەما بۆ ناو دیجیتاڵ، لەموڵکداری تـایبەتی بـۆ موڵکــداری گشــتی بە ئــازادی ســینەماو هــاتنە کــایەوەی

سیسـتمێکی تــازە نــاوزەد دەکەن، واتە چ تـۆ و چ (سـتیڤن سپیلبێرگ) هەمان دەرفەتتان لەبەردەمدا دەبێت بۆ کـارکردن لەو بــوارەدا..! ئەمەش بەهــۆی بەئاســانی دەســکەوتنی کـــامێرای وێنەگـــرتن و جێبەجێکردنــــی کارەکـــانی دوای وێنەگـــرتن (post–production)، دیـــارە هەر دیـــاردە و دەرکەوتێکی پیشەسازی تەکنیکی جگە لەسوود یـان زیـانی گشــتی، کـۆمەڵێ بەرژەوەنــدی تاکەکـانیش دەخــاتە ژێــر پرسیارەوە، بۆیە پەرەسەندنی سیستمی دیجیتاڵی لەبـواری سینەمادا بووە جێی نیگەرانی بۆ هەندێ کۆمپانیا کەتەواوی سیســتمی کارکردنیــان کلاســیکی بــوو، هــاتنە نــاوەوەی دیجیتاڵ هەڕەشەیەک بـوو بـۆ سـەر ئەوان، ژمـارەیەک لەو دەرهێنەر و کۆمپانیایانە بەتایبەت کۆمپانیـاو سـتۆدیۆکانی هۆلیۆد سەرەتا بەسەختی دژی کامێراو سیسـتمی دیجیتـاڵی وەستان و پێیان وابوو ئەم سیستمە نوێیە ناتوانی کێبڕکێی کــواڵێتی فیلمــی کلاســیکی بکــات، بەڵام ئەو بــارە زۆری نەخایاند و هۆلیـۆدیش هەوڵیـدا خـۆی لەگەڵ ئەو سیسـتمە بگونجێنێ و سوودی لێوەر بگرێـت، هەر لەو کـاتەدا زۆر لە گەورە دەرهێنەرانـی دونیـا باوەشـیان بـۆ ئەو گۆڕانکاریـانە کردەوە و زوو بەرەو پیریەوە هـاتن، لەم نێوەشـدا یەکسـەر نــاوی (جـۆرج لۆکــاس)ی (George Lucas) دەرهێـنەری ئەمریکی وەک ڕابەر و دەستپێشخەر دێتە پێشەوە کە یەکێک بوو لەوانەی زوو وازی لەسیستمی کلاسیک هێنا و باوەشـی بۆ دیجیتاڵ کردەوە، ئەمەش وەک بەرەنگاربوونەوەیەک بـۆ

ئەو کەس و لایەنــانەی پێیــان وابــوو کــوالێتی کــامێرای دیجیتــاڵ ناتوانێــت لە ئاســتی ئەو کامێرایــانە دابێــت کە لەسەر فیلم وێنە تۆمار دەکات (واتە کامێرای ٣٥ ملیم).

ئەگەرچــی لەهەمــوو لایەکەوە بەگومــانەوە لەو کــارەی لۆکــاس دەڕوانــرا، بەڵام ئەو بێبــاک بــوو لەوەی کــار بەو سیستمە بکات، ئەوەبوو لەساڵی ٢٠٠٢ بەشی کۆتایی فیلمی (جەنگی ئەستێران) (Star Wars)ی بە کــامێرای دیجیتــاڵ وێنەگــرت،بەڵام بەداخەوە زۆربەی هۆڵەکــانی نمایشــی سینەما داوایان لەو کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمە کرد کە کۆپی فیلمەکە لە دیجیتاڵەوە بگوازنەوە بۆ سەر ستایلە کۆنەکە، چونکە زۆربەی هۆڵەکانی سینەما و ستۆدیۆکانی ئەو کــاتە پابەنــد بــوون بەسیســتمە کلاســیکیەکە و نەیــان دەتوانی فیلم بە سیستمی دیجیتــاڵ نیشــان بــدەن، هەروەهــا هێشتا دانپیانان بە دیجیتــاڵ لە ئاستێکی زۆر لاواز دابوو، بڵاوبـــــوونەوەی لەســـــنوورێکی دیـــــاریکراودا بـــــوو و دەسکەوتنیشی کــارێکی ئاســان نەبــوو..! لەگەڵ هەمــوو ئەو شتانەی باسمان کردن تــا ئێســتاش سینەمای دیجیتــاڵی لە ژێر ئەزمونی بەردەوامدایە، دەشێ گۆڕانکــاری زۆر گەورەتــر بهێنێــتە ئــاراوە، ئەگەرچــی تــاکو ئێســتاش هەنــدێک لە هونەرمەندان پێیانوایە هیچ شتێک ناتوانێت شوێنی باشی کوالێتی فیلمی کلاسیکی یان تەقلیدی بگرێتەوە و پێیــانوایە کـــــامێرای دیجیتـــــاڵی لە دروســـــتکردنی فیلمـــــی گەورە بەکارناهێنرێــت، تــاوەکو ئێســتاش بەشــێک لە ســتۆدیۆکان

پابەنــدن بە ســتایلی کــۆن و لەســەر کاسـێتی کــۆن کــۆپی دەکــرێن و ڕەوانەی هــۆڵی نمــایش دەکرێــت، کەرەنــگە بە سەدان کیلـۆمەتر لێـیەوە دووربێت. لەگەڵ ئەوەشـدا زۆر لە سـینەماکاران و دەرهێـنەران پێشـوازییەکی زۆر لەشـێوازی بەکارهێنــانی کــامێرای دیجیتــاڵ دەکەن و بانگەشــەی ئەوە دەکەن کە کــاتی ئەوە هــاتووە دەرگــا بەڕووی ســینەمای دیجیتاڵ بکرێتەوە، لەوانەش "ستیفن سودربرج" و "روبـرت ڕودرجز" و چەندین دەرهێنەری تری گەنج، هەروەها هەوڵی زۆریش دراوە کە کوالێتی سینەمای دیجیتـاڵ بەرز بکـرێتەوە و بگەیەنرێتە ئاستی سینەمای کلاسیکی.

لێرەدا خاڵیک دێتە ئاراوە کە پێویستی بە لەسـەر وەسـتان هەیە، ئەویش پراکتیزەکردنی سینەمای دیجیتاڵی پێویستی بەسەر لەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکەکـانی سینەما هەیە، واتا جارێکی تر چاوخشـاندنەوە و پێناسـەکردنی سینەما و ئەو زاراوانەی کە بە کـاردێن، بە تـایبەت ئەوەی پەیوەنـدی بە چــــاپ و شوشــــتنەوە هەیە، وەک دەڵــــێن لایەنە پیشەســازییەکەی، کە بەمەش پێناســەی چەنــدین زاراوەی پەیوەست بەکامێرا و پرۆسەی دروستکردنی فلیم دەگۆڕێن.

## بەراوردێکی خێرا لەنێوان
## سیستمی سینەمای دیجیتاڵ و سینەمای کلاسیک

لەنێوان سینەمای کلاسیک و دیجیتاڵدا، خاڵی بەراوردکاری زۆر هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند خاڵێکی سەرەکی ئەو بەراوردە ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: لەسینەمای کلاسیکدا، فیلمی خامی نێگاتیڤ بەکاردێت و نرخەکەی زۆر گرانە، بە جۆرێک کاردەکاتە سەر بوجەی فیلمەکە، لەکاتی کارکردنیدا دەبێت زۆر ئاگاداربین کە کەمترین فرێم بە فیڕۆ نەچێت، بۆیە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران دەبێت لەسەرەتاوە بزانن فیلمەکە نزیکەی چەند بەکرەی نێگاتیڤی دەوێت، هەروەها دەبێت لەکاتی گواستنەوە و خستنەسەر کامێرەدا باش چاودێری بکرێت تا تیشکی خۆری بەر نەکەوێت، چونکە یەکسەر دەسوتێت و بێکەلک دەبێت. دوای تەواوبوونیش بەهەمان شێوە دەبێت پارێزگاری بکرێت تا دەگەیەنرێتە تاقیگە، ئەوە سەرەڕای قەبارە و قورساییەکەی کەڕەنگە بۆ فیلمێکی سینەمایی درێژ سەدان بەکرەی بوێت، بێگومان ئەمەش بارستاییەکی گەورەی دەبێت بۆ گواستنەوە و پارێزگاری کردنی ئاسان نییە.

بەڵام لەسینەمای دیجیتاڵیدا کارەکان تەواو پێچەوانەیە، چونکە خودی کامێراکە سەرجەم وێنە و دەنگ لەهاردێکدا تۆمار دەکات، کە دەتوانرێ دوای تەواوکردنی کاری ڕۆژانە

بە ئاسانی و بەماوەیەکی کەم بخرێتە سەر لاپ تۆپێک، هەمان هارد جارێکی تر ئامادە دەبێت بۆ کارکردن، بێگومان هاردەکان هەم بارستایی و قورساییان زۆر سنووردارە و تەنانەت دەتوانرێت لەگیرفاندا جێگەییان بکرێتەوە، سەبارەت بە نرخیش ناگاتە پارەی تەنانەت گواستنەوەی فیلمی نێگاتیڤ، ئەوە سەرەڕای پارێزگاری کردنیان ئاسانە و بۆ گواستنەوەش هیچی تێناچێ.

دووەم: لەڕووی مۆنتاژەوە بەراوردێکی گەورە هەیە لەنێوان سینەمای کلاسیک و سینەمای دیجیتاڵی، لەسینەمای کلاسیکدا کاتێک سەرجەم ڕۆڵەکان دەگەنە تاقیگەی تایبەت، دەبێت بەشێوەیەکی باش بپارێزرێن، دواتر دەبێت نێگاتیڤەکان بشۆرێنەوە و چاپ بکرێن، دوای ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە پارەیەکی زۆری دەوێت، ئینجا ئامادە دەکرێت و دەگوازرێنەوە بۆ ژووری مۆنتاژ بۆ بەردەستی مۆنتێر و دواتر بۆ یەکەی چاککردنی ڕەنگ. بەڵام مۆنتاژی دیجیتاڵی تەنها بە دابینکردنی کۆمپیوتەرێکی تایبەت دەتوانرێ کارەکان ئەنجام بدرێت، هەڵبەتە بەسۆفت وێری تایبەتی مۆنتاژ. لێرەوەیە کە دەڵێن سینەمای دیجیتاڵی هەر بە تەنها کامێرا ناگرێتەوە.

سێیەم: لایەنێکی تری جیاکاری لەنێوان فیلمی دیجیتاڵی و فیلمی نێگاتیڤ، ئەوەیە کە دەتوانین فیلمی دیجیتاڵی بەهەمان ڕەنگ و دەنگی کۆپیە ئۆرجیناڵەکە دانەی تری

لەبەر بگرینەوە، بۆ ئەوەی لە کوالیتی دابەزێت، واتە هەمـــوو زانیـــارییە لەبەر گیـــراوەکە وەکـــو خـــۆی دەگوازرێنەوە، هەروەها ئەم پرۆسەیەش هەم بە ئاسانی و هەم بە کاتێکی کەم و تێچونی کەمی نرخەکەی جێبەجێ دەکرێـــت و دەتوانرێـــت بگۆڕێـــت بـــۆ چەنـــدین فۆرمـــاتی دیجیتاڵ. بەڵام کۆپیکردنی فیلمی نێگاتیڤ بۆ هەر کۆپیەک بڕێک کوالێتی لەدەست دەدات، واتە قەت کۆپیەکە هەمان ڕەنگ و دەنگی ئۆرجینالەکەت ناداتێ، هەروەها پارەی زۆری گەرەکە و بەئاســـانیش کـــۆپی ناکرێـــت دەبێـــت لەتاقیگەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام فیلمی دیجیتاڵی بەچەند ئامێرێک دەتوانین کارەکە ئەنجام بدەین، لێرەدا خێرایی بڕی تێچوون هەر بەراورد ناکرێت.

چوارەم: دوای ئەوەی بەراورد و جیاکاری نێوان سیستمی کلاسیک و سیستمی دیجیتاڵمان کرد لەلایەن فیلم و کامێراو مۆنتاژەوە، ئینجا دێینە سەر پەخشکردنی فیلمەکە.

فیلمـــی ســـینەمای دیجیتـــاڵی دەتـــوانرێ بە چەنـــدین ڕێـــگە بگوازرێتەوە، وەک ناردن لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە کە بەهۆی شەپۆلی ئەلکترۆنی ئەنجام دەدرێت، یاخود لە ڕێـــگەی ئینتەرنێـــتەوە کە زۆر بەئاســـانی و لەمـــاوەیەکی کورتدا بۆ دوورترین شوێن دەنێردرێت، یان لە ڕێی هارد دیســـک و DVD یەوە دەبێـــت، کە قەبـــارەکەی بچـــووکە و دەتوانرێت بگوازرێنەوە. بەڵام لە سیستمی کلاسیکدا دەبێت

سەرلەبەری فیلمەکە جارێکی تر کۆپی بکرێتەوە و ئینجا بەهەستیاریەکی زۆرەوە ڕەوانە بکرێت، ئەمەش کات و پارەو پارێزگارییەکی زۆری دەوێت.

پێنجەم: فێڵی سینەمایی کە ئەمڕۆ ڕۆڵێکی باش لەکاری سینەمادا دەبینێ، لەسیستمی دیجیتاڵدا گرنگیەکی لەرادەبەدەری هەیە، چونکە لەرێگەی کۆمپیوتەر و چەند پرۆگرامێکی تایبەتەوە دەتوانین ئەو دیمەنانە دروست بکەین کە بەشێوەی ئاسایی پێمان دروست ناکرێن، یاخود لەدروستکردنیدا پارەیەکی زۆری تێدەچێت. یان ئەگەر کەموکوڕییەک هەبوو لە لەیەکدانی شۆتەکاندا دەتوانرێت چارەی بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئێستا لە ڕێگەی سیستمی دیجیتاڵەوە دەیان و سەدان کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدرێن، کەوا لەبینەر دەکات بحەپەسێ لەبەرامبەر دیمەنەکاندا. ئەمانە و بەکارهێنانی چەندین تەکنیکی تر کەکار ئاسانی دەکەن بۆ گەیاندنی مەبەستەکان و چیرۆکی فیلمەکە.

ئەگەرچی لە سیستمی کلاسیکدا فێڵی سینەمایی لە ڕابردوودا ڕۆڵی باشی بینیوە، بەڵام بەکارهێنانی ئاسان نییە و ڕەنگە پارەیەکی زۆری تێبچێت.

شەشەم: لە سیستمی دیجیتاڵیدا، لەکاتی وێنەگرتندا دەتوانین ڕاستەوخۆ ئەو دیمەنانە ببینین کە وێنەمان گرتوون، واتە تەنها بەگێڕانەوەی ئەوەی وێنەگیراوە

لەنــاو کــامێرەکەدا. بەڵام لە سیســتمی کلاسـیکدا نــاتوانین ڕاستەوخۆ دیـمەنە وێنەگیراوەکـان ببینـین، چـونکە دەبێـت فیلمەکە ببرێتە لابراتۆر و بشۆرێتەوە و چاپ بکرێت ئینجـا بینرێت بۆ ئەو شوێنەی دەتەوێـت، ئەمە کـات و پـارەیەکی زۆری دەوێت.

حەوتەم: هاتنە ناوەی هونەری (animation) بۆ نێو کاری فیلمسـازی، بەتـایبەتی لەقۆنـاغی (post–production)دا کارئاسانیەکی باشە بـۆ دەرهێـنەر و بەرهەمهێنەرەکـان بـۆ دروستکردنی ئەو شـۆت و دیمەنـانەی کە هەم وێنەگرتنیـان ســەختە و هەم نــاتوانرێن دروســت بکرێــت، ئێســتا ئەم هـونەرە بەشـدارییەکی تەواوی لەکـاری فیلمسـازیدا هەیە، بەجۆرێـک ئاسـان نیـیە لێکجیـاکردنەوەی ئەو دیمەنـانەی کەبە ئەنیمەیشـن دروسـت دەکـرێن، لەگەڵ ئەو دیمەنـانەی لۆکێیشــنەکانیان تەواو واقیعــین، دیــارە ئەم ڕۆڵەش لە سیستمی دیجیتاڵدا بەرجەستە دەبێت.

## سینەمای دیجیتاڵی و سینەمای کلاسیک

بێگومــان لەنێــوان ئەو دەرهێــنەر و کۆمپانیایــانەی کە بەسیسـتمی دیجیتـاڵی و سیسـتمی کلاسـیک کـار دەکەن، شـەڕێکی بەردەوام لە ئـارادایە، دەشـێ لەنێو ئەو شـەڕەدا ماف بە هەردوو لایـان بـدەین، چـۆن..؟ ئەوانەی پەیـڕەوی

لە سیستمی دیجیتاڵی دەکەن، پێیانوایە کارکردن بەو سیستمە هەم لەڕووی تێچوونەوە هەم لەڕووی کات و ئاسانی کارکردنەوە لە سیستمی کلاسیکی باشترە. هەروەها لایەنگرانی سینەمای کلاسیکیش لەوەدا ڕاست دەکەن کە لەگەڵ ئەوەی ئەو سیستمە تێچوون و ماندووبونێکی زۆر و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام تا ئێستا سینەمای دیجیتاڵی نەیتوانیوە لەڕووی کوالێتیەوە پێشبڕکێی سیستمی کلاسیک بکات، هەروەها دەڵێن: شۆڕشی دیجیتاڵی بەو ژمارە پێوانەییەی کە سەرتاپای ماڵەکانی داگیر کردووە، کەچی کاریگەری زۆری بەسەر کامێرای سینەماییەوە نەبووە. لەگەڵ ئەوەدا سیستمی دیجیتاڵی لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و بەردەوام کامێرای تازە دەخاتە بەردەست فیلمسازان، بەڵام مشتومڕێکی زۆر هەیە لەبارەی بەکارهێنانییان یان دوورکەوتنەوە لێیان. یارانی سیستمی (٣٥ملم) دەڵێن فیلمێک بەدیجیتاڵ دروست بکرێت، قەت تامی ئەو فیلمە نادات کە بە٣٥ ملم دروست کراوە. لەولاشەوە دیجیتاڵخوازان دەڵێن، باهۆزی دیجیتاڵ هەڵیکردووە و بمانەوێ و نەمانەوێ ئایندە بۆ دیجیتاڵە..!

لەسەرەتاوە باسی جۆرج لۆکاسی بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری ئەمریکیمان کرد کە چۆن سیستمی کامێرای دیجیتاڵی لە فیلمی جەنگی ئەستێران بەکارهێناوە و ئەمەش بووە ڕەچشکێنی ئەو بوارە و تەمی ئەو ترسەی ڕەواندەوە کە دیجیتاڵ لە توانایدا هەیە وێنەی ڕوون و

جـوان بخـاتەڕوو، هەروەهـا دواتـر (سـتیڤن سـپیلبێرگ) و چەندین دەرهێنەری تر ڕوویان لە دیجیتاڵ کرد، بەشێکیان هەر بە تەواوی پشـتیان لە سیسـتمی تەقلیـدی کـردوە و باوەشیان بۆ ئەو سیستمە کردەوە.

لە فرنسا ئەو کـاتەی فرنسوا تروفو ئـارەزووی خۆی بۆ بەکارهێنانی سیستمی دیجیتاڵ ڕاگەیاند زۆر کەس بڕوایـان پێنەکرد، تروفوی شاعیری سینەمای فرنسی زۆر مەبەسـتی بوو ئەو سیستمە بەکاربهێنێ و سینەما لەژێر دەستی چەند کەسـێکی خـاوەن تەکنـیکەوە ببێـتە هـی هەمـووان و هەر کەسـێک بیەوێـت فـیلم دروسـت بکـات ئەو دەرفەتەی بـۆ فەراهەم بێـت، واتە بەرقەرارکردنـی دەوڵەتـی دیمـوکراتی سینەما لەجێی دیکتاتۆری و دەست بەسەرداگرتنی سینەما. ئەم لێکچوانـدنەی دەوڵەتـی دیکتـاتۆری و دیمـوکراتی بە سیسـتمی دیجیتـاڵ و کلاسیک تەواو لە جێـی خـۆی دایە، چـونکە سـینەمای کلاسـیک ٣٥ملـم، لە هەر وڵاتێکـدا هـی نوخبەیەک لە سینەماکارانە و هەر ئەوان دەتوانن کـار بەو سیستمە بکەن، هاتنەناوەوەی کەسـانی تـریش دەبێت هەر بە ڕەزامەنـدی ئەوان بێـت، بەڵام لەم سـەردەمەی بـازاڕی ئازاددا کە ئامێرەکان بە ئاسانی و بە زوویی بڵاودەبـنەوە، هەمـوو تاکێـک لە هەر کوێی دونیـا بێـت دەتـوانێ دەسـتی بەسیستمی دیجیتاڵ بگات.

**لەوڵاتی ئێرانیش کەهەر زوو باوەشیان بۆ هونەری سینەما کردەوە، لەو بوارەدا بوون بە خاوەن سەرمایەکی گەورە، دوای ئەوەی چەندین فیلمیان بە سیستمی کلاسیکی بەرهەمهێنا و لەچەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئامادەیی بەرچاویان هەبوو، ئەوانیش ڕێگەیان بۆ دیجیتاڵ خۆش کرد و چەند دەرهێنەرێک ئەو سیستمەیان تاقیکردەوە، لەوانە "عەباسی کیارۆستەمی" بەشێکی فیلمی تامی گێلاسی بەو سیستمە وێنەگرت، دواتر هەر ئەو فیلمە گەیشتە گەورە فێستیڤاڵی جیهانی (کان).**

**هەروەها دەربارەی ڕەوشی سینەما لە ئەفغانستان و کاریگەری دیجیتاڵ بەسەر ئەو جوڵانەوە سینەمایەی لەو وڵاتەدا هەیە، پرسیاریان لە (سەدیقی بەرمەک) دەرهێنەری فیلمی (ئوسامە) کرد، لەوەڵامدا گووتی: (ئەوەی کۆمەکی سینەمای ئەفغانستانی کرد شۆڕشی دیجیتاڵی بوو، چونکە دابینکردنی یەک کامێرای دیجیتاڵی و یەک کۆمپیوتەر یارمەتیدەرە بۆ هەر کەسێک بیەوێ فیلم دروست بکات، لە ساڵێکدا ٦٥ فیلمی درێژ لەئەفغانستان کە بەسیستمی دیجیتاڵی کار کرا بوو دروستکرا، ئەو ژمارەیەش لەڕووی چەندایەتیەوە ئێجگار باش بوو، بەڵام لەڕووی چۆنایەتیەوە گرفتی زۆرمان هەیە).**

**لەوڵاتێکی پڕ لەکێشمەکێشم و نائارامی وەک ئەفغانستان، کە هێشتا سینەما پایەیەکی بەهێزی نییە، کەچی سیستمی**

دیجیتاڵ وەک لە قسەکانی (بەرمەک)دا دەردەکەوێت ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هاتنەناوەوەی کامێرای دیجیتاڵدا بۆ وڵاتێک کە مێژوویەکی درێژی سینەمایی نییە چ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و چۆن کاریگەر دەبێت لەبەرەوپێشچونی سینەما، چونکە دیجیتاڵ شەپۆلێک و ڕووکارێکی جیهانگیری هەیە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا ڕۆژ بە ڕۆژ ئەویش باڵادەست دەبێت.

دیارترین جیاکاری لەنێوان سیستمی کلاسیک و سیستمی دیجیتاڵ بڕی تێچوونە، دەشێ بە جۆرێکی تر بڵێین دیارترین خاڵ کە سیستمی دیجیتاڵ ململانێی پێ دەکات بەرامبەر سیستمی تەقلیدی و تا ئێستاش لەو کێبڕکێیە سەرکەوتوو بووە، کەمی ئەو تێچوونەیەتی، لەو بارەشەوە "ریک مکالومی" وێنەگری سینەمایی دەڵێ: "خەرجی کارکردنمان لە فیلمی (جەنگی ئەستێران)دا تەنها (١٦) هەزار دۆلار بووە، بەڵام ئەگەر بە کامێرای کلاسیکی وێنەی بگیرابووایە تێچوونەکەی دەگەیشتە (٨٠٠) هەزار دۆلار". دیارە ئەم ڕێژەیە هەر بەراورد ناکرێت، ئەمەش فاکتەری بەهێزی دیجیتاڵە و پێشکەوتنیشی هەر بەوەوە بەندە، لەگەڵ ئەوەی دیجیتاڵ دونیایەکی فراوانە لە زانست و هەمووی پرۆگرام و مینیویە، ئەگەر یەک سێتینگ هەڵەی تێدا بکرێت ئەنجامی خراپی

لێدەکەوێتەوە، بەڵام کامێرای ٣٥ملـم تەکنیکـی مەنیـوێلە و لە ژێر دەستی بەکاربەرەکانیدایە.

بەبڕوای هەندێ فیلمسازی کورد، لەسـەرەتای سینەماوە هەتا ئەمڕۆ نێگاتیڤ تامی خۆی لەدەست نەداوە، مـحەمەد جـانۆی وێنەگر دەڵـێ: (سینەمای وڵاتـانی پێشکەوتوو بە ئاگـاییەکی زۆرەوە نزیکـی دیجیتـاڵ دەکەون، تائێسـتا دیجیتـاڵ گەیشـتۆتە ٪٧٠ی کـامێرای ٣٥ملـم، هەیە دەڵـێ ٪٩٠، لە ڕاسـتیدا دیجیتـاڵ خزمەتـی سـینەمای فەقیـر دەکات، چونکە لە وڵاتانی زەنگین هەر فـیلم بەکـاردەهێنن. ئەگەرچـی کۆمپانیاکـانی ٣٥ملـم و ٧٠ملـم ترسـیان لـێ نیشتووە، بەوەی لە چەنـد ساڵی داهـاتوودا ئەو سیستمە کاری پێ نەکرێت، بەڵام بەدیدی من تەمەنی فـیلم لەوانەیە تا پانزە ساڵی تریش بخایەنێت.

کارکردن بەو کامێرا دیجیتاڵیـانە لە (post-production) کـارێکی ئاسـا نیـیە. بەڵام ٣٥ملـم لە (postproduction) دادەنیشـی و ڕێـک دەکەوی لەسـەر (color correction) و کوالێتی فوله جێگەی گفتوگۆ نییە؟، دەپرسم ئایا تـامی ٣٥ ملم وەک تـامی دیجیتـاڵە؟ دەڵـێم نەخێر، چـونکە سینەما واتە فرێمـی گەورە، ئەو (contrast)ەی لە ٣٥ملمـدا هەیە نـاتوانین ئەو کۆنتراسـتە لە دیجیتـاڵ ببینـین. ئەگەرچـی دیجیتاڵ ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵدەدات نزیکـی ٣٥ملـم بێت، بەڵام تا ئێستا ٣٥ملم هەر مەلیکە و لەسەر عەرش ماوە).

کامێرای دیجیتاڵی پێشکەوتوو ئێستا (REDEPIC) و (arrialexa)یە و لەم دوایانەشدا کامێرای فۆتۆگرافی (CANON5D و ) خواستێکی زۆری لەسەر هاتەکایەوە، جگە لەوە بەردەوام لەبواری کامێردا داهێنان دەکرێت، ئێستا کە سەرقاڵی ئەم باسەم، باسی چەند کامێرایەکی نوێ بەناوی (BLACKMAJIC,EOSC100-EOSC500)هاتۆتە گۆڕێ، دڵنیام هەتا ئەم کتێبە چاپ و بڵاودەکرێتەوە کۆمپانیاکانی دیجیتاڵ کامێرای تازەتر دەخەنە بازاڕەوە، بۆیە بە دیدی من دونیای ئایندە دونیای دیجیتاڵە بە هەموو پێداویستیەکانی فیلمسازیەوە...!

**سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

- افلام السینما الرقمیة تبث عبر الفضاء نحو قاعات العالم، الشرق الاوسط.
- انقلاب سینمای دیجیتال.
- ئەو گفتوگۆیانەی لە گەڵ فیلمسازان سازمداوە.